

فەرهەنگی ناوی کوردی

(بەشی دووەم)

سیروان کاروانی

سوێد: ٢٠٠٠

سیروان کاروانی

فەرهەنگی ناوی کوردی

(بەشی دووەم)

سوێد: ٢٠٠٠

Ferhengî nawî kurdî (beşî duwem)
Kurdish name dictionary (second edition)
By: Sirwan Karvani
First published, Sweden 2000
ISBN 91-971618-2-9
Photo on cover 1: Kurdstan flag: By: Majid Ahmadi
Photo on cover 2: Shepherd in Kurdistan By: Hussein Barsingi
Photos inside: Taban & Sipan
Print: Kitab-i arzan
Helsingforsgatan 15
11478 Kista
Tel. 08.7527709
فەرهەنگی ناوی کوردی (بەشی دووەم)
کۆکەرەوە: سیروان کاروانی
چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠٠
وێنەی بەرگ، ڕوی پێشەوە: ئاڵای کوردستان. کێشانی: مەجید ئەحمەدی
تابلۆی بەرگ، ڕوی پشتەوە: دیمەنێکی کوردستان. کێشانی: حوسێن بەرزنجی
وێنەکانی ناوەوە: تابان و سیپان
• مافی لە چاپدانەوەی بە خاوەنییە تی

پێشەکی

هەڵبژاردنی ناوی کوردی بۆ منداڵان بەگشتی دیاردەیەکی تازەیە و زیاتر لەم پەنجا ساڵەی دواییدا بە فراوانی بڵاو بۆتەوە. ئەمەش دەکرێت وەک ئەنجامێکی گەشەکردنی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی دابندرێت، یان بەرهەمێکی دیکەی خۆناسین و، سەرەنجام خۆجیاکردنەوەی نەتەوەیی بێت لە عەرەب و نەتەوەکانی دی. ئەم دیاردەیە، لە باشووری کوردستاندا، هاوشانی پرۆسەی بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی بوو.

وەک دەزانین بە هۆی ئایینی ئیسلام و کولتووری عەرەبیی ئیسلامییەوە، بە هەزاران ناوی عەرەبی و وشەی عەرەبی لە زمانی کوردیدا دەرکەوتن، زۆربەشیان سروشتێکی پیرۆزی ئایینیان پێدرابوو. زۆربەی ئەم پەیڤانە، سااڵنێکە لە زمانی کوردیدا بەکار نایەن، بەاڵم گەلێکیان ئەمڕۆ، وەک بەشێك لە زمانی کوردی، بە تەواوی جێگای خۆیان گرتووە و، بە هۆیانەوە زمانی کوردی دەوڵەمەنتر و توانای دەربڕینی بەهێزتر بووە.

کاك سیروان کاروانی ماوەیەکی زۆرە خەریکی کۆکردنەوە و پشکنینی ناوی کوردییە. فەرهەنگی ناوی کوردی، بەشی دووەم، بەرهەمێکی دیکەی کاك سیروانە لەم بوارەدا.

ئەم کتێبە هەوڵدانێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوە و پێناساندنی ناوی کوردی. تایبەتمەندی و ڕەنگە گرنگترین لایەنی کتێبەکە ئەوە بێت کە نووسەر هەر بەوە نەوەستاوە پەیڤەکان- ناوەکان، لە شێوەی فەرهەنگێکی ئاساییدا ڕێزبەند بکات و ماناکانیان لێك بداتەوە، بەڵکە لەوەش زیاتر ویستوویەتی گەلێك لە وشەکان- ناوەکان وەك شتێکی زیندووی سەربەخۆ، کە مێژوو و جێگا و ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە پێشان بدات. بۆیە بەدوای مانا و ڕابردووی زۆر لەو وشانەدا چووە و، نموونەی سەبارەت بە چۆنیەتی کارهاتنیان لەناو ئەدەب و گۆرانی کوردیدا هێناوەتەوە. بەم کارەش، کە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری ویستووە، گەلێك لەم وشە- ناوانە، بە ئێمە ئاشناتر کراون.

ڕەفیق سابیر ئوپسالا ٩-١-٢٠٠٠

پێشەکی نووسەر

خوێنەری بەڕێز.. کاتێک بەشی یەکەمی ئەم پەرتوکی ناوانە «فەرهەنگی ناوی کوردی» لە بەشی یەکەمدا چاپ کرا، کۆمەڵێک ناوی شیرین و بەکەڵک و پڕمانای ترم لەلا کۆمەڵ بووبوو، بەڵام نەشیا هەر لەگەڵ بەرگی یەکەمدا ئەوانیش چاپ و بڵاوبکەمەوە، هۆیەکەشی نەبوونی ڕوونکردنەوەی پێویست بوو بۆ ناوەکان، چونکە لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەدا جگە لەو ناوە بیانییانەی کە لە ناو کۆمەڵگادا جێیان گرتووە بەدەگمەن وا ڕێک دەکەوێ ناوێک ببیسترێ کە مانایەکی تایبەتی خۆی نەبێ، شایانی باسە زۆر لە خەڵکانی بیانیش دەرکیان بەم ڕاستییە کردووە و ئاماژەیان بۆ کردووە، هەروەکوو نووسەری بەرزی ڕووسی (مینۆرسکی) کاتێک دێتە سەر خۆشەویستی و بەئەمەگی کورد بەرانبەر بە زێدەکەی دەنووسێ:

(زیندوویەتی بیری کوردەکان لە خۆشەویستیاندا بۆ سروشتی کوردستان دەرئەکەوێ، ئەم خاکە لە جوگرافیادا نیشتمانێکی سروشتییە، بەردێک نییە و دۆڵێک نییە، درەختی جیاجیا نییە کە ناوێکی نەبێ، ئیتر هەر ناوێک بێت، یان نەبەسترابێت بە ئەفسانەیەکەوە). لەبەرچاویشە کە ئەم خاسیەتە لە ئەڤینی خاک و نیشتمانەوە سەرچاوەی گرتووە و وەکو خۆی ماوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بۆ چەواشەکردنی هەموو داب و نەریتێکی کوردەواری لە لایەن نەیارانی گەلی کوردەوە زۆر لە (تایەفە، هۆز، تیرە و بنەماڵەی ناو کۆمەڵی کوردەواری) گۆڕانکاری بەسەر ناوەکانیاندا هاتووە یاخود لەناوچوونە، بۆ نموونە تا ئێستا چەندی لقی تیرەکانی کورد ڕوون نەکراوەتەوە.

(مەردۆخ) دەڵێ: (بەبڕوای من نزیکەی (٥٠٠) لق دەبن کە لە کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بڵاوبوونەتەوە، هەندێ لە مێژوونووسان بە

وتەی خۆیان کەم و زۆری تیرە و لقەکانی کۆمەڵی کوردیان زانیوە و نووسیویانە، بەڵام بە بڕوای من هێشتا کەم کەس بەتەواوی زانیویەتی هەروەکوو (مەسعودی) لە کتێبی (مروج الذهب) تەنها باسی چەند تیرەیەکی کوردی کردووە. (ئەسپتەخری) لە کتێبەکەی خۆیدا تەنیا (٣) تیرەی باس کردووە، وە لە کتێبەکەی تریدا ناوی (٣٣) تیرەی کورد و فارسی بردووە).

ئێستا پاش گەڕانێکی زۆر لە فەرهەنگ، ڕۆمان، چیرۆک، شیعر و زۆر لە گۆڤار و نووسراوە کوردییەکان، توانیم تا ئەو جێگایەی کرا وەسفی پێویست بۆ بەشەکەی تری ناوەکوردییەکان بدۆزمەوە، وا لێرەدا ئەمیش لە بەشی دووەمدا دەخەمە بەر دیدی ئێوەی بەڕێز بەو هیوایەی ئەم بەشەشیان سوودێك بەو دایك و باوکانەی بەدوای ناوی کوردیدا عەودالن بگەیەنێت.

سیروان کاروانی

سوێد، شاری ئۆرێبرو ٢٠٠٠/١/١

سەرنج: ناوی کچان بەجیا و ناوی کوڕان بەجیا بەپێی لیستی پێتی (ئەبجەدی) نووسراون کە ناوی کچان بەشی یەکەمی کتێبەکە دێت و ناوی کوڕان بەشی دووەم. لە پێش هەر بەشێکدا خشتەیەك بۆ سەرجەمی ناوەکان کراوە و پاشان مانای هەر ناوێك ڕوونکراوەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەکان هەندێ جار پەنا بۆ گۆرانی فۆلکلۆری و شیعری شاعیرانی کورد و شارەزایی و تێڕوانینی دۆست و برادەران سەبارەت بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان براوە.

پیتەکانی (ئەلف و بێ)ی کوردی

ناوی پیت	شێوەی لاتینی	ناوی پیت	شێوەی لاتینی
هەمزە	Aa	قاف	Qq
بێ	Ba	کاف	Kk
پێ	Pp	گاف	Gg
تێ	Tt	لام	Ll
جیم	Cc	(لام)ی گەورە	Ïï
چێ	Çç	میم	Mm
حێ	Hh	نون	Nn
خێ	Xx	واو	Ww
دال	Dd	(واو)ی بزر	Ōō
رێ	Rr	وو	Ûû
(رێ)ی گەورە	Řř	هێ	Hh
زێ	Zz	یێ	Yy
ژێ	Jj	(یا)ی بزر	Êê
سین	Ss	ئە	Ee
شین	Şş	بزر(?)	Ii
عین	،	ئی	Îî
غین	Xx	ئو	Uu
فێ	Ff		
ڤێ	Vv		



ئا

ئابات	ئاشێگە	ئاوەگرد	ئەڵمانە
ئابوتاب	ئافتا	ئاویارە	ئەلوسان
ئاتەشگا	ئافانە	ئاوێزان	ئەمبار
ئاجار	ئافیاری	ئاوێسەر	ئەمبێ
ئاجیل	ئافیتن	ئاهورانە	ئەمرولە
ئاخش	ئاقوت	ئایسان	ئەمەل
ئاخلێفە	ئالاداخ	ئایش	ئەمەگ
ئاخۆ	ئالتین	ئایشێ	ئەنارلو
ئاخێز	ئالوەتان	ئایندە	ئەنجۆر
ئاخیە	ئالیاوە	ئایۆ	ئەنجێنە
ئادار	ئالیاوێ	ئورزان	ئەنزەروت
ئادگار	ئالیسۆر	ئۆسا	ئەنگۆز
ئارابی	ئالیقە	ئۆلکە	ئەنوا
ئارپا	ئالیقە	ئەخماخان	ئەورین
ئارتۆس	ئالینک	ئەدیر	ئەوێستا
ئارناس	ئامالّ	ئەرجنە	ئیلان
ئارنێ	ئاموگان	ئەرچەک	ئێللی
ئارە	ئاموود	ئەستێر	ئیما
ئاریزانت	ئاوان	ئەستێن	ئیمان

ئارین	ئاوره	ئەسنجە	ئیندزی
ئاسکان	ئاوشان	ئەشکەنە	ئێنێ
ئاسێرە	ئاوەژێ	ئەشەدبۆ	
ئاشتێنی	ئاوەکەلە	ئەگور	

ب

بابکێ	بانیبی	بەدی	بەهاری
بابن	بانیژە	بەرات	بەهارێ
بابوتان	بانیشار	بەردەشان	بەهرک
باتسمێ	باوزی	بەردەکۆز	بەهی
باتمس	باویسێ	بەرسرین	بیترخی
باتوف	بایجی	بەرسۆلکە	بێتی
باخە	بزبێزێ	بەرفەشۆ	بیخری
باراو	بزگیلە	بەرکاو	بیدکان
بارژن	بسکۆلە	بەرکەل	بێدەڵان
بارندۆخ	بسکی	بەرکیشان	بیراو
بارونە	بشکۆش	بەڕەزا	بێراوا
باریکان	بمبسیک	بەستە	بێربێرۆک
بازبەند	بناویلی	بەشاوەند	بیرکی
باسان	بنکەفیک	بەلازیز	بیرمکە

باسکلاو	بنگرد	بەلافۆک	بێروخ
باشماخ	بنگۆزەڵە	بەلالیسک	بێریساو
باشوور	بنگوڵ	بەلەبزان	بێرێتە
باگەلێز	بنەفشۆک	بەلەشوانە	بێژان
بالان	بنیشو	بەلەکجارِ	بێژاوا
بالانپۆ	بوارە	بەلەگە	بێسان
بالنگ	بوبان	بەلهەس	بیگمی
بالنگو	بۆتی	بەندڵ	بێلون
بالو	بۆرێ	بەندێر	بیلیتە
بالیک	بوغاف	بەنگڵە	بیموشە
بالیلان	بولفەت	بەنەباوێ	بینگۆڵ
بانگاف	بۆین	بەولێ	بیوەکە
بانەمەڕ	بەختی	بەهارو	بییە

پ

پاتۆنیا	پایزی	پەرشە	پەنگاو
پارەزان	پایین	پەڕەنگ	پەنیرە
پاریس	پروشە	پەریز	پەیک
پافک	پریشک	پەشمینە	پەیمانە
پاکان	پنکاف	پەلک	پیرشکە

پانباو	پۆپە	پەڵۆشە	

ت

تاتی	تالاهو	تەخمین	تەنگژە
تار	تاڵیشار	تەرجان	تەوا
تارا	تامار	تەرخون	تەیمانە
تارپەر	تایفی	تەرگە	تەیەت
تارسە	تروکە	تەرگەوەڕ	تیرۆژ
تارمە	تکاو	تەڕلە	تیرەشان
تاشان	تلۆفە	تەرواڵ	تیرەگەشان
تافاو	تلیانە	تەروالّە	تیشک
تافتە	تلیشان	تەرەغە	تیشکە
تافە	توان	تەفی	تێشو
تافیتە	توتمان	تەلگە	تیشە
تاف	تۆربە	تەلوار	تیشەڵان
تافل	تۆشەبەرە	تەمباف	تیغەشان
تافەبەر	تولّخی	تەمتەمە	
تافهەیف	تویسی	تەناهی	
تالا	تەپونم	تەنایی	

ج

جانداران	جنسری	جەواهیر	

جریوە	جەبارە		

چ

چاڵدیز	چناو	چەرخێڵان	چیاسەوز
چاودار	چنگدارە	چەرماوەند	چیالیک
چاوناسک	چنگیان	چەلینگ	چیرۆک
چرۆسانە	چوان	چەمپاراو	چێشتان
چمیکان	چوبین	چەمە	
چنارنی	چەچان	چەنان	

ح

حەڵبێ	حەمایەڵ		

خ

خاسەڕەنگ	خمانە	خوژیلک	خەرمانە
خاڵخاڵان	خنخنە	خوشیان	خەلوەت
خانمان	خواشی	خۆشین	خەمزە
خانومان	خورخور	خویلین	خەملێو
خانەلی	خورخورە	خەتیبان	خەیلە
خربند	خۆرزان	خەرپاپ	خێرزۆک
خروتان	خۆرنەوەزان	خەرپان	خیلاپ
خرێنە	خوژە	خەردن	

د

دادا	دژنه	دۆستەک	دیبیژە
دارەبەن	دڵئاوێز	دۆڵان	دێران
دافان	دڵاسوودە	دۆڵاو	دێرێ
دالانک	دڵان	دومان	دێریک
دالیا	دڵاوا	دومانە	دێگوڵان
دالیان	دڵشاکەر	دوێلیا	دیلام
دانۆکە	دلفان	دەجلە	دیلان
دانیا	دلفال	دەراش	دیلبا
دراژە	دلفەکەر	دەراو	
درۆڵە	دورگە	دەشتەک	
دزڵی	دۆری	دەوژان	

ر

ڕابۆ	ڕاهن	ڕۆلگە	ڕەمیان
ڕابوون	ڕدمایات	ڕووبات	ڕەندی
ڕابێژ	ڕزدی	ڕووەک	ڕەوەن
ڕابین	ڕکاوە	ڕەبات	ڕێزە
ڕازدار	ڕوانگە	ڕەزفان	ڕێژەن
ڕازفان	ڕۆزگار	ڕەزلە	ڕێلی
ڕاندۆلا	ڕۆشکان	ڕەمان	

ڕانما	ڕۆفە	ڕەمانە	

ز

زارگەڵ	زنانە	زەرنەک	زەنگیسەر
زارۆ	زنە	زەرە	زێرنەکێو
زاری	زوورەفا	زەرەند	زیرە
زارێ	زووفا	زەرین	زیمکە
زریا	زەڕایەن	زەڵم	
زریشک	زەرباف	زەن	
زلزلە	زەردکە	زەنبوور	
زلکە	زەردەپەڕ	زەنقر	

ژ

ژاری	ژووان	ژیوەر	ژێهاتی
ژاژوفەر	ژیوار	ژیوەرۆ	

س

سارتان	سۆرە	سەدپەز	سیاچەمانە
سافیا	سۆرەگور	سەرچمک	سیامەرو
ساموگان	سۆرەوەرد	سەرچنار	سێتاف
سانا	سۆسەن	سەرچیت	سیتافک
سانی	سۆفیا	سەرخان	سێتەپان
سانیە	سۆڵتە	سەردۆس	سیتەک

ساورز	سولی	سەردەکان	سیچی
ساوە	سولیاوە	سەردینان	سیدە
سپەند	سومبول	سەرسیان	سیرت
ستان	سۆنێ	سەرقەڵا	سێرە
سرۆچک	سوورگوڵ	سەرگەت	سیرێژ
سریلاوا	سووردبان	سەفا	سێسنە
سکتان	سوونی	سەفی	سیسەن
سلسلە	سۆهانە	سەفیە	سیکەرۆ
سڵێ	سۆیبە	سەڵماس	سێڵۆە
سلێمانە	سویدی	سەلکە	سێلەکە
سمێنو	سوێرۆێ	سەمبە	سیمەن
سنارچە	سویرە	سەنجر	سینانا
سناوێ	سوێرە	سەندەلوس	سیوالان
سنجان	سویسنی	سەوزەپۆش	سیوکان
سنداوا	سویل	سەوزەزار	سیوەک
سندووری	سۆیلە	سەوزەڵە	
سودیس	سەبتی	سەوزەڵێ	
سورخاو	سەحەر	سەوزی	
سۆرگوڵ	سەحەری	سەیرا	

ش

شاتمان	شنگار	شەفگەش	شەهن
شاتوان	شنگین	شەقایق	شەهی
شاتەڕە	شنەبا	شەکرا	شیرنال
شادیانە	شنەشن	شەکرانێ	شیرولە
شادیک	شنین	شەکرۆک	شیرێژ
شارستێنە	شوارە	شەکێن	شیرینشۆک
شارسێنە	شۆخە	شەلال	شیفیێ
شارۆ	شۆخی	شەمام	شیلەخان
شارە	شۆرکێ	شەماموک	شێن
شازەمان	شۆرناخ	شەماموکە	شێنا
شاگوڵ	شوکێ	شەمامەر	شیناوە
شانەخسێ	شووشکان	شەمان	شیناوی
شاوانێ	شەبەک	شەمانی	شینکە
شاوەڵە	شەتاو	شەمدان	شینیە
شرام	شەتری	شەنگ	شیواسان
شرناو	شەخەڵە	شەنگۆڵ	شیوکێ
شرێ	شەدادان	شەنگەبێری	شیوە
شریمک	شەدەڵان	شانگەدار	شیوەڕەز
شندۆخا	شەدەڵە	شەواو	شیوەشان

شنروێ شنگ	شەرگە شەرۆیت	شەوەر	شیوەکەڵ

ع

عەمرۆکە	عەناب		

ف

فاتاوە فاویە	فرەهی فولویا	فەتکان فهرین	

ف

فانا فرگولی فژاو فەبرک	فەرفە فەرێژ فەرینە فەزکین	فەژەن فەژین فەژینک فەور	فین فێنی

ق

قاجر قاراوا قارنجە قازان قاینجە قرالی قربیجە	قزلجە قزلەر قزلیار قشلاخ قشلان قلرخ قلیجە	قوتکە قوتۆڵ قورچیا قۆرغان قورف قۆرەتو قوشلان	قووخەڵ قەدەمخێر قەسلان قەڵاتان قەمتەرێ قەویلە قەیتول

قڕگە	قۆپچان	قۆشمە	قەیفە
قڕناقە	قوپکە	قولپەژێر	
قزلان	قۆپەن	قۆمژان	

ک

کاخلی	کۆزینە	کەتێ	کەمبەرە
کاران	کۆسال	کەجان	کەنجارە
کارچین	کۆسان	کەحاتە	کەندالا
کارە	کۆفەند	کەشکان	کەنین
کارێج	کۆلار	کەشینە	کەنێو
کاریلۆف	کولمە	کەلار	کەوزینال
کارین	کۆلۆنجە	کەلکان	کەوسەر
کاشان	کولەخانە	کەلکیت	کەوشان
کاناو	کولەک	کەلوش	کەوێ
کانێشکان	کولیایی	کەلوێ	کەویە
کرکال	کولێنان	کەلەک	کیچیان
کنێر	کۆمتان	کەلەکان	کیسقە
کۆتان	کوێرەنگ	کەلەوێ	کێشتان
کۆچان	کەبان	کەما	کینوال
کورتی	کەپکان	کەمازەنگ	کێوات
کۆزێ	کەتو	کەمبەر	

گ

گاتوان	گۆلباخ	گەرسافا	گەلیاوا
گارەفا	گوڵپەڕ	گەرگەر	گەمالان
گارایا	گوڵجارڕ	گەرمتان	گەمەکا
گاڵ	گوڵچیت	گەرمکان	گەوریٚ
گاڵە	گوڵخاس	گەرۆتە	گەونیٚ
گالیٚ	گوڵخانە	گەرور	گەوەر
گرتک	گوڵدەرە	گەرویٚ	گێچینە
گرداوا	گوڵڕوو	گەزوەشان	گێزە
گرێژە	گوڵزار	گەزەڵێن	گێلاخە
گفاندە	گوڵشێنی	گەش	گێلدەرە
گلارە	گوڵناز	گەشە	گێلگێلە
گلوەران	گوڵەخانە	گەلابات	
گڵەجان	گوڵەزەردە	گەڵاڵ	
گلیار	گوڵەنار	گەڵاڵی	
گڵێنان	گومرۆ	گەلنازکیٚ	
گواران	گومەت	گەڵنێر	
گوباز	گۆمەزەل	گەڵواز	
گۆبچە	گۆمەلارە	گەڵوازە	

گۆزینه	گوێزیله	گەلوس	
گۆفدەرە	گویلیکا	گەڵوەزە	
گولازەر	گەڕافی	گەلی	
گولاسۆر	گەردانە	گەڵی	

ل

لاتان	لە	لەرێ	لیراب
لاپاڵ	لاولان	لەنجاوە	لێرەوار
لارلار	لۆتەر	لەوەندە	لێری
لارەسا	لوڕ	لەیلانۆک	لیزۆکە
لارێ	لۆرە	لەیلانی	لێشاو
لازیا	لولو	لەیلانێ	لیلان
لازیان	لومانا	لەیلوپەڕ	لیلە
لاژە	لووشە	لەیلێ	لینافا
لاسک	لەبار	لهێب	لینسان
لاسکێ	لەردێ	لهێفی	لیوژی
لالەیی	لەرە	لیتان	

م

ماتابان	محەکە	مەرینا	مهێدی میابان
ماتاوان	مرێ	مەزرە	میان
مارت	مژدینان	مەزرێ	میراوا

مارینه	مژێ	مەگری	میراولی
مازگێرت	مسکێ	مەل	میراوەر
مازەڵە	مشتاخان	مەڵاتیا	مێرخوزار
مازێ	ملیەزە	مەلختە	مێرگۆڵە
مازیێ	منینێ	مەلکەری	مێرگەپان
ماسو	مۆبرە	مەلکەزان	مێرگەلان
ماشگە	موتکا	مەلۆک	مێرگێ
ماقۆر	موتلجە	مەلەک	میرنکە
مالوان	موتورفە	مەلوەک	میروکی
مالومە	مۆتە	مەلیلژە	مێرەوان
ماڵەنیا	مورستان	مەمانی	مێریفان
مامزاوا	مۆرمان	مەمۆڵان	مێژوەرد
مامیسا	موکردان	مەمیاوا	میشیاو
مانگیلە	مومان	مەندم	مێفان
ماوانە	مەراڵ	مەندێ	میلان
ماونان	مەران	مەنزەر	میلەکە
مایلە	مەڕان	مەنگەنە	مێمان
مایندۆڵ	مەرداس	مەنم	مێولانە
مایەوا	مەرزینگ	مەهروفان	مێونێ
متورفە	مەرە	مەهێدان	مێوەکە

ن

ناتالیا	ناهی	نوهال	نێرس
نادوێ	نایاب	نەخچەوان	نێروە
نادە	نایژە	نەرتلێ	نێرەگین
نارنجەڵە	نزارە	نەرزەنێ	نیسانۆک
ناروجە	نزارێ	نەرمە	نیسیێ
نارەڵی	نزاف	نەری	نیشا
ناریێ	نزاو	نەزاکەت	نیگڵی
نازار	نزدوریێ	نەسرەت	نێڵان
نازک	نسریێ	نەشە	نێوژێ
نازڵی	نسێ	نەفەل	نێوە
نازمیا	نشایش	نەڵۆس	
نازیک	نما	نەلیوان	
ناسرە	نمە	نەوتێ	
ناسویر	نوا	نەورانە	
ناعنە	نواوە	نەورەس	
نافدارا	نواوێ	نەوژ	
نافشکی	نۆدێ	نەوشە	
نافگە	نۆڕەباب	نەونەمام	

نالین	نۆڕێ	نەوەر	
نالێن	نوسرەت	نەوهاڵ	
ناوتاف	نۆکەند	نەهال	
ناودارۆک	نۆلچە	نەهاوەند	
ناوزەنگ	نۆلکێ	نەهرین	

و

واری	ولیان	وەکازە	وێڵنگە
ورمزیار	ولیاوا	وەڵاتە	وێڵەدەر
ورمێ	ولیری	وەلزی	وێڵەکە
وریاوا	وەراسن	وەندەرێنە	وێنە
وریسکە	وەردێنە	وەنۆڵە	وێوڵ
وڕیلە	وەرەخەل	وەیگدی	
ولکە	وەشەن	وەینێ	

ها

هاجرە	هەرمک	هەلدەرە	هەوشین
هاربر	هەرمن	هەلزن	هەوشینان
هارسم	هەرموڵە	هەلوان	هەولۆ
هارونە	هەرنێ	هەلۆنە	هەونو
هانە	هەروتە	هەلوێ	هەوەتو
هانەژاڵ	هەروتیان	هەلەبجە	هەویا

هاوله	هەرێز	هەڵەتان	هەوێرکان
هاونیاز	هەرێنە	هەڵەدن	هەوێز
هرۆر	هەزارە	هەلەز	هەیان
هڕەمەیان	هەزبێ	هەلیلان	هەیبە
هورمیت	هەزبیە	هەلیلە	هەیبەت
هۆری	هەزۆ	هەمرۆڵە	هەیفی
هۆسا	هەزۆر	هەمزیکێ	هەیفێ
هۆسێ	هەزەخ	هەنا	هەیوان
هۆڵە	هەسکێ	هەناران	هێرتا
هەجان	هەشارە	هەنجیرە	هیسێ
هەدا	هەشین	هەنگەوێ	هیلال
هاڕاڵەبوم	هەفتسار	هەنگین	هیلاو
هەرتەل	هەفێدان	هەوا	هێمی
هەردن	هەفێرکان	هەوارە	هێمێ
هەردونە	هەفین	هەواوان	هێوان
هەرزاڵە	هەلال	هەوجودە	هێورین
هەرشەم	هەلامە	هەوران	
هەرکەو	هەلاو	هەوری	
هەرگینە	هەلاوێر	هەورێن	
هەرمان	هەلاوێژە	هەوشان	

یا

یادانه	یاران	یشته	
یارامه	یاساک	یومری	



ئابات: پاشگرێکە هەر بە مانای ئاوەدانکردنەوە دێت، وەکوو گوندی (حەسەن ئابات).

ئابوتاب: جوان و ڕێکوپێك: (دەڵێن قسان زۆر بە **ئابوتاب** دەکا. نەقڵەکەی بە **ئابوتاب** گێڕایەوە) (هەژار).

ئاتەشگا: ناوی کێوێکە لە کوردستان. (هەژار)

ئاجار: پنجار، ڕەگ و بنی گیا.

ئاجیل: چەرەن، بادام و نۆك و تۆم و توکەلوکەی شەوچەرە.

ئاخش: ئۆخەی، مایەی خۆشی چێشتن لە کارێك دا.

ئاخێڤە: بە سەرەتای بەهار دەوترێ کە شینکە بە ئاستەم سەری دەرهێناوە.

ئاخۆ: تۆ بێژی، تۆ بڵێی، ئایا:

سەری هەردو کوڵی **ئاخۆ**، گوڵی نەوبەهارە یاخۆ

طرفی نەهارە زولفی، زلف من اللیالی (نالی)

ئاخێز: ناوی جۆرێکە لە گوڵ؛ جموجۆڵ.

ئاخیە: گوڵێخ؛ سنگی ئاسنی ئاڵقەدار یا سنگی ئەستووری دارین.

ئادار: ناوی مانگێکە (مانگی ڕۆمی) بیست ڕۆژ لە خاکەلێوە و دە ڕۆژ لە ڕەشەمە: ((٢١ی **ئادار**، سەری دار و بنی دار، تیرخواردنی بزن و کار)) پەندێکی کوردییە واتە: بەهارە و ماڵات تێر گیا دەخوا.

ئادگار: وێنە.

ئارابی: (لوتکەی یەل) ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی هەکاری کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٦٢ مەتر دەبێت.

ئارپا: ناوی چۆمێکە لە کوردستان.

ئارتۆس: (چادیر) ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی بدلیس کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٥٣٧ مەتر دەبێت.

ئارناس: (قەپچە) ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی بدلیس کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٥٣٧ مەتر دەبێت.

ئارنێ: ناوی دێیەکە لە ناوچەی سندووس لای قەلاتان، حەلب، کۆیکان و خنخنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئارە: ناوی دێیەکە لای چارغ و دەرەمیانە لە خواروویی کوردستان.

ئاریزانت: تیرەیەک بوونە لە حەوت تیرەکەی (ماد) کە ئەمانەن: (پارتاسنی، بوز، ئیستروشات، بودی، ماژ، دیلام و ئاریزانت) کە لە لای ئازەربایجان و ڕووباری (ئاراس)ەوە دانیشتوون.

ئارین: ناوی زەریاچەیەکە لە ناوچەی بدلیس بەرزییەکەی لەڕووی زەریاوە ١٦٥٨ مەتر دەبێ؛ ئاڵاندن، دەئاڵاندن، لێئاڵاندن:

کراو بەدرێ جەباری شەدەی تێ دە**ئارینی**

بای لە شابکان دەدا لە خەزیمەی ئارینی

شەمار دەستم دامێنت گژنیژەی نەوەرێنی (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی دەشتی هەولێرە).

ئاسکان: ناوی دێیەکە، کانییەکە بەناوی (کانی ئاسکان) لای پێشێن و چناڕە لە دامێنی چیای سووڕێن؛ ئاسك.

ئاسێرە: ئەستێرە، ستێر، هەسارە.

ئاشتێنی: ئاشتی، نێوانخۆشی، هێمنایەتی، پێکەوەژیان بە برایەتی.

ئاشێگە: زەوی سەخت و ڕەقەن.

ئافتا: هاوتا، ئامتا، هامتا، هەمبەر:

ئەگەر چاوی خۆم بەیایە زینێ هەڵدێنایە

وەهام دەدی **ئافتای** ککەمەمێ جوانە (بەیتی مەم و زین)

ئاڤانە: ناوی بیرەنەوتێکە لای (باوەگوڕگوڕ) و (داودگورگە)ی سەربە شاری کەرکوك لە خواروویی کوردستان کە گرنگترین سەرچاوەی دەرامەتی هەموو خەڵکی عیراقە. لە هەشتاکان کاتی شەڕی عیراق و ئێران هەموو ڕۆژێ زیاتر لە ١ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ٢٢٢ لەو بیرانە هەڵدەهێنجرا و بەناو لولەدا ڕەوانەی تورکیا دەکرا هەموو مایەکەی ڕژێمی عێراق سوودی لێ وەردەگرت.

ئاڤیاری: بەیارمەتی، بەکۆمەکی؛ لە سایەی.

ئاڤێتن: هاوێشتن، هاوێشتن.

ئاقوت: یاقوت، بەردێکی بەنرخە و غاڵبەی بە ڕەنگی سووری گەشە.

ئاڵاداخ: زۆزانێکە لە سەرووی کوردستان؛ ئاڵاداغ (سەری موراد) چیایەکە لە ناوچەی وان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٥١٠ مەتر دەبێت.

ئاڵتین: ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی هەکاری کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣٣٥٨ مەتر دەدات.

ئاڵوەتان: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئاڵیاوە: ناوی دێیەکە لە کوردستان.

ئالیاوێ: دێیەکە لای حەسەن نووران و نەلیوان لە ناوچەی شنۆ لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئالیسۆر: هەرمێ لاسوورە، سێوە لاسوورە.

ئالیقە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ئالینك: ناوی گیایەکە بە داراندا هەڵدەگەڕێ.

ئامالّ: نزیك بە، لەیەکچوو.

ئاموگان: تیرەیەکن لە هەشت تیرەکەی (سنجاو) کە هەموویان یەزیدین.

ئاموود: لانە، هێلانە.

ئاوان: ئاوا، ئاوەدان، دژی چۆڵ.

ئاورە: ئاری.

ئاوشان: هاوشان، هەمبەر، لە یەك پلە دا.

ئاوەژێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ئاوەکەڵە: ناوی دێیەکە لای دێی (فەقیرە) لە ناوچەی قەرەداغ لە خواروویی کوردستان.

ئاوەگرد: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ئاویارە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروویی کوردستان.

ئاوێزان: دالەقاو، هەڵواسراو، داهێڵدراو، شۆڕەوەبوو؛ خۆ پێوە هەڵواسین: (وەرگەڕێ **ئاوێزانت** بم):

لەم پاییزە شەوەدا
گەڵای زەردی دارەختەکان،
وەك هەنگاوەکانی ئێستام،
وەکوو ڕۆژەکانی ئێستام،
کز و لاواز
بێدەنگ، بێ هەست،
ئاویزانی زەوی دەبن... (نەجیبە ئەحمەد)

ئاوێسەر: ناوی هاوینەهەوارێکە (سەیرانگا) لە لای تەوێلە لە خواروووی کوردستان.

ئاهورانە: ناوی چیایەکە لە خواروووی شاری (کرماشان)ەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە (زهولانە) ناسراوە. (محەمەد سەعید مەجیدی- فرهنگ نامهای کردی)

ئایسان: پێبوونی ئاگر، هەڵبوونی چرا، گرگرتن.

ئایش: ئاخ: (**ئایش** ئەم هەواڵە چی بوو!)؛ سوکەڵە ناوی ئایشە: (**ئایش** پەچە دەماڵێ).

ئایشێ: کورتکراوەی ناوی ئایشە.

ئایندە: ڕۆژانی داهاتوو، لەمەبەدوا.

ئایۆ: دێت، پەیدادەبێ:

کە شەو گیرۆم خەیاڵی تە بە ئاغوش

سەهەر ئەز بوستەرم بۆیی گوڵ **ئایۆ** (بابە تایەر)

ئورزان: هەڵپەڕکێ، هەڵپەڕین.

ئۆسا: هۆسا، وا.

ئۆلکە: مەڵبەند، مەیدان: (لە **ئۆلکەی** جوانی یا گەر لافی شاهی لێ بدەی، لێت دێت). (بێکەس)

ئەخماخان: ناوی جۆرە گوڵێکە:

ئامۆزا چاوەکانت تیشکو ئاگرن

لە سەرچاوەکانی ئەخماخان ئەچن

ئەڵێی ئاسکیت

لە نێوان گوڵەکانی **ئەخماخاندا**

تۆ ئەو گوڵە شاخاویە جوانەیت کە خاوەنی گوڵاوی بێ پایانی

لەژێر تیشکی قژە ئاڵتوونیەکەتدا خۆت شاردۆتەوە.

پەلکەکانی قژت ئەچێت بەم لاولادا
هەروەکو شنە فێنکەکەی ئەخماخان. (فۆلکلۆری کوردی)

ئەدیر: (ئەدیر) و (ڕادنو) لە سەردەمی وڵاتی (لولو)ەکاندا بوونە لە سەدەی نۆهەمی قەمەری کە دوایە بوونەتە بەشێك لە دەوڵەتی (ماد).

ئەرجنە: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٨٩ مەتر دەبێت.

ئەرچەك: ناوی زەریاچەیەکە لە ناوچەی وان بەرزییەکەی لەڕووی زەریاوە ١٨٠٣ مەتر دەبێت.

ئەستێر: ئەستێڵ، گۆڵ، ئەستێڵك، هەسێل.

ئەستێن: پاشگری کرگارییە: (سەدبری باج **ئەستێنی** ماچان بام لەسەر ڕێ خێڵاتی)؛ وەرگر، ستێن، تۆڵەئەستێن:

شێعرەکانم پارانەوەی (کوڵێل)ێکن لای خودادا
شمشێری تۆڵە**ئەستێن** لە دیوانی عەدڵ و دادا (مەلاعومەری سالحی ساحێب)

ئەسنجە: ناوی چیایەکە (لوتکەکەی کەشیش)ە کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٥٤٩ مەتر دەبێت.

ئەشکەنە: ناوی دێیەکە نزیك دێی پازان و سەرشێو شاخاوی و سەختە.

ئەشەدبۆ: ناوی گیایەکی بۆنخۆشە.

ئەگور: ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئەلیگودەرز کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٥٩٦ مەتر دەبێت.

ئەڵانە: ناوی دێیەکە لە مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەلوسان: ناوی دێیەکە کەوتۆتە نێوان سەروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

ئەمبار: ناوی چۆمێکە؛ دێیەکە لە کوردستان.

ئەمبێ: ناوی دێیەکی جوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمرولە: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای کرماشان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ۳۲۰۳ مەتر دەبێت.

ئەمەل: ئومێد، ئاوات، هیوا؛ ناوی دێیەکە لای دۆڵەرزن، سەبەتلو و بنەخوێ لە ناوچەی (بانە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمەگ: وەفا، ئەمەک.

ئەنارلو: باخی هەنار، هەنارستان (هەژار).

ئەنجۆر: کاڵەگی کاڵ، عەنجور، بریتییە لە کاڵەگ (گندۆرە) ساوای پێنەگەیشتوو، قەرەخرچە (هەژار).

ئەنجێنە: ناوی دێیەکە لای بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەنجینە.

ئەنزەروت: شیلەی دارێکە بۆ دەرمان بەکاری دەهێنن:

پشتی ڕیشو شانی زامدارو جدەوبو ناعیلاج

چەند قرۆشێکم هەبو، بۆمدا بە نەوتو **ئەنزەروت** (شێخ ڕەزا)

ئەنگۆز: ناوی دێیەکە لە دۆڵی بالیسان لە خواروی کوردستان.

ئەنوا: نوا، جێی حەسانەوە، پەناو پەسیو، شوێنی باران نەگر.

ئەورین: ناوی دوو چیایە (ئەورینی مەزن و ئەورینی بچووک) لە ناوچەی قەزای خۆی. ئەورینی مەزن بەرزاییەکەی نزیکەی ۳٦۵۰ مەتر دەبێت. ئەورینی بچووک بەرزاییەکەی ۳٤۱۷ مەتر دەبێت.

ئەوێستا: ئاوێستا، ناوی کتێبە پیرۆزەکەی (زەردەشت)ە؛ نهۆ، نووکە:

هەتا تۆم ئاشنا بوی ئاشنا بون

ئەوێستا موو بە موو ئەغیارە بێ تۆ (نالی)

ئیلان: هێلانە؛ پاشگری گچکەیی: (بابیلان).

ئێلی: ناوی دێیەکە لە سەرووی کوردستان.

ئیما: هێما:

بە **ئیمای** دیدەیی مەعشوقە عاشق کێو لەبن دێنێ

له لای (سالم) کەنندەی بێستون موژگانی شیرین بو (سالم)

ئیمان: بڕوا، باوەڕی.

ئیندزی: ناوی دێیەکە لای جادەی خانەقا نزیك دێی لیوژی، سڵێ و بۆلی که شاخاوی و سەختن کەوتوونەتە خواروووی کوردستان.

ئێنێ: ناوی دێیەکە له خواروووی کوردستان.

• • •



بابکی: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شێروان لە مەڵبەندی بادینانی خواروی کوردستان.

بابن: گوڵەبەیبونە، بەیبون.

بابوتان: جۆرە یارییەکی منداڵانەیە.

باتسمێ: ناوی جەژنێکی گەورەی (یەزیدیان)ە.

باتمس: ناوی زەریاچەیەکە لە سەرووی کوردستان.

باتوڤ: ناوی جۆرە گیایەکە کە گوڵی سوور دەردەکا.

باخە: بریتییە لە کۆمەڵێك گیا یاخود دەغڵی پێکەوە بەستراو، باقە.

باراو: ناوی دێیەکە لای سەرۆچك لە خواروی کوردستان، مێژوونووسی کورد مامۆستا (علاءالدین سجادی) لە ساڵی ۱۹۱۵ لەم دێیەدا هاتۆتە دونیاوە.

بارژن: بارشت، بارین:

بەتەنها لەسەر خوێندنی عاشقانە سەریانبڕین
ئەو مامزانەی بەتەنها لەبەر **بارژنی** دڵخوازانە ..سەریانبڕین

(شێرکۆ بێکەس)

بارندۆخ: بەباران، بارین: (هەورێکی **بارندۆخ** بوو)، بەبارشت.
بارونە: ناوی گیایەکی بۆنخۆشە لەگەڵ پەنیر دەخورێ، بادرەنگ.
باریکان: لوتکەکێو، لە بنارەوە بەرەو دەشت؛ ریسی زۆر باریك و ناسك، لای باریکایی.
بازبەند: بازوبەند، خشڵی قۆڵ، حەمایەڵی بە متومورەوە کە لە سەرووی ئانیشکەوە دەبەستێ.
باسان: ناوی دێیەکە لە سەرووی کوردستان؛ باس، لێدوان.
باسکلاو: بەگەڵای ڕێواس دەگوترێ. (هەژار)
باشماخ: ناوی دێیەکە لای سەردۆش و خانمەشێخان و مرانە و کارێزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
باشوور: نێوان خۆرهەڵات و ڕۆژئاوا و بەرانبەر بە باکوور.
باگەلێز: کڕێوە.
بالان: ناوی دێیەکە لای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
بالانێو: ناوی دۆڵێکە لای سەراو و چڕۆسانە لە ناوچەی سەید سادق لە خواروویی کوردستان.
بالنگ: بارونە، ناوی گیایەکی بۆنخۆشە، بادرەنگ؛ جۆرێکە لە تیرەی نارنجان.
بالنگو: بارونە.
بالو: ناوچەیەکە لە سەرووی کوردستان، شێخ سەعیدی ڕابەری شۆڕشی سالی ١٩٢٥ی کوردان لە سالی ١٨٦٥دا لەو ناوچەیە هاتۆتە دونیاوە.
بالیك: ناوی زەریاچەیەکە لە ناوچەی ئاگریی سەرووی کوردستان بەرزییەکەی لەڕووی زەریاوە ٢٢٥٠ مەتر دەبێت.
بالیلان: ناوی دێیەکە لای ڕازان، سەرشێو، قندول، چەکوان و دەوژان کە شاخاوی و سارد و سەختە.

بانگاڤ: بریتییە لە نێوان ڕۆژاوا و خەوتنان.
بانەمەڕ: هاوینەهەوار؛ دووەمین مانگی ساڵ، مەهێ گوڵان.
بانیبی: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
بانیژە: بریتییە لە هەموو سەربانێکی نەوی و بچکۆلە؛ بریتییە لەو جێگەیەی گەنمی باراشی لێ ڕۆدەکەن و لەوێوە دەڕژێتە گەرو بۆ بەرداش.
بانیشار: ناوی دێیەکە لە داوێنی چیای سوورێن.
باوزی: ناوی دێ و ناوچەیەکە نزیک دێی سەرشیو، پازان، ئەشکەنە، قندول و چەکوان لە خواروویی کوردستان.
باویسێ: دەشتێکی فراوان و بەرینە و ڕووباری (هەواسان) کە لە ناوچەی زەهاو و سەرقەڵا و جێگیرانەوە دێ، بەو دەشتاییەدا بەرەو ناوچەی مەیدان و هۆرێن و شێخانی خواروویی کوردستان تێدەپەڕێ. لە لای دێی باقووبەرە و مەرکەزی مەیدان تێکەڵی ئاوی سیروان دەبێت، ناوچەیەکی بەپیت و بەرهەمداری هەمەجۆرە.
بایجی: ناوی ناوچەیەکە سەر بە شاری کەرکوک لە خواروویی کوردستان.
بزبێزی: ناوی گیایەکە گوڵی سپی دەردەکا.
بزگیلە: ناوی گیایەکی باڵابەرزە گوڵی ئامانڵ سوورە بەرەکەشی وەک گێلاس وایە و ئامانڵ سوورە.
بسکۆڵە: ناوی گیایەکە لە ئەگریجە دەچێ؛ بسک، بسکی قوت و کورت.
بسکی: لقێکن لە تیرەی (میللی) کە ٤٤ تیرەیە و لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمانجق لە سەرووی کوردستان دەژین.
بشکۆش: خونچە، بێچووەگوڵی نەپشکوتوو.
بمبسیك: ناوی گیایەکی کوێستانییە.
بناویلی: ناوی دێیەکە لە بناری چیای (ئاسۆس) لە خواروویی کوردستان.
بنکەڤیك: گوڵە نەورۆزە.

بنگرد: ناوی دێیەکە لای دێی کۆرەکانی، هەنجیرە، خۆشاو و بیموشە لە خواروویی کوردستان.

بنگۆزەلّە: ناوی گیایەکی کۆێستانییە. (هەژار)

بنگولّ: جۆرێکە لە گیا.

بنەفشۆك: ناوی جۆرە گوڵێکە کە بە ڕەنگ و تەرح لە گوڵە وەنەوشە دەچێت.

بنیشو: ناوی دێیەکە لە نێوان (شێروان، لێری) لە ناوچەی شێروانی خواروویی کوردستان.

بوارە: دەرفەت، فرسەت، ماوە.

بوبان: ناوی دێیەکە لە کوردستان. (هەژار)؛ ببونایە.

بۆتی: وتەیەکە بە خەڵکی وڵاتی بۆتان دەگوترێ، بۆتانی؛ بۆ تۆی: (هەر ناوی بهێنی **بۆتی** دێنم). (مەم و زین)

بۆڕێ: ناوی کۆێستانێکە لە خواروویی کوردستان.

بوغاف: ناوی گیایەکی جوانە بە قەدی شاخەوە دەڕوێ.

بولفەت: ناوی چیایەکە لە زنجیرەچیای هۆمل و زەردکە لە خواروویی کوردستان.

بۆین: ناوی دێیەکە لە جێگایەکی سەخت لە نێوان گریانە و ڕێشاو لە ناوچەی هاوار لە خواروویی کوردستان.

بەختی: بەختیان، بۆتان، تیرەیەکی کوردن لە چوار تیرەکەی (سەندی، محەمەدی ڕاسنی، دەنکین، بەختی) و بە شوێنەکانیان ئەڵێن (زوزان) ئەم تیرەیە نزیکەی ۳۰۰۰ هەزار ماڵ بوونە و ۱۰۰۰ ماڵیان لە موسڵ و ۵۰۰ ماڵێکیشیان لە ئاکرێ دانیشتوونە، ئەوانی تریشیان لە ناو تیرەکانی تری کوردەواریدا بڵاوبوونە. بڕوانە مێژووی کورد و کوردستان (مەردۆخ).

بەدی: بە گومان و مەزەننە: (بە خەیاڵ شوێنێکم **بەدی** کردووە)؛ دیتن،

دین: (لە دووەوە **بەدیم** کردی)؛ بەرێ، ئارێ، ئەدی: (نەچووی؟ **بەدی** چووم)؛ بەد، تۆخراپی؛ بۆچوون:

یادی یاران و وڵاتم پۆژ و شەو
لێی حەرام کردووم قەرار و خواردن و خەو
خەمرەوێنێك لێرە من ناکەم **بەدی**
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی (هێمن)

بەرات: جەژنی خۆشی و هاتنی شتێکی بایەخدار، پرسق و پۆزی بەشکردن، جەژنی پۆژی بەشکردنێ:

نیوەی مانگی شاباتێ شەوی جێژنی **بەراتێ**
لە خودای دەکەم تەڵەبێ بەشکو چاوجوانم داتێ (فۆلکلۆر)
چ **بەراتی** حوسنە یارەب بنیشانی پادشاهی
بطەرەف دو طوررە طوغراوە بە ماوەری رەشاندن (مەلای جەزیری)

؛ مزی وەرزی پەنجەر؛ جیرەی هەمیشەیی؛ حەواڵەی پووڵی؛ خەڵاتنامەی گەورە گەوران:

ئەم شەو شەوی **بەراتە** شەوی خۆش و قەڵاتە
وا منادّان دەگەڕێن دەس بە دەرگاوە دەنێن (فۆلکلۆر)

بەردەشان: ناوی دێیەکە نزیك دێی بیموشە، خۆشاو، بنگرد، هەنجیرە و سیوکان لە خارووی کوردستان کە مەرکەزی عەشیرەتی (شیلانە) بووە، (عەلی بەردەشانی) کە یەکێکە لە بەیتبێژە بەناوبانگەکانی کورد خەڵکی ئەم دێیە بووە. حاجی قادری کۆیی لە باسی شاعیرەکانی کوردستاندا بەم جۆرە ستایشی کردووە:

دوو عەلین* وەکو حەسسان
حەریر و **بەردەشانە** مەسکەنیان

* لە دوو عەلی، مەبەستی (عەلی حەریری) و (عەلی بەردەشانی)یە. لە

حەسسان مەبەستی (حسان کوڕی ثابت)ە. حەسسان شاعیرێکی عەرەبی گەورەی سەردەمی جاهیلی بووە، دوای ئیسلام بە ستایشی پێغەمبەر ((د.خ)) ناوی دەرکردووە. ژمارەیەکی زۆر (بەیت، چیرۆک، گۆرانی و قسەی نەستەق) بەسەر زمانی خەڵکەوەیە دەدرێتە پاڵی کە هەمووی نیشانەی بلیمەتی ئەون کەچی سەرگروشتەی ژیانی خۆی پووچ نییە و، بابەتەکانی کەمێکی نەبێ کە لەم ساڵانەی دواییدا تۆمارکراون ئەوانی تری نەنووسراونەتەوە، بەڵام بەوەدا کە یەکێ لە بەیتەکانی بۆ پاشای بابان وتووە، دیارە هاوچەرخی ئەو بووە.

بەردەکۆز: ناوی دێیەکە لە خواروو کوردستان نزیک دێی سەرسیان، مەمەنداوا، دیبیژە، قەرەتەپە، سیناجیان و سیوکان دانیشتوانەکەی لە تیرەی (ترکە ڕەشە)ن کە تیرەیەکی بچووکە.

بەرسرین: ناوی دێیەکە لە خواروو کوردستان.

بەرسۆلکە: ناوی جۆرە خارچک یان کارگێکە لە ناو گژوگیای وردە هەڵێتۆقێ، بۆ برژاندن و کوڵان و سوورکردنەوە زۆر خۆش و بەتامە، پڕۆتینی گۆشتی تێدایە.

بەرفەشۆ: بریتییە لە بارینی بەفر و باران پێکەوە، شڵێوە.

بەرکاو: بریتییە لە بناری شاخ، داوێنی شاخ.

بەرکەل: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتیی خواروو کوردستان.

بەرکیشان: دێیەکە نزیک دێی دەوژان، چەکوان، باڵیلان و قندول لە خواروو کوردستان کە زۆر شاخاوی و سەختن.

بەڕەزا: جۆرێک گیای کوێستانییە بۆ دەرمان بەکاری دەهێنن.

بەستە: سەربەند، گۆرانی سوکەڵە و بن بزێوکە (**بەستە**یەکمان بۆ بڵێ)؛ بەهرە، فایدە: (چیی تێدا **بەستە** نیە)؛ چەند شتێکی لەیەک بەستراو، دەسک، چەپک، باغە: (**بەستە** چایی، **بەستە** سیغار، **بەستە**یەکم کەلوپەلی منداڵان بۆ

ناردی)؛ سەر بە: (فلانەکەس **بەستەی** ئاغایە)؛ بەسە بۆ تۆ: (**بەستە** ئیتر بەشی تۆ تەواو)؛ پەیوەند، پێوەند: (ئەم کارە **بەستە** بە تۆیە)؛ سەربەند، گۆرانیسوکەڵە و بن بزێوکە:

ئەوانەی **بەستە**یان شێعری نەمامە

هەمووی هەر شین و هاواری زەمانە (شەریف)

بەشاوەند: پاشڵ بۆ شیعر، قافیە.

بەلازیز: بلازیز، گەزیزە، ناوی گوڵێکی جوانە لە سەرە بەهاراندا و لە شوێنی بەرز دەڕوێت، وەکوو ئاسمان شینە و پنجە و چەند گوڵ دەردەکا.

ئیلاهی نێرگزامەی مەست و نازک

ژ دەستی خواروبەد خواهان بپارێز

کوڵ تێت ئەو قەبای ئاسمانی

لەتیفا شەنگ و نازک وەک **بەلازیز** (مەلای جەزیری)

بەلاقۆک: نووسراو بۆ بڵاوکردنەوە، پەخشە.

بەلالیسک: ناوی گوڵێکی کوێستانییە.

بەلەبزان: ناوی دێیەکە سەر بە شارۆچکەی نەوسوود و پاوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری هەڵەبجەی خواروی کردستانەوە شەش کاتژمێر دەبێت بە پیادە.

بەلەشوانە: ناوی گیایەکی کوێستانییە.

بەلەکجار: دێیەکە لە خوار دێی (تەکێی قەرەداغ)وە، بە شانی لای دەربەندیخاندا، یەکێکە لەو دێیانەی ناوچەی قەرەداغ و نزیک هاوینەهەواری داری زەرد و قۆپی قەرەداغە لە خواروی کوردستان.

بەلەگە: ناوی دوو دێیە لە ناوچەی داودەی خواروی کوردستان (بەلەگەی خواروو و بەلەگەی ژوورووی).

بەلهەس: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای پاوە کە بەرزاییەکەی نزیکەی

٣١٦٠ مەتر دەبێت.

بەندڵ: بەندی دڵ، بریتییە لە خۆشەویست و ئازیز و لەبەردڵان.

بەندێر: ئاڵا، عالا، بەیداخ. (هەژار)

بەنگڵە: بەنگڵەژیلە، ناوی گیایەکە لە مێرگان دەڕوێ.

بەنەباوێ: ناوی شاخێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی لەگەڵ شاخەکانی شیشار، ماکۆك، هەورێ، پیرمام و سەفین لە خواروی کوردستان کە دێهاتەکانی ئەو ناوچەیەیان بە بنارەوەیە.

بەوڵێ: ناوی دێیەکە سەر بە ناوچەی (چەوار)ی سەر بە پارێزگای ئیلام، بەپێی هەندێك سەرچاوە شاعیری کۆنی کورد (شاکە) زۆرتر لەدوو سەدە لەمەوبەر (١١٧٠ - ١١٠٥) لەو دێیە لەدایك بووە.

بەهارو: بەهارە، گەنمەبەهارە: (وەك ئاردی **بەهارو** وایە هەموو شتی لێ دروست دەبێ).

بەهاری: هەموو شتێك کە سەر بە بەهار بێ.

بەهارێ: لە بەهارێ، لە کژێ بەهاردا، بۆ ڕابووردوو ئایندە: (**بەهارێ** چووم، **بەهارێ** دەچم).

بەهرك: دەریاچە، گۆل. (هەژار)

بەهی: ناوی تیرەیەکە لە ٢٨ تیرەکەی تیرەی (لوڕ).

بیترخی: ناوی دێیەکە لە بناری چیای (ساسۆس) لە خواروی کوردستان کە زۆر شاخاوی و سەختە.

بێتی: عەشیرەتێکن لە سەرووی کوردستان دەژین.

بیخری: ناوی دێیەکە نزیك دێیەکانی ویسی، بیانە، دولەگۆم، بیترخی، سەرتەنگ، نیزۆکی، خانەلی و کانیهەنجیر کە کەوتوونەتە بناری چیای (ئاسۆس) لە خواروی کوردستان.

بیدکان: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی

نزیکەی ٣١٣٨ مەتر دەبێت.

بێدەڵان: ناوی دێیەکە لە پشت قەڵادزێ لە خواروی کوردستان.

بیراو: ناوی دێیەکە لە ناوچەکانی سەرسنووری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئاوی بیر.

بێراوا: دێیەکە لە دۆڵی بالیسان لە خواروی کوردستان.

بێربێروک: گوڵەئەستێرە.

بیرکی: ناوی دێیەکە لای دێی عازەبان، سیدارە و ئەحمەدبڕنە لە خواروی کوردستان.

بیرمکە: ناوی شاخێکە لە کوردستان.

بێروخ: ناوی ناوچەیەکە لە کوردستان.

بێرێتە: بیلیتە، بێلون، بریتییە لە جۆرێ سەمای بەکۆمەڵ؛ ناوی یەکێک لە داوەتی کوردانە.

بێریساو: ناوی دێیەکە لە ناوچەی بادینان لە خوروی کوردستان.

بێژان: ناوی گیایەکە لە کوێستانانا دەڕوێ نیومەتر بەرزدەبێتەوە، گوڵێکی کاڵی مەیلە و سپی دەردەکا، گەڵاکەی وەکوو شویت وایە بۆنێکی خۆشی تایبەتیی هەیە، هەنگ حەز لە بۆنەکەیشی و لە گوڵەکەیشی دەکات بۆ مژینی شیلەکەی، دیارە کە هەنگوین بەشێکی لە بێژان تیایە:

(تاڵوەتاڵە) و (خۆشە) لەگەڵ (ترشۆکە)

ئەنواعی گوڵاڵەسوورە لەگەڵ (پیفۆکە)

(کنگر) و (توێسوو) (توێسی یهئکەرانە)

(بێژان) و گوڵەبەڕۆنە و هەڵاڵە هەنگانە (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

بێژاوا: بێژاوە، ناوی دێیەکە لە ناوچەی سەید سادق لە خواروی کوردستان.

بێسان: بێستان، جێگای بەرهەمهێنانی کاڵەگ و شووتی و شتی تر.

بیگمی: ناوی دێیەکە لای دێیەکانی بیوەکە، شارستین، مەلاسەفی و دولەبی کە هەموویان دەکەونە بەری (مەرگە) لە خواروی کوردستان و تا ڕادەیەک شاخاوی و سەختن.

بێلون: جۆرە هەڵپەڕکێیەکی تایبەتیی قوتابیان بووە لە کۆندا، (بیلیتە)شی پێ دەڵێن.

بیلیتە: بێلون، بێرێتە.

بیموشە: ناوی دێیەکە لای دێی بنگرد، بەردەشان و سیوکان لە خواروی کوردستان.

بینگۆڵ: شارێکە؛ ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی بینگۆڵ کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١١١ مەتر دەبێت دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای چیای سیپان کە ئەویش ٤٠٥٨ مەتر دەبێت لە باشووری ڕۆژهەڵاتییەوە.

بیوەکە: ناوی کوێستانێکە؛ دێیەکە لای دێی مەلاسەفی، سۆفیان، بیگمی و شارستێن لە بەری (مەرگە)ی خواروی کوردستان.

بییە: ناوی زنجیرەیەک چیایە لە خواروی کوردستان.

• • •



پاتۆنیا: ناوی جۆرە گوڵێکی جوان و بۆنخۆشە، لە کەژ و کێوەکانی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئێستا مانّی کراوە لە زۆربەی ماڵەکاندا هەیە و باخچەکانیان ڕەنگین دەکا و دەیڕازێنێتەوە:

تیتریك و دەرمانە سپی کاردوو گەزنە
(سملّ) و (گەرچەك) و هەڵاڵە پیرێژنە
(بەلەك) و (موسەك) و (**پاتۆنیا**)
(جەژنۆکە) و (نانەکەوە) و (ڕەشەگیا) (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

پارەزان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی پێنجوێن لە خواروی کوردستان.

پاریس: بێستان.

پاڤك: کیفۆك، ناوی جۆرە گیایەکە بنەکەی دەبرژێنن یان دەیکوڵێنن و دەیخۆن.

پاکان: بێگەرد، ساف؛ پاك، پاکە، خاوێن، نەزیف:

بە ئاونگێ بشوا ڕوخساری پاکی
لە **پاکان** ون نەبێ دیداری پاکی (هێمن)

پانتاو: پاناو، گۆڕایی سەرچیا؛ دەشتی پان و ڕاست و بێ زۆرگ.
پایزی: ناوی جۆرە هەنجیرێکە؛ چاندنی پایزە.
پایین: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
پروشە: پڕوشە، بارانی نەرم و لەسەرخۆ؛ دەنکەدەنکە بەفربارین: (بەفر **پروشە** دەکات).
پریشک: پریشکی ئاو (پشکی ئاو).
پنکاف: گوڵاو، ئاوی گوڵ.
پۆپە: لوتکە، هەرە بڵندایی.
پەڕشە: جۆرێ گیایەکی خۆماڵیکراوە لە ڕەسەنی گەنم و جۆ و دانەوێڵەیە، بەڵام ئەم گیایە لە بەهارا جووتیارەکان ئەیچێنن جیاوازی لەگەڵ گەنمدا ئەوەیە کە (پەڕشە) دەنکەکانی دوودووی تیایە و پاڵەوپاڵ ئەدەن بەیەکەوە، گوڵەکانی لە گوڵی گەنم ئەستوورترە و بە مانگێ دوای گەنم پێ ئەگا لە دوای درەو و گێرەکردن ئەبێ وەک چەڵتووک (کڕە) بکرێ پاش کڕەکردن ئەکرێتەوە بە دەستاڕ. سێ جۆری ڵێ دەرئەچێ واتە: (بن بێژەنگە) و (سەرکۆزەر)ە و (چواردانە). بن بێژەنگەکەی ئەکەن بە شۆربا و بە ئاوی فڕووجەوە ئەخورێ پێی دەڵێن (پیرخەنیلە) واتە پیر ئەهێنێتە خەنین و پێکەنین ئەوەندە بەتام و خۆشە، چوار دانەکەی تێکەڵ بە لەتکەنۆک ئەکرێ و لەگەڵ گۆشت ئەکرێ بە قبووڵی لە کۆندا خۆراکی پیاوەگەورەکان بووە بۆ داوەت. پەڕشە هێزی ژیانەوەی لە گەنم بەهێزتر و تامی خۆش و شیرینترە، هەموو کاتێ مرۆڤ ئەتوانێ بە سێ قاتی برنج لەو پەڕشە بخوات، لە شێوەدا وەک ساوەر وایە بەڵام ساوەر نییە.
پەڕەنگ: لەرزانەی گوارە؛ پۆل، سکڵ.
پەریز: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٢٠ مەتر دەبێت.

پەشمینە: پارچەیەکی زۆر جوانە لە خوری دروست دەکرێ.
پەلك: زولف، کەزی؛ گەلا؛ لکەدار؛ پیلوی چاو.
پەلۆشە: ناوی جۆرە گیایەکە.
پەنگاو: ئەو ئاوەیە لە ئەنجامی بەستدا پەنگەز دەخواتەوە.
پەنیرە: جۆرێکە لە گیا؛ پەنیرۆك.
پەیك: وەلامبەر، نامەبەر؛ ئەستێرەی گەڕۆك و نەچەق.
پەیمانە: پێوانە.
پیرشکە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارەزوور لە خواروی کوردستان.

• • •



تاتی: شێوەزمانێکی کوردی بووە لە کۆن دا؛ بۆ پێگرتنی ساوا دەوترێ: (**تاتی** بەخێر هاتی).

تار: جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایە؛ تاریك؛ تاڵ؛ ڕاهێڵی تەون؛ تاڵەموو؛ هەڵوەدا و دوورکەوتە؛ کەللەی دەفە؛ ڕەنگی بێ برقە و مات؛ دوو ڕۆژی کۆتایی زستان و سێ ڕۆژی سەرەتای بەهار.

تارا: ڕۆیشت بەبێ گەڕانەوە: (کۆترەکەمان **تارا**)؛ دیواخ، پارچەیەکی ئاوریشمینی ئاودامانی جوانە ئەدرێ بەسەر بووکا لە کاتی گواستنەوەیدا بۆ ماڵی زاوا، (سەرپۆشی سووری بووك):

نە شیرەکەی حاجی وسوە لە خوێنی گەورە و چووکان

لە کوشتارکا بریقەی بێ وەك **تارای** سووری بووکان (شێخ محەمەد بالەك)

تارپەر: (**تارپەر** و سورکێو و چەمپاراو) سێ شاخن دەکەونە ناوچەی بەرزنجە لە خواروویی کوردستان.

تارسە: تاسە، ئارەزوو، موشتاقی.

تارمە: بریتییە لە هەیوانی سەردانەپۆشراو.

تاشان: تەمێ، جزیا.
تافاو: بریتییە لە ئاوی بەهێز و زۆر تیژ و بەخوڕ.
تافتە: بریتییە لە جۆرێك تەنراوی ئاوریشم؛ قاڵ کراو؛ پۆن داخ.
تافە: گوڕە و هاژەی ئاو و بای بەهێز؛ هەڵدێر، تافگە.
تافیتە: هەڵدێر، تافگە.
تاڤ: تیشکی خۆر و مانگ؛ تاو، بریتییە لە ڕێژنەبارانی تووند: (**تاڤی** باران- تاوی باران).
تاڤل: زۆرزوو هەرلەجێ، زووبەزوو؛ سانا، ڕەحەت.
تاڤەبەر: بریتییە لەو قوڵکەبەردەی کە بارانی تیا کۆدەبێتەوە.
تاڤەیڤ: تیشکی مانگ، مانگەشەو.
تاڵا: ناوی شاخێکە لە سەرووی کوردستان.
تالاهو: ناوی ڕووبارێکە کە لە زاگرۆس سەرچاوە دەگرێ.
تاڵیشار: ناوی گیایەکی (کەژی)یە گەڵای سەوزە و لاسکی مەیلە و سپییە بۆ زۆر دەرمان بەکاردەهێنرێ.
تامار: تەم: (**تامارا** خەوێ سەرچاڤێ م داهات).
تایفی: تایەفی، جۆرێکە لە ترێ.
تروکە: بەئاستەم ڕووناکی چرا و ئاگر: (بەحاڵ **تروکەی** دەهات)؛ چاولێکنانێك.
تکاو: چەکاو، تنۆکەی داڕژاو؛ زنە، شوێنێ کە ئاوی کەمی لێ دەرچێ.
تلۆڤە: شتی بەسەریەکدا هەڵچنراو. بەسەریەکداکراو وەکوو: (تلۆڤە بەفر، تلۆڤە بەرد و ئەستێرە و ..):

بینیت تەمی ڕەش،
دەوری **تلوڤە** ئەستێرەی بەردا،
بەجێیان بێڵە..

مەوەستە، تا سەر دووپگەی گەڕۆکی
هەورە بروسکە..
تا چاو برێکات، باخاتی عەشقە.. (محەمەد حەمە باقی)

تلیانە: بریتییە لەو سەبەتەیەی کە میوەی پێ دەچنن، تریان، قەرتاڵە.

تلیشان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان.

توان: دێیەکە لای شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

توتمان: ناوی دێیەکە لای تازەدێ لە ناوچەی شارەزووری خواروی کوردستان.

تۆربە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی قەرەداغ لە خواروی کوردستان کە دانیشتوانەکەی مامەڕەزاییں؛ ناوی دێیەکە لە بناری چیای کۆسرەت.

تۆشەبەرە: تێشوبەرە، تۆشەی لە توربێن دا، بژێوی سەفەر لە توربێن دا؛ نانبەری جووتیار بۆ دەشت؛ توربێنی تۆشەڕاگوێزان:

لە ژێر ئاسمانی کاروانکوژە دا
هەنگاوی بەپەلەم زۆر ناوە
لە بەرکی **تۆشەبەرەم** دا،
تۆشەعیشوەی نازی تۆی تیایە
لەم ڕێگادوورە،
بستۆکەیەک لام نەداوە. (سیروان کاروانی)

تولّخی: ناوی جۆرە ترێیەکە.

تویّسی: جۆرێکە لە گیا ڕەنگێکی شینی هەیە و لە ناوەڕاستیا کوروکێك دەرئەکا نزیکەی مەترێك لە زەوی بەرز ئەبێتەوە، بە دەوریا گەڵای دڕکاوی هەیە بەناسکی بە چەقۆ ئەیبڕن و پاکی ئەکەن و ئەیخۆن تامێکی مەیلە و شیرینی هەیە و خۆشە، وا باوە ئەگەر لەناو گەڵاو ڕەگی تویّسی خشت بقرتێنی و بیقڵاشیتەوە و دەنکێك ناوکە شووتیی تێ بخەی تیایدا ئەڕووێت

و شووتی زۆر گەورە ئەگرێت بەبێ ئاو چونکە تویسی خۆی لە جێگای دێم و بێ ئاوا ئەڕوێ هەمیشە گەش و جوانیشە ئەڵێی لە ئاوایە، دەڵێن بنکی تویسی بۆ زۆر جۆری نەخۆشی باشە.

تەپونم: بریتییە لە باران و مژ پێکەوە.

تەخمین: بەراورد، لێکدانەوە.

تەرجان: ناوی دێیەکە لای خەزنە لە ناوچەی شەمامک لە خواروی کوردستان بەزۆری پێکەوەیان ناو دەبەن (خەزنە و تەرجان)؛ ناوی عەنباراوێکە لە ئەرزنجان ڕووبەرەکەی ٨،٩ کچگ دەبێت.

تەرخون: جۆرێك گیای خۆمالێکراوە لە باخچە و کێڵگە و دێبەری ماڵەکاندا هەیە، سوودی زۆر بە مرۆڤ دەبەخشێت چونکە یاریدەی خۆراك هەرسکردن ئەدات، بۆنی هەناسە خۆش ئەکات، زیپکەی دەم و دیان چاك ئەکات، بۆ نەخۆشی شەکر باشە و هەروەها ژەهری ناو خواردن ئەکوژێ.

تەرگە: چارەکەی کۆڵ، کۆڵوانە:

شیققەی فەلەکول ئەتلەس و ئەستونەیی زەررین
بێ بیکە بەتارای سەرو **تەرگەی** خەزووڵا (نالی)

تەرگەوەڕ: ناوی مەڵبەندێکە لە کوردستان. (هەژار)

تەڕلە: ناوی گیایەکی دەشتییە و ئەخورێت.

تەروانّ: هەرزانّ، پێرك، سەکۆی لەدار لە ڕەشمانّ دا.

تەروانّە: تەروانّ.

تەرەغە: ناوی شاخێکی بەرزە لە ناوچەی موکوریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (هەژار)

تەقی: پێکەوە، بەیەکەوە، وێکڕا، لەگەڵ یەکتری.

تەلگە: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣٠٥٠ مەتر دەدات.

تەلوار: هەرزاڵ، پێرگ.
تەمباڤ: نەغمەی ژێر زەوی؛ چاڵی بەردین لەناو شاخ و چیادا؛ گێژاو.
تەمتەمە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان.
تەناهی: خۆشی و ئارامی؛ ئاسوودەیی.
تەنایی: تەناهی، تەنیایی.
تەنگژە: ناوی دێیەکە لە کوردستان؛ گەڵی تەنک، دۆڵی تەنک، شیوی تەنگەبەر؛ تەنگانە.
تەوا: هومێد، ئارەزوو، تەما.
تەیمانە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروی کوردستان.
تەیەت: ناوی چەمێکە لەسەر سنووری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دێی بێتووشەوە یەگجار دوور نییە.
تیرۆژ: تیشکی ڕۆژ، تیشکی خۆر:

ئایا **تیرۆژ** ڕادەچەنێ،
کاتی هەوا شەرگەی ڕووبار،
لە باوەشیا پێ دەکەنێ؟ (کەمال میراودەلی)

تیرەشان: بریتییە لە شانەی هەنگوین.
تیرەگەشان: بریتییە لە مەڵەی کێو.
تیشك: تیشکە، تیشکی خۆر، ڕووناکی خۆر، تیرێژ، تیرۆژ؛ بریقەدانەوە؛ کوڵکە و موی درێژ؛ تیسك.
تیشکە: تیشك، ڕووناکی خۆر، تیرێژ، تیرۆژ؛ بریقەدانەوە؛ کوڵکە و موی درێژ؛ تیسك.
تێشو: تۆشە، ئەو خواردنەی کاروانچی لە تۆشەبەرەکەیدا هەڵدەگرێ، بڕێوی سەفەر:

تێشووم ئەندێشە و بیرمە

بۆ نەمانی زنجیرمە (شەونم بەرزنجی)

تیشە: بریتییە لە رەگی تازەڕواوی دەغڵ؛ تۆشە؛ بەردی بڵندی ڕاست و لوس و هەڵچوو لە چیادا: (تیشەشاخ، تیشەبەرد).

تیشەڵان: بەردەڵانی سەخت.

تیغەشان: بریتییە لە لاشانی چیا، تیغە؛ مەڵەی کێو.

• • •



جانداران: ناوی مەڵبەندێك و دێیەكە لە نزیك شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان.

جریوە: تروكەتروكی ئەستێران؛ خوێندنی باڵندە، سەدای باڵندە (چوێلەكان):

ئەی چۆلەكە پاساری
تەیرێكی چەن نازداری
لە گوێسوانە و حەوشە و بان
بە **جریوە جریوێكی** جوان
لە خەو هەڵمان دەستێنی
بەجوانی دەماندوێنی (فۆلكلۆر)

جنسری: ناوی جۆرێكە لە گوڵ بەهێشو، سپی بۆنخۆشە. (هەژار)

جۆمەرەس: ناوی ئاوێكی سازگارە لە بناری چیای سوورێن بە دیوی خواروی كوردستان:

بۆ پچڕانی کەلەپچەی
بابەگورگور، داری بەڕوو، نەریتی کۆن
چاوگەی ئاوی **جۆمەرەسی**
ئەم خەباتەی دەیان ساڵەی کوردایەتی
لیخن ئەکات. (بژار)

جەبارە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروویی کوردستان.

جەواهێر: جەواهێرات، بەردی بەنرخ.

• • •



چالّدیز: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣١٤١ مەتر دەدات.

چاودار: جۆرە گیایەکی سەوزە، گوڵێکی زەرد دەرئەکا و زۆر جار سپیشی تێکەڵ ئەبێ، پەنگێکی جوانی هەیە؛ هەرشتێك کە چاو یاخود لەشێوەی چاوی پێوەبێ، شتی پووچ و بەرچاو.

چاوناسك: ناوی چیایەکە لە خواروی کوردستان کە بەشێکە لە زنجیرەچیای هۆمل، زەردکە و بولفەت.

چرۆسانە: ناوی دێیەکە لای سەراو و دۆڵی باڵانیۆ لە ناوچەی سەید سادق لە خواروی کوردستان.

چمیکان: ناوی تیرەیەکە لە (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) و لە سەروی کوردستان لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمانجق دەژین.

چنارنی: ناوی دێیەکە لای دێی کانیتو، ئاوەژی، هەوارەبەرزە، خورخورە، یاخیان و گۆمەزەل کە هەموویان لە بەری (مەرگە)ن لە خواروی کوردستان

شاڵی (چنارنی و کانی تو) بۆ تەنکی و سفتی و جوانی بەناوبانگە.

چناو: شتی چەندراو، شتی تەنراو؛ لەدارەوەکراو؛ سەریەکنراو:

بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای،
بەدەستی با بەگوڵ **چناوی**، لێوە دێ
بۆنی سەرسەکۆی بە گاگڵی،
بە ئاو پژاوی، لێوە دێ (سواری ئیلخانی زادە)

چنگدارە: ناوی دێیەکە و لە دۆڵێکدایە لە ناوچەی بەرزنجەی خواروی کوردستان، ناوچەیەکی شاخاوییە، ئەو کەسەی یەکەمجار بناغەی خانووی تێدا لێداوە کابرایەکی ئازا و بەچنگ بووە چونکە زۆر بە زەحمەت خانووی لێ دروست کراوە، لەگەڵ وتەی ڕۆژانە بووەتە چنارە و ئێستا چنارەی پێ دەڵێن.

چنگیان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

چوان: تیرەیەکن لە (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) و لە سەرووی کوردستان لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمانجق دەژین.

چوبین: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٣٣١ مەتر دەبێت.

چەچان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی داودە لە خواروی کوردستان کە (ئاوایی چەچان)ی پێ دەڵێن.

چەرخێلان: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای سنە کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٣٣٠ مەتر دەبێت.

چەرماوەند: ناوی زنجیرەیەک چیایە لە کوردستان.

چەلینگ: ناوی گیایەکی بەپنجی جوانە، گوڵبەند.

چەمپاراو: ناوی شاخێکە لە سرۆچک لە خواروی کوردستان.

چەمە: سەرچاوە، کانی؛ چاوە، یەکژوور؛ کەمەی دەف و بێژنگ؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە دەنگی هونەرمەند ئەردەلان:

چەمە چەمە چەمە پێم بڵێ بۆ مەیلت کەمە
وەرە با ئاشتبینەوە بەسیە ئەم دەرد و خەمە

چەنان: ناوی گەڕەکێکە لە شاری کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شامورادی موشتاق کە شاعیرێکی کورد بووە و ناوبانگی بە (شامی) دەرکردووە خەڵکی ئەو گەڕەکەیە.

چیاسەوز: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

چیالیك: ناوی گیایەکە گەڵایەکی سەوزی گەڵامێوی هەیە لاسکەکەی مەیلە و سپییە لە دەشت و دەرا و لە بەر و دێبەریشا هەیە لە شێوەی تووڕەسوورەی زەوی تامی ترشە و شیرینە دەنکی لە دەنکی شاتوو گەورەترە لەسەر شێوەی دەنکەخورمایەکی بچووك، وەکوو دەرمان بۆ زۆر جۆرە نەخۆشی بەکاری دەهێنن یەك لەوانە نەخۆشی شەکر، ئیشتیها زیاد دەکات و یارمەتی مێشك و بینایی چاو ئەدات، چالاکی لەش زیاد ئەکات هەروەها بە بەردەوامی خواردنی دژایەتی لەگەڵ نەخۆشی ژێرپەنجە ئەکات.

چیرۆك: داستان، ئەفسانە.

چێشتان: چێشتا، کێشتان، ناوەڕاستی بەیانی و نیمەڕۆ.

• • •



حەلّبێ: ناوی دێیەکە لە پۆژهەلّاتی کوردستان.

حەمایەلّ: حەمایل، (حەمایەلّکردن)) واتە (کردنە ملی حەمایەلّ)و شیر و شتی تر پاست و چەپ):

هەردو دەستێن خو **حەمایل** شەقەکێ

مە ژ بو یارێ دخوّستن چەپ و پاست (مەلای جەزیری)

• • •

خ

خاسەپەنگ: چاکرەنگ، جوانرەنگ؛ ناوی جۆرێکە لە گیا بەزۆری لە کەژ و کێو و جێگا سارد و کوێستانەکاندا هەیە نزیکەی مەترێ لە زەوی بەرز ئەبێتەوە، گوڵ و گەڵای سوور و مەیلە و قاوەییە، لە دێهاتەکاندا شارەزایان ئەیهێننەوە و ئەیکوتن و تێکەڵ بە هەر پەنگێکی ئەکەن ئەو پەنگە جێگیر ئەکات و ناچێتەوە، بۆیە پێی ئەڵێن (خاسەپەنگ) بە زۆری ڕێسراوەکانی قاڵی، بەڕە و شتی تری پێ پەنگ ئەکەن.

خاڵخاڵان: ناوی شاخێکە لە خواروی کوردستان.

خانمان: کۆی خانم، وشەی ڕێز بۆ ژن.

خانومان: نەشمیلانە، شۆخوشەنگ، جوان، دڵگیر، بە ئافرەتی لەبار و ڕێکوپێك ئەوترێ: (ئەو کچە زۆر **خانومانە**):

خانومان و خانومان وەی لێ نازی **خانومان** (سەربەندی گۆرانیەکی کوردییە بە دەنگی هونەرمەند مەزهەری خالقی)

خانەلی: ناوی دێیەکە لای دێی (کانی هەنجیر، نیزۆکی، سەرچیا، سەرتەنگ

و دولەگۆم) کە هەموویان دەکەونە بناری چیای (ئاسۆس)ەوە لە خواروی کوردستان.

خربند: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

خروتان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

خرێنە: ناوی دۆڵێکە لە خواروی کوردستان.

خمانە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

خنخنە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی سندووس لای (دەربەند، ئارنێ و قەڵاتان) لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

خواشی: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

خورخور: بریتییە لە دەنگی ئاوی زۆر و بەتەوژم؛ ناوچەیەکە لە سەرووی کوردستان؛ دێیەکە لە دەم زێ لە ناوچەی هەولێری خواروی کوردستان.

خورخورە: ناوی دێیەک و ناوچەیەکە لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

خۆرزان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

خۆرنەوەزان: ناوی (گەلی)یەکە و دەربەندێکی بچکۆلەی سەختە کە دەکەوێتە دامێنی چیای (سورێن)ەوە. ئەم گەلییە لە زستاناندا تا پادەیەک بێ هەتاو دەبێت و زۆر سارد دەبێت، لە هاوینانیشدا گەرمە و پەشەبای زۆرە.

خوژە: ناوی گیایەی کوێستانییە لە هەندێ ناوچە (دۆخەوا)یشی پێ دەڵێن لە بەهاران خەڵکی ناوچە کوێستانییەکان ئەیهێنن و ورد ئەیجنن و ئەیکەنە (دۆخەوا). ئەم گیایە بە شێوەی گەڵا وەکوو شەنگ لە زەوی دێتە دەرەوە لاسکی نییە گەڵایەکی سەوز و درێژی هەیە وشکی ئەکەنەوە بۆ زستان بۆ ناو چێشتی شلە تام و بۆنی خۆش ئەکا، بنکەکەی ئەکرێ بە سرێش.

خوژیلك: ناوی گیایەکی کوێستانییە لاسکی مەیلە و سپییە گەڵاکانی بە چواردەوری لاسکەکەیا دەردێ، گەڵاخشت و قەوێلکەیە کە بیقرتێنی شیرێکی لێ دەردەچێ سپییە بیکەیتە ناو شیر ئەبێ بە (دەڵەمە) بیدە لە جێگای بیرۆ

چاکی ئەکات:

(قارچك) و (پیچك) و (سووره بنه)

دایکه بیخۆ کۆڵی منه

(کاشمه) و (ڕێواس) و (کڵاوبنه)

(سۆلان) و (**خوژیلك**) و (کەلوه جنه) (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

خوشیان: بریتییه له ڕاکشانی ئەستێره.

خۆشین: خۆشی.

خویلین: (خویلین و مەملەحه) ناوی دوو دێنه له ناوچەی زەنگەنه له خواروی کوردستان.

خەتیبان: ناوی دێیەکه له خواروی کوردستان.

خەڕپاپ: ناوی دێیەکه له ناوچەی خانێ له داوێنی چیای قەندیل.

خەڕپان: ناوی ئاواییەکه له ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

خەردن: ناوی دێیەکه له خواروی کوردستان.

خەرمانه: تەمومژێ که له بەرچاو بووبێته کەمەی دەوری مانگ:

قەسەم بەو مانگەی **خەرمانەی** داوه

هێشتا مەیلی تۆم بەکەس نەداوه (فۆلکلۆر)

خەلوەت: جێگای تەنیایی:

بە سەحەر گەهی بەباران دەمی کازبەی بەیانی

چەمەیەك له دەستی یاران، چە هەزار زیندەگانی!

دو هەزار ملك و دەوڵەت بەفیدای دەمێکی **خەلوەت**

بە خصوصی جورعەشت بی له کەفی نیگاری جانی (ئەدەب)

خەمزە: نازی بەچاوان؛ ناوی دێیەکه له ناوچەی شاربازێڕ له خواروی کوردستان.

خەملێو: خەملاو، ڕازاوه، جوان؛ بەراوردکراو:

شکۆفە درهەمی شاباشی بای وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی **خەملّیوە** دارو بەردی چیا (حاجی قادری کۆیی)

خەیلە: هۆزێکن لە (٣) هۆزەکەی تیرەی (ڕەژیکەری) کە بریتین لەمانە: (مەندەمەرە، باوەبی و خەیلە).

خێرزۆک: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شێروان لە خواروی کوردستان.

خیلاپ: ناوی دۆڵێکی درێژە لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنوور لە خواروی کوردستان.

• • •

د

دادا: داده، وشەی ڕێزلێنان بۆ دایك؛ تایەن، ژنی پیری سەرسپی.

دارەبەن: ناوی دێیەکە بە نزیکەی بیست کیلۆمەتر نزیك شاری دێرینی کورد (هەولێر) لە خواروویی کوردستان.

دافان: تیرەیەك بوونە لە کورد. (مەردۆخ) دەڵێ: بەشێك بوونە لە (٥) بەشەکەی تیرەی (لەك) کە بریتین لە: (لالەیی، سلسلە، تەرهان، دالوەند و **دافان**). ئەمانە زۆرترینیان شیعەن لە (خانەقین) و (خورەم ئاباد) و (ئەلەشتر) و (لورستان) دانیشتوون هەندێکیان لە کلیایی و هەمەدان و ئەسفەهان و دەوروپشتی سنە دائەنیشن، بەشێکیشیان لە سەلماس و ئازەرباجان دانیشتوون.

دالانك: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای بروجەن کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣٤٠٢ مەتر دەدات.

دالیا: ناوی گوڵێکی جوان و خۆمالێکراوە لە هەموو باخ و ماڵێکا حەز بە بینینی ئەکرێ و ئەبێتە هۆی ڕازاندنەوەی باخچەی ماڵان.

دالیان: لقێکن لە دوانزە لقەکەی تیرەی (سنجاوی) کە بریتین لە: (چالاوی، گوازی، بەرازی، سیمەوەند، سورەوەند، تیکەوەند، تفنگچی، حەقنەزەرخانی، ئاماسوند، دارخور، بیوەحشیان و **دالیان**).

دانۆکە: ناوی جۆرێکە لە گیا لە زۆربەی دەشت و دەر و کێڵگەکانا ئەڕوێ گەڵای وردی هەیە وەکوو گەڵای فەریکەنۆك شێوەی وەك شێوەی چڵوپۆپی نۆك وایە بەرەکەی لەسەر نۆکی شینە بۆیە پێی ئەڵێن دانوکە، بەڵام لەناو قاپووری دەنکەکەیدا تۆوێکی وردیلە هەیە لە دەنکی هەرزن وردترە بە ناسکی خواردنی زۆر خۆشە، کە وشکیش بوو هەر ئەخورێ و چەوریشە مادەی پڕۆتینی تێدایە وەکوو هێلکە و گۆشت.

دانیا: ناوی کچەکوردێکی لاوی هونەرمەندە.

دراژە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

درۆڵە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی هەڵەبجەی خواروی کوردستان.

دزێ: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

دژنە: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (شێخ محمد فخرالعلمای سنەیی) کە شاعیرێکی کۆنی کوردە و لە ساڵی (١٨٨١)دا کۆچی دوایی کردووە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو دێیەیە.

دڵئاوێز: دڵهەڵواسەر:

خەبائیس تەبعەژ ئەهل سەگ سروشتە

یەقین ئەو کەرژ جانان لەو دەکەت بێز

(مەلا) جانی تە چاوان پەهلەوان کر

ل تای خەمریان زولفا **دل ئاوێز** (مەلای جەزیری)

دڵاسووده: بێخەم، خاترجەم.

دڵان: دڵ (کۆی دڵ)؛ دڵگیر: (ئەو کچە لەبەر **دڵانە**).

دڵاوا: سەخاوەت، بەخشندە.

دڵشاکەر: دڵخۆشیهێنەر، کەیفدەر، بریتییە لە کەسی دڵشادکەر.

دلفان: هۆزێکن لە کورد لە لوڕستان دەژین. (مەردۆخ) دەڵێ: بەشێك بوونە لە تیرەی (لەك) سەر بە عەشیرەتی (لوڕ) و لە (خاو) دانیشتوونە.

دلڤال: دڵاوا.

دلڤەکەر: دڵگوشا، بریتییە لەو شتەی دڵ خۆشدەکا.

دوڕگە: ناوی دوو دێیە کەوتوونەتە ناوچەی (سندووس)ەوە لە پۆژهەڵاتی کوردستان؛ چزیر، ئاد.

دۆری: ناوی گیایەکی باڵابەرزی لاسکشیرینە؛ گندۆر؛ دەوری؛ ناوی قوماشێکی تەنکە بۆ دەسماڵ بەکاری ئەهێنن؛ دۆڵ، دۆڵی:

خەبەر بدەنە **دۆری** خۆشناوان

لەخۆ حەرامکەن مێوژ و دۆشاوان

خەزێمی یارێ کەتە ناو ئاوان (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

دۆستەك: ناوی دێیەکە لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

دۆڵان: ناوی ئاواییەکە لە خواروی کوردستان.

دۆڵاو: ناوی دێیەکە لای شاری سنە لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

دومان: تەم، مژ، تومان: (سەرێ چیا ب **دومانە** بابێ من) سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.

دومانە: تیرەیەکن لە (١٤) تیرەکەی (توری عابدین).

دوێلیا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

دەجلە: دەجلە، ناوی پووباری (دەجلە)یە. (شێخ محەمەدی مەردۆخ) لە کتێبەکەی (مێژووی کورد و کوردستان)دا دەڵێ: (دەجلە) ناوێکی کوردییە بە مانای (دەچلە) دێت چونکە (دەجلە) لە دە لق و چڵ پەیدابووە وەکوو پووباری (خاپوور، سیروان، عوزیم، زێی گەورە و بچوك و ...).

دەراش: ناوی دێیەکە لە دۆڵی (بالیسان) لە خواروی کوردستان.

دەراو: دەراڤ، بوار، جێگەی ئاوخواردنەوەی پەز؛ ئەو شوێنەی خەڵك لێیدا ئەپەڕێتەوە لە ئاو:

کاتی بیستم
ڕووباری شین
دەریا دەریا
دۆڵ دۆڵ کوڵی
دڵۆپ دڵۆپ بوو بە هەڵم
منی شاعیر
گوڵێ وشەی ئۆخژناویت
لە سەرچوەی کام **دەراوا!**
زەنگوڵ زەنگوڵ،
بۆ هەڵڕێژم (هێرش)

دەشتەك: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

دەوژان: ناوی دێیەکە نزیك دێی (ڕازان، سەرشێو، ئەشکەن و قندول) کە شاخاوی و سەختن لە خواروی کوردستان.

دیبیژە: ناوی دێیەکە نزیك دێی (مەمەنداوا، قەرەتەپە، بەردەشان و سیوکان) لە خواروی کوردستان.

دێران: جێبوونەوەی شتێك لە شتێکا: ئەم دەفرە دوو مەن (ئەدێرێ) واتە دوو مەنی تێدا جێ ئەبێتەوە، تەتەڵەکردنی دانەوێڵە، ئاودانی زەوی، ئاوداشتن، ئاودێری؛ وێران.

دێرێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

دێریك: ناوی شارێکە لە کوردستان؛ مێژوو، تاریخ؛ زۆر کەونارا، قەدیمی.

دێگوڵان: (سەرچاو، هۆمەرقەڵا و **دێگوڵان**) سێ دێی پێکەوەن لە ناوچەی (قەرەداغ) لە خواروی کوردستان.

دیلام: تیرەیەک بوونە لە (٧) تیرەکەی (ماد) کە بریتین لە: (پارتاسنی، بوز، ئیستِروشات، بودی، ماژ، **دیلام** و ئاریزانت) کە لە دەوروپشتی مازەندەران (تەبەرستان) و گیلان دانیشتوونە و پایتەختیان (دەیلەمان) بووە، ئێستاش بەو ناوچەیە ئەڵێن (دەیلەمستان). (بڕوانە مێژووی کورد و کوردستان- مەردۆخ)

دیلان: جۆلانە؛ زەماوەند، شایی و هەڵپەڕکێ، داوەت:

هەی لێ نێ لێ نێ پێش باران گەی بە زینوی شێنمی

یارێ دێ لۆ **دیلانێ** گبل گێلەی پێوە دێنمی (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە).

دیلبا: ناوی کچەکوردێکی لاوی هونەرمەندە.

• • •

ر



ڕابۆ: ناوی ژنەکوردێك بووە لە کۆن دا. دەڵێن (ڕابۆ) کوڕێکی بە ناوی (کلحوا) دەبێ و کوڕەکەی نەخۆش و لە سەرەمەرگدا دەبێت، ئەمیش نزر ئەکات و ئەڵێت: ئەگەر خوا شفا بداتە کوڕەکەم مەرج بێت بە ساغی بچمە گۆڕەوە و تا سێ ڕۆژ لە گۆڕەکە بمێنمەوە و هیچ نەخۆم. دەڵێن بە فەرمانی خوا کوڕەکەی چاك بۆتەوە و ئەمیش مەرجی خۆی بەجێ گەیاندووە، پاش سێ ڕۆژەکە لە گۆڕەکە دەریدەهێنن و دوایە پاش حەوت ساڵ مردووە.

ڕابوون: هەستان، هەڵسان، بەرزەوەبوون: (ئاسکەکان لەخەو **ڕابوون**).

ڕابێژ: تەگبیر، تەگبیروڕا: (**ڕابێژ**ێکمان بۆ بکە!)

ڕابین: ڕابوون، هەستان: (هەر لەخەو **ڕابین** بەڕێ ئەکەوین).

ڕازدار: ڕازگان، بریتییە لە کەسێك کە نهێنی دەپارێزێ.

ڕازگان: ڕازدار، نهێنیپارێز.

ڕاندۆلا: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای نەغەدە بەرزاییەکەی دەگاتە ٣٠١١ مەتر.

ڕانما: شارەزا، بەڵەد.

ڕاهن: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

ڕدمایات: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

ڕزدی: زنجیرەکێو.

ڕکاوە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

ڕوانگە: ئەو جێگایەی کە لێوەی دەڕوانرێ: (لە **ڕوانگەی** ئەدەبەوە).

ڕۆزگار: کات و دەمێکە کە بەرەبەرە دێت و ئەڕوا.

ڕۆژکان: ناوی هۆزێکی کوردە.

ڕۆقە: کڕێوە و بادەوە، باسریشك.

ڕۆلگە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

ڕووبات: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای ئەلیگودەرز کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٠٦٩ مەتر دەبێت.

ڕووەك: ئەوەی دەڕوێت، نەبات.

ڕەبات: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروی کوردستان.

ڕەزقان: باخەوانی باخی ترێ.

ڕەزڵە: ناوی دێیەکە لە سنووری سرۆچك؛ مووڕغەی پشت؛ ناوی جۆرە گیایەکە ڕەنگ و گوڵ و گەڵا و لاسکی وەکوو تەماتە وایە دەکرێ بوترێ خۆمالّی کراوە، بەڵام ئەم ڕەزڵەیە لە نزیك بەر و دێبەر و زەویوزارەکاندا بۆ خۆی ئەڕوێ، بەرەکەی سوورئەبێ وەکو تەماتە ناوکی وردی تیایە و لە ڤیتامین e دا دەوڵەمەندە، دەنکەکانی لە دەنکی نۆك زلتر نییە منداڵان ئەیکەنەوە و بە کاڵی ئەیخۆن چونکە زۆر مەزەدار و بەلەزەتە:

گێلاخە و چاوکوتە و پێ چولەکە

سەلە و **ڕەزڵە** و گیا تۆڵەکە (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

ڕەمان: ناوی چیایەکە لە سەرووی کوردستان کە نەوتیشی هەیە.

ڕەمانە: ناوی گیایەکی خۆمالێکراوە لاسک و گەڵاکەی تەواو سەوزە زیاتر لە مەترێك باڵای بەرزئەبێتەوە، لە ڕیزی دانەوێڵە و خۆراکی مرۆڤدا جێگای خۆی دیاری کردووە، ئەم ڕووەکە لە ڕەسەنی هەرزن و گاڵ و دێمیلەیە. ڕەمانە وەکو گەنم و جۆ گوڵ دەرئەکا دانەکەی ورد لە ناوکی تەماتە و هەنجیر زۆر گەورەترە، ڕەمانە و هاوڕێکانی تەنها لە بەهارێکی درەنگا ئەچێنرێ هەر لەبەر ئەوەشە ناوی خۆیان خستۆتە ناو ناوانەوە چونکە (درەنگ کێڵی فریاڕەسن) وە بە زۆریش لە کوردستان و کوێستانزەمینەکاندا هەیە چونکە گەنم و دانەوێڵە کە هۆی ژیانی زۆربەی خەڵکن دەرد و ئافاتیان کە بریتین لە (سن) و (کوللە) و (بێ بارانی) و (ژەنگی زۆربارانی) و گەڵێ شتی تر هەر لە ساڵێك یەکێ لەمانە تووشی گەنم و جۆ ئەبێ کە ئەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی تووشی گرانی و برسییەتی بێن، لەو کاتەشدا ئەگەر کۆمەکی لای تر نەبێت بۆ خەڵکەکەی تووشی ئەم گرانییە ئەبن ئەوا ئەوەی کە دێت بە دەنگەوە و بە گورجوگۆڵی (گاڵ و دێمیلە و ڕەمانە)یە بە تایبەتی لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا سوودێکی زۆریان بەخشیووە، چونکە ئەمانە لە بەهارێکی درەنگدا ئەچێنرێن هیچ ئافاتێ نایانگرێتەوە بۆ خۆی ئەبێ بە دانەوێڵەی دووەم و لە جیاتی گەنم و جۆی سەرەکی ئەم ئەهارن و ئەیکەن بە کولێرەی خشتەخشتە چونکە نانی ڵێ نایەت بەڵام تامی شیرینە و خۆشە بەتایبەتی بە ماست و ماستاوەوە:

گاڵ و دێمیلە هەرزن و **ڕەمانە**

خۆراکن لەگەڵ پەڕشە بۆ زەمانە (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

ڕەمانە: ڕمانە، جۆرێك داس.

ڕەمیان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان.

ڕەندێ: بریتییە لە مرۆڤی ڕووخۆش و قسەخۆش، حەنەك:

سەری چەندە سارە لە شاری هەولێری

کەتیمە بەندێ
ئەنگۆ لۆ من هەڕوونە کن حاکمی زەمانی
بەڕۆژ بمگری قەیدەلحەیات، بەشەو بەرم بدا
لۆ خاتری دوو چاوی **ڕەندێ** (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

ڕەوەن: ئەوانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن؛ ڕەوەندە.

ڕێـزە: ڕێـز، نـەختێـک لـە شتێـک: (**ڕێـزە**یـەک نـانـی بـدێ). ئـەنـدازە: تـۆ نەگەیشتوویتە ئەو (**ڕێزە**)یەی لە خۆتەوە شت بکەیت:

ڕێزە بەڕێزە گیانە / وادەی ئاخر زەمانە
ڕێزە بمدەرێ ماچێ / بچکۆل تو ئەو قورئانە (گۆرانی فۆلکلۆری کوردی)

ڕێژەن: بریتییە لە بڕشتی خەڵە؛ ناوی هەستیارێکی هاوچەرخە.

ڕێڵی: میوە و بەری دارستان، بەریی لێرەوار؛ گێوژ، گوێژ.

• • •

ز

زارگەڵ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
زارۆ: ڕۆڵە، فرزەند، منداڵی بچکۆڵە؛ سوکەڵەناوی (زارا)یە.
زاری: زرۆڵە؛ زار، دەم؛ شیوەن و گریان:

چاوەکەم من بۆیە دایم کار و پیشەم (**زاری**)یە
حاکمی چاوت لەگەڵ من مائلی غەداریە
شورش و نالینیکەس بێ وەجەو بی عیلەت نیە
ئاهی من، فەریادی بولبول ئیشی بی غەمخواریە (ناری)

زارێ: زرۆڵە؛ زاری، دەم:

دوژمنی ناوخۆ ڕەگ دەردەکێشێ
دار پوازی لەخۆی نەبێ نالێشێ
لە هەموو هەورێك باران ناباڕێ
ڕاز کەوتە **زارێ**، ڕاز کەوتە شارێ (پیرەمێرد لە چەند پەندێکدا)

زریا: زەریا، دەلیا، دەریا.

زریشك: ناوی جۆرە گیایەکی خۆمالیکراوە لە بەر و بێستانانا ئەڕوێ، گوڵێکی جوانی هەیە و بۆنی خۆشە بەزۆری ئەیکەنە ناو نان و برنجیش لە کاتی کردنی بە قبووڵی، وەکوو بەناوبانگە ئەڵێن (زیرە و زریشك) بە هەردووکیان تام و بۆنی ئەو چێشتە خۆش ئەکەن.

زلزلە: ناوی دێیەکە لای دێی بیوەك، پەرخ، میرمام و هەنارو و سەر بە چەمی (گەڵاڵ)ن کە شاخاوی و سەختن.

زڵکە: ناوی دێیەکە لای سینانا و ئەسکۆڵ لە ناوچەی سەرسنووری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

زنانە: ناوی دوو دێیە لە ناوچەی داودە لە خواروی کوردستان (زنانەی بچوك و زنانەی گەورە).

زنە :زندو، چیمەنی ئاودەڵێن:

ئەو کاتەی **زنەی** هەتاوت تیا هەڵئەقوڵێ و
ئەبیتە ڕووباری دایك و شەپۆل ئەداتەوە
دەریاچەکەی مێژووی تۆ!
ئەبیتە تاڤگەی خوشك و هەڵئەپرژێیتەوە
بەسەرماندا پرژە پرژی تۆ ! (شێرکۆ بێکەس لە شیعری (ژن)دا

زووڕەڤا: ناوی دێیەکە لە کوردستان.

زووفا: ناوی جۆرەگیایەکە بەزۆری لە کوردستانا ئەڕوێ بیست سانتیمەتر لە زەوی بەرز ئەبێتەوە، گوڵی قاوەیی بە چواردەوری لاسکەکەیدا دەرئەکا و باشترین دەرمانە بۆ تەنگە نەفەسی و فراوانی سینە. (سەرچاوە/ شێخانی خانەدانی بیارەی شەریف):

خوزە و خوزیلك گوڵی صەدری
پەنجەی خانم گوڵی باجی قەدری

زووفا و چەق چەقە لەگەڵ کەنێرە
گیای بەنگڵە لێژە و گون کەڵەشێرە (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

زەڕایەن: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارەزوور نزیك بە عەربەت لە خواروی کوردستان:

کەنیشکە بچکەلەی چاو چەرخی شایەن
مااڵتان باری کرد چوو بۆ **زەڕایەن** (فۆلکلۆر)

زەرباڤ: ناوی مەلێکی بچووکی زەردی دەنگخۆشە.

زەردکە: ناوی چیایەکە لە زنجیرەچیای هۆمل و بولفەت لە خواروی کوردستان.

زەردەپەڕ: بریتییە لە دوا ساتی پرشنگی ڕۆژ ئاوابوون.

بوکی بەهاری جوانی ڕازاوە
لە کوردستاندا خەیمەی هەڵداوە
لەسەر لوتکەی شاخ تاجی **زەردەپەڕ**
پڕشنگ ئەهاوێ بۆ ناو ئاوی کەڕ (کامەران)

زەرنەك: عەنباراوێکە لە ناوچەی وان ڕووبەرەکەی ٥،٢ کچگ دەبێت.

زەرە: ناوی جۆرێکە لە هەنجیر؛ وردیلە.

زەرەند: ناوی جۆرە گیایەکە دەڵێن بۆ دەرمان بەکاردێ:

سوار مەزنی، بەمنی مەزنی
سەرت لە پۆاڵی چنگت لە ئاسنی
هەر قەاڵتەکی دەچێی ئەتۆی لەبنی
هەر حاکمێکی **زەرندەیە** ئەتۆی لە کنی
شا لەسەر تەختی ئەولایە لەبەر سامی تۆ ناسەکنی
سوار ئەمن ئەوی ڕۆژێم پێ جوان بووی
دەستت دەدا شیرێکی فەنەر (لە داستانی سوارۆدا- فۆلکلۆری کوردی)

زەری: بریتییە لە شۆخی جوانی سپی پێستی ئامانّ زەرد:

دورناخانم گەردەن **زەری**

جایل ژێرا دەدەنە گری

ل حالی مە تو نەفکری (لە گۆرانییەکانی کوردی تورکمانستان)

زەرین: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروی کوردستان.

زەلّم: ناوی چۆمێکە لە خواروی کوردستان کە دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە؛ ئاوی توێژ لەسەر:

ئاوەکەی **زەلّم** ئەڕژێتە سیروان

نەحلەت لەو باوکەی کچ نادا بە شوان (فۆلکلۆری کوردی)

زەن: دێیەك بووە سەر بە ناحیەی داقوق لە خواروی کوردستان کە ئێستا (زەنقر)ی پێ دەڵێن.

زەنبوور: چاڵەنەوتێکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك کە تەنها ٤٥ کیلۆمەتر لێوەی دوورە، لە ساڵی ١٩٥٤ی زایینیدا بۆ یەکەم جار نەوتی لێ دۆزراوەتەوە قوڵاییەکەی ١٤٧٠ مەتر دەبێ. جۆری نەوتەکە زۆر باشە، درێژایی ئەستێلّکەکەی ٢٠٠ کیلۆمەترە و پاناییەکەی ٣- ٣،٥ کیلۆمەتر دەبێ، نەوتەکەی لە شاری کەرکوکەوە بە بۆڕی بۆ دەرەوەی کوردستان دەنێردرێ.

زەنقر: ناوی دێیەکە سەر بە ناحیەی (داقوق) لە خواروی کوردستان، لە زەمانی پێشدا ناوی ئەو دێیە (زەن) بووە دوایە گۆڕاوە و بووە بە زەنقر. لە دەرەوەی ئەو دێیە بە دووری یەك کیلۆمەتر دارێك هەیە کە ئیمام دارینەی پێ دەڵێن و لە ئەنجامی خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچەکوردێکی خەڵکی ئەو دێیە و کوژرانی کچەکە بە ناڕەوا، بە خوێنی ئەو کچە ئەو دارە شین دەبێ، تاکو ئێستا چەند جارێك تاسەر ڕەگەکەی سووتاوە بەڵام سەرلەنوێ شین بۆتەوە و هەرماوە. لەوساوە تا ئێستا گەلێ کەس لە

خەڵکی ناوچەکە دەڕۆنە زیارەتی و نەخۆشیشی بۆلا دەبەن، دەڵێن: شیفای نەخۆشی تاولەرزی بەدەستەوەیە بەمەرجێ نەخۆش لەوێ نان و پیاز بخوات، گەڵێ کەسیش لە بەسالاچووەکان باسی ئەوە دەکەن گوایا بەهۆی ئەم ئیمامەوە خۆی یان یەکێ لە منالەکانی لەو جۆرە نەخۆشیانە ڕزگاری بووە، هەروەها دەڵێن: ئەو کچانەی بە نیازی شووکردن بچنە زیارەتی بەختیان هەڵدەستێ و زوو مێرد دەکەن، ئەمە بۆ ئەو کوڕانەش دەڵێن کەوا بێبەختن و ژنیان نەهێناوە. ئەمەش چەند خشتە شیعرێکی فۆلکلۆری کوردییە کە ناوی داری ناوبراوی تێدا دەبینرێ:

(ئیمام دارینە) لە پەڕ ئاوایی
مرازم بدەی نیەتم شیراوی

* * *

(ئیمام دارینە)ی ئاوایی **زەنقر**
بەبەم نەکوژی جەرگم مەیە بڕ

زەنگیسەر: ناوی ئاواییەکە لە ئاواییەکانی بناری سوورێن.

زێرنەکێو: ناوی چیایەکە لای ئاوی گارفێن کە هۆزی (مەنەمەرە)ی لێ دەژین لە ئاواییەکانیان: دوگۆمان، گرتک، جەلک، مەمک، پیرانەڕەشە، ماخوبزنان.

زیرە: ئەم گیایە خوشکی (زریشک)ە واتە ئەو تام و بۆیەی کە لەوا هەیە لەمیشدا هەیە، ئەکرێتە ناو شەکرا لە کاتی کوڵاندنا.

زیمکە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

• • •



ژاری: فەقیری و نەداری؛ نالین.
ژاژوفەڕ: بریتییە لە شکۆ و پایەبەرزی.
ژووان: بڵندایییان، کێوان؛ بریتییە لە سەرماهاتن.
ژیوار: بژیو؛ باری ژیان، چۆنیەتی ژین؛ ڕابواردنی تەمەن.
ژیوەر: ژیاری، ژیانی شارستانییانە.
ژیوەرۆ: بریتییە لە هەڵەسوونی لەوەڕ پاش باران لەجێی کوێستانان.
ژێهاتی: هەڵکەوت، بلیمەت؛ لایق، شیاوی کار.

• • •



سارتان: ناوی تیرەیەکە لە (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) و لە ناوچەی (دیرسم و قەرجەداغ و عوسمان جق)ی سەرووی کوردستان دەژین.

سافیا: (سۆفیا و **سافیا**) دوو دێن لای شاری دیاربەکر لە سەرووی کوردستان کە زۆرتر پێکەوە ناویان دەبەن.

ساموگان: ناوی تیرەیەکە لە (٨) تیرەکەی تیرەی (سنجاو) کە هەموویان لەسەر ئایینی (یەزیدی)ن.

سانا: ناوی دێ و کانییەکە (کانی **سانای** مەحمود خان)ی پێ دەڵێن لای دێی کاڵی سەروو و کاڵی خواروو و نەژنار و سەرنەژمار و دەرزیان لە بەری بەگزادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (مەحمود خانی سانان) پیاوێکی دەسەڵاتدار و نیشتیمانپەروەر بووە و هاوکاری (شێخ مەحمود)ی کردووە. لە کاتی شەڕ یاخود کێشەی ناوچەیی سوودیان لە دەهۆڵ لێدان وەرگرتووە، بەهۆی ئەو دەنگەوە دەرودراوسێکان و دێیەکانی دەوروبەریش ئاگاداربوونەتەوە و دەنگەکەیان ناسیوە کە (مەحمودخانی سانا)یە و پێویستی بە زەلامی چەکدارە بەو شێوەیە خەڵکی هاتوونە بەدەنگییەوە؛ ئاسان، هاسان: (ئەمڕۆ وانەکەمان زۆر **سانایە**).

سانی: بریتییە لە کارێکی ئاسان ئەنجامەدر: (جێبەجێ بوو بە **ئاسانی**)، هاسان:

کە تێك دەڵقا نیگای پڕ گفتوگۆیان
دەیاندرکاند بە **سانی** ڕازی خۆیان (هێمن)

سانیە: ناوی کوێستانێکە لە خواروی کوردستان.

ساورز: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٨٩ مەتر دەبێت.

ساوە: ناوی ئەستێرەیەکی گەورەیە لە ئاسمان، زاوە، زاڤ. (هەژار)

سپەند: ناوی گیایەکی زۆر ناسك و تەنکە وەکو پوشوو وایە لە دووڕەوە چاوی بکەوێت بە ئاگر وەکو بەنزین کڵپە ئەکات.

ستان: ئەستێن، وەرگر؛ پاشگری بەواتا: جێگە، شوێن: (دار**ستان**، کورد**ستان**، هەس**تان**).

سرۆچك: ناوچەی بەرزنجە و دێیەکانی بە سرۆچك بەناوبانگە واتە سەروەتچك بەمانای سەروەتی کەم. بەپێی هەندێك سەرچاوە ئەو ناوچەیە لە (٦٧) دێی گەورە و بچووك پێك دێ کە دەکەوێتە خواروی کوردستانەوە.

سریلاوا: ناوی دێیەکە لە موکریان لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

سکتان: ناوی دێیەکی گەورەیە لە دۆڵی بالیسان لە خواروی کوردستان.

سلسلە: لقێکن لە تیرەی (لەك) لە خاو و ئەلەشتر دانیشتوون لە پۆژهەڵاتی شاری (سنە)ش هەندێکیان بڵاون.

سڵێ: ناوی دێیەکە لای دێیەکانی: لیوژی، ئیندزی و بۆڵی کە زۆر شاخاوی و سەختن لە خواروی کوردستان.

سلێمانە: ناوی دێیەکە لای میرمام لە ناوچەی شارەزووری خواروی کوردستان؛ دێیەکە بە ناوی (کانی سلێمانە) لە نێوان بەردەسپی و خورخورە لە بەستی شەرغەی ناوچەی هەولێر.

سمێنو: ناوی دێیەکە لە ناو مەنگوڕان.
سنارچە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
سناوێ: ناوی دێیەکە لە ناوچەی خۆشناوەتی لە خواروویی کوردستان.
سنجان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە دەنگی هونەرمەند ئەردەلان: (**سنجانە** و سنجانێ **سنجانە**کەی لۆلۆ/ پەڕێشانی تۆم باوانم مەمکە پەنجەڕۆ).
سنداوا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)
سندووری: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)
سودیس: (چات) ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی وان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٤٦ مەتر دەبێت.
سوڕخاو: ناو دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
سۆرگوڵ: گوڵەباغ؛ بریتییە لە سەرپەرشتی ماڵ. (هەژار)
سۆرە: بۆنە: بە (سۆرە)ی تۆوە هاتم واتە بە بۆنەی تۆوە هاتم، هەنەزا؛ پەنگی سوور، سۆر:

بسکی **سۆرە** گرێ گرێ
نایدەمە حاکمی مووسرێ*١
گەرمایە لە ڕێ دەکورێ*٢ (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە).

١-مووسڵ. ٢- دەکوڵێ.

سۆرەگور: سۆرەگوڵ، سووەگوڵ:

لەبەرت مرم لەبەرە
سۆرەگور هاتنە بەرە

کوڕەکەم فێرە باغەرە (فۆلکلۆری کوردی ناوچەی دزەییاتیی هەولێر)
سۆرەوەرد: ناوی مەڵبەندێکە لە کوردستان کە زۆر زانای بەناوبانگی لێ پەیدا بووە. (هەژار)

سۆسەن: سوێسن، سۆسن، ناوی جۆرە گوڵێکی جوانی بۆنخۆشە و گەڵ ڕەنگی هەیە:

سۆسەن و، لالە، ڕەعنا و گوڵەزەرد

هەنی سەوزنەبان چەنی سۆز و دەرد (مەستووڕەی کوردستانی)

سۆفیا: (**سۆفیا** و سافیا) دوو دێن لای شاری دیاربەکر لە سەرووی کوردستان کە زۆرتر پێکەوە ناویان دەبەن.

سۆڵتە: ناوی گەڕەکێکە لە گەورەدێی وەرتێ لە خواروی کوردستان. وەرتێ دێیەکی گەورەیە بەهۆی تەنگیی دۆڵەکە و قوواڵی ڕووبارەکەی کە بەلایدا تێدەپەڕێ دێیەکی درێژ هەڵکەوتووە، چەند گەڕەکی تێدایە وەکوو: بەڕۆژ، سول و **سۆڵتە** و هەروەها (٥) بەرەباب و (٥) مزگەوتی تێدایە.

سولی: ناوی تیرەک بوونە لە کورد. (مەردۆخ) دەڵێ: لە ناوەندی شارەزوور و شنۆ دانیشتوون و بە شەڕکردن بەناوبانگن.

سولیاوە: ناوی شاخێکە لە خواروی کوردستان.

سومبول: ناوی چیایەکە لە ناوچەی هەکاری لە سەرووی کوردستان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٦٠٧ مەتر دەبێ.

سۆنێ: ناوی دێیەکە لەسەر سنووری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پشت شاری قەڵادزێ.

سوورگوڵ: جۆرێک گەنم؛ گوڵی کوڵاو؛ بریتییە لە ژنی زۆر جوان:

کە فرمێسکم لەسەر ڕوخساری کێڕی دڵ شکاو بینی،

گوتم: یاخوا لەسەر **سوورگوڵ** نەبینم شەونمێکی تر (هێمن)

سووڕەبان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

سوونی: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

سۆهانە: ناوی هۆز و تیرەیەکە لە کوردە یەزیدیەکان کە لە ڕۆژاوای کوردستان دەژین.

سۆیبە: ئەم ناوە زیاتر لە ناوچەی شارەزوور بەکاری دەهێنن:

ئەو پێگاو بانە بۆ تووران ئەچێ

بۆ لای مالّ باوکی **سۆیبە**گیان ئەچێ (فۆلکلۆر)

سویدی: (مەردۆخ) دەڵێ: ئەمانە تیرەیەکی کوردن لە خواروویی کوردستان، پەنگە بچنەوە سەر (ئالی بەرمەکی).

سوێروێ: ناوی دێیەکە لای باکوباوە و بنەخوێ لە ناوچەی (بانە) لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

سویرە: ناوی دێیەکە لە دۆڵی بالیسان لە خواروویی کوردستان.

سوێرە: ناوی دێیەکە لە بەری شاربازێڕی خواروویی کوردستان.

سویسنی: ناوی تیرەیەکە لە کورد لە دەوروپشتی (سەردەشت و سابڵاغ)ی پۆژهەڵاتی کوردستان دەژین.

سویل: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای کرماشان کە بەرزاییەکەی خۆی لە ۳۲۲۰ مەتر دەدات.

سۆیلە: ناوی دێیەکە بە (سۆیلەمیش)یش ناودارە لای تەپەکەل و مالوان و کەڵوران لە شارەزووری خواروویی کوردستان.

سەبتی: ناوی دێیەکە نزیك بە شاری (دیاربەکر)ی سەرووی کوردستان.

سەحەر: بەرەبەیان:

بە **سەحەر** گەهی بەهاران دەمی کازبەی بەیانی

چەمەیەك لە دەستی یاران، چەهەزار زیندەگانی! (ئەدەب)

سەحەری: ناوی جۆرە ئاهەنگێکە بە زورنا لێ دەدرێ. (هەژار)

سەدپەز: واتە سەد پۆژی مەڕ، ناوی جۆرە جەژنێکی کوردەواری بووە و ئەو جەژنە دوای سەد پۆژ پێك دێت کە بەرانەکان ئەکرێنە دەرەوە، واتە لەو کاتەدا مەڕەکان بەرهەم و بەروبومیان ئەبێت. کوردە یەزیدیەکان لەو جەژنەدا بە لادێکانەوە ئەگەڕێن و خۆیان لە خەڵکان دەگۆڕن، ئەمەش دوو

پیاو دەیکات، یەکێکیان جلێکی ناشیرینی پێنەکراو لەبەرئەکات لوتێکی دروستکراویش ئەخاتە لوتی و خۆی ئەگۆڕێ، ئەوەی تریشیان جلی ئافرەت لەبەرئەکات و وا خۆی دەرئەخات کە ژنی ئەو کابرایەیە. ئەمانە بە مالانا ئەگەڕێن و قسە و نوکاتی خۆش خۆش ئەکەن، هەرچییەکیان دەست بکەوێت ئەیخەنە تورەکەکەیان ئیتر پارە بێت یا هەر شتێکی تر.

سەرچمک: شاکەڵ، بریتییە لە گەشترین گیای بەهار.

سەرچنار: ناوی سەیرانگایەکە لای شاری سلێمانی لە خواروی کوردستان؛ ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ ناوی دێیەکە لای شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچیت: بریتییە لە یەکەم شەوی چوونەزۆزان.

سەرخان: ناوی دێیەکە لە کوردستان؛ باڵەخانە، ژوور لە نهۆمی سەرەوە.

سەردۆس: ناوی دێیەکە لای دۆڵەبی و مرانە و خانمەشێخان و کارێزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەردەکان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروی کوردستان.

سەردینان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

سەرسیان: دێیەکە لای دێیەکانی: مەمەنداوا، دیبیژە و بەردەکۆزی خواروی کوردستان، دانیشتوانەکەی لە تیرەی (ترکەڕەشە)ن کە تیرەیەکی بچووکن.

سەرقەڵا: ناوی دێیەکە لە ناوچەی (زەنگەنە) لە خواروی کوردستان.

سەرگەت: ناوی دێیەکە لە کوردستان.

سەفا: ئاشتی؛ بریتییە لە دیمەنی جوان و هەواخۆش: (وڵاتێکی باسەفایە).

سەفی: کەم ئاوەز، حۆل. (هەژار)

سەفیە: سەفی.

سەڵماس: سڵماس؛ ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان. (هەژار)

سەلکە: ناوی گیایەکی بەهاریی گەڵاپانە لە زۆر جێگا هەیە، بە زۆری لە

زەری و بەر و دێبەرەکاندا ئەڕوێ بە سووڕەوەکراوی ئەخورێ و بۆ دەرمانیش بەکاردێ:

گێلاخە و چاوکوتکە و پێ چۆڵەکە

سەلمکە و ڕەزڵە و گیا تۆڵەکە (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

سەمبە: ناوی دێیەکە؛ مەتکە و ئامرازی دارکونکردن. (هەژار)

سەنجر: ناوی گوڵێکە لەناو باخ و باخچەکانا ئەڕوێ بۆ جوانی و ڕازاندنەوەی بەر و دێبەر.

سەندەلوس: ناوی جۆرە درەختێکە لە ناوچەی خۆشناوەتیی خواروی کوردستان و سەرووی کوردستان هەیە تەزبێحی ێ دروست دەکەن.

سەوزەپۆش: ناوی کێوێکە لە ناوچەی شارۆیران لە موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. (هەژار)

سەوزەزار: بریتییە لە شوێنی پڕ لە گیاشین:

شەوە لەم **سەوزەزارە** لەو دەم ئاوە

مەکۆی خەم لاچوە دەمکوڵ چماوە (هەژار)

سەوزەڵە: جوانی سەوزەڕەنگی تازەپێگەیشتوو.

سەوزەڵێ: بریتییە لە وشەی دواندنی سەوزەڵە؛ سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە:

سەوزەڵێ و خانم لەتۆ بێزار نیم

دە توخوا بمگەیێ من تاوانبار نیم

سەوزی: سەوز، سەوزە (گیای دەستچێن بۆ خواردن)؛ ناوی دێیەکە لە ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەیرا: ناوی گوڵێکە پشتی پەلکی سووڕە و ناوەوەی سەوز و ڕەشە.

سیاچەمانە: گۆرانییەکی بەناوبانگی هەورامانە. (هەژار)

سیامەرو: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

سێتاف: تارمایی؛ بریتییە لە سایەی مرۆڤ لەبەر خۆر.

سیتاڤك: تاڤگە؛ سێتاف. (هەژار)

سێتەپان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)

سیتەك: بەردەڵان؛ ناوی دێیەکە بە (٢٠) کیلۆمەترێك کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی لە خواروویی کوردستان. شاعیری مەزن (فایەق ئەبدوڵڵاڵ بەگ) کە بە (بێکەس) ناوی دەرکردووە لە ساڵی (١٩٠٥)ی میلادی لەم ئاوایییە هاتۆتە دونیاوە و لە ساڵی (١٩٤٨) و لە تەمەنی (٤٣) ساڵیدا لە هەڵەبجە ماڵاوایی لە ژیان کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە بۆ سلێمانی و لە گردی (سەیوان) لە پاڵ زۆر لە نازدارانی تر نێژراوە.

سیچی: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

سیدە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

سیرت: ناوی شارێکە لە سەرووی کوردستان بڵندایییەکەی لەڕووی دەریاوە ٨٩٥ مەتر دەبێت.

سێرە: ماوەی ژیان، زیندی سەر؛ سەیرە؛ قووتەی سەر لوولەی تفەنگ؛ نیشانەلێگرتن، (**سێرەی** جوانی لێ گرتووە):

هەتا و مانگ و ئەستێرە ناگرن لە زەوی **سێرە**

لەهەر ڕەشی ڕەشتر شەوە بەسامتر لە مۆتە و شەوە (سەلاح عەرەبی)

سیرێژ: (**سیرێژ** و سەید ئەحمەدان) دوو دێی بچووك بوون لە باکووری رۆژهەڵاتی شاری (قەڵادزێ) لە خواروویی کوردستان.

سێسنە: ناوی جۆرە گوڵێکە لە کوێستانە بەرزەکانا ئەڕوێ، گەڵاکەی شینە و گوڵێکی سپی خەتخەتی هەیە. گوڵێکی زۆر جوانە و بۆنیکی خۆشی هەیە کە لە بۆنی گوڵەنێرگز ئەچێت، دەڵێن ئەویش وەك نێرگز بۆنکردنی بەسوودە بۆ لەشساغی و تەمەندرێژی مرۆڤ.

سیسەن: سۆسن، سوێسنە. (هەژار)

سیکەرۆ: ناوی جۆرە میوەیەکە وەکو هەڵوژە پەشە بەڵام بچوکترە و تامیشی خۆشترە، ئەم جۆرە میوەیە لای (کانی تو) لە خواروووی کوردستان هەیە. (کانی تو) کەوتۆتە بناری شاخەوە لە کۆتایی دۆڵێکدایە لایەکی چیای (ئاسۆس) و لایەکی شاخی (چل بزنە)یە هەوای خۆش و دیمەنی جوان و چەند کانییەکی سارد و سازگاری تێدایە دووانیان لە بەرزایی هەڵئەقوولێن و دەڕژێنە قوڵایی دۆڵەکەوە، زستانان بەفرێکی زۆری لێ دەبارێ. زەویوزاری کشتوکاڵ و دانەوێڵەیان کەمە، ئەرزەکانیان بەدەست بەردبژێر و چاک کراوە، پەزی ترێ و باخی میوە و ترشیان زۆرە. ئاژەڵداری دەکەن، هەوای ناوچەکە بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ بە تایبەتی بۆ ڕاگرتنی بزنەمەڕ لەبارە، دانیشتوانی ناوچەکە لە کۆنەوە شارەزاییەکی زۆریان لە تەونگەریدا هەیە، ئافرەت لە تەشی ڕستن و بەرهەمهێنانی داوی باریکدا و پیاو لە چنینی بوزودا، شاڵی (کانی تو و چنارنی) بۆ تەنکی و سفتی و جوانی گرانبەهایە و بەناوبانگە.

سێڵوە: سێڵوێ. (هەژار)

سێلەکە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی موکوریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سیمەن: وەک زیو، لە ڕەنگی زیو. (هەژار)

سینانا: سینان.

سیوالان: ناوی تیرەیەکی کوردە و لە سەرووی کوردستان ئەژین. بەپێی نووسینی (مەردۆخ): **سیوالان** تیرەیەکن لە دوانزە تیرەکەی حەکاری (هەکاری) کە پێکدێن لەمانە: (جەلو، مەی سووریان، زیباریان، هاویریان، باروواریان، بارچیلان، **سیوالان**، لائی هونان، ئادارماران، شەمدینان و شیروانان).

سیوکان: ناوی کوێستانێکە؛ ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

سیوەک: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی دەگاتە ۳۰۲۰ مەتر.

• • •



شاتمان: ناوی دێیەکە؛ ناوی جۆرە تفەنگێکە کاری وەستای دێی (شاتمان)ە.

شاتوان: ناوی دێیەکە لای (گردی شەریف) لە ناوچەی شارەزووری خواروی کوردستان.

شاتەڕە: ناوی گیایەکە بەزۆری لە کوێستانەکانا و لەگوێ جۆگە و ئاوەکان و زەویوزاری جوتیارەکانا ئەڕوێ، گەڵای وردە و لاسکی سەوزە نیو مەتر زیاتر لە زەوی بەرز ئەبێتەوە، گەڵاکانی مەیلە و شینە.

شادیانە: زەماوەند، داوەت؛ مزگێنی بۆ خەبەری خۆش.

شادیک: دڵخۆشکەرەی خێزان: (**شادیکا** مااڵن)؛ وەرۆیرکە.

شارستێنە: شارستان، ناوی دێیەکە لە کوردستان.

شارسێنە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان. (هەژار)

شاروّ: بریتییە لە گیشەگەنم؛ خۆیان؛ کۆکردنەوەی گەنمی درواو لەسەر

جێ خەرمان؛ پاشەڕۆك.

شارە: شارا.

شاگوڵ: بریتییە لە گوڵی سەرەکی دەغڵ؛ گوڵی زێ وێنەمافووڕە:

وەرە ئەی نەونەمامی باخی ژینم!

وەرە ئەی **شاگوڵی** مێرگی ئەوینم! (هێمن)

شانەخسێ: ناوی دێیەکە لای مەرێ و گرگاشە لە ناوچەی شارەزووری خواروویی کوردستان.

شاوانێ: ناوێ دێیەکە لای شاری (شنۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شاوەڵە: شاوەلە، ناوی دێیەکە لە موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شرام: ناوی چیایەکە لای تەوێڵە لە خواروویی کوردستان.

شرناو: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شرێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شریمك: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)

شندۆخا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شنرێ: چیای (شنرێ) چیایەکە دەکەوێتە باکووری شاری (هەڵەبجە)وە لە خواروویی کوردستان:

لە چڵەنێرگزم پرسی:

تۆ (**شەمیران**) چاك دەناسی

ئاخۆ ئێستا چەند نازداربێ...

(**شنرێ**) ئاخۆ چەند گوڵی

ئاڵ و واڵای لەسەر سەربێ (ی. وەرزێر)

شنگ: زۆر، بەهێز، تاقەت؛ شینکەی کەم؛ ناوی گیایەکی بەهاریی لق باریکی گەڵاڵوڵی بنکدارە و ئەخوری، بەزۆری لە کوێستانەکانا ئەڕوێ و چەند جۆری هەیە:

یەکەمیان: نیو مەتر لە زەوی بالای بەرز ئەبێتەوە، گەڵاکەی پان و سەوزە لاسکەکەی سپی واشە و تامی خۆشە.

دووەمیان: گەڵای پانە بەڵام لە زەوی بەرز نابێتەوە.

سێیەمیان: گەڵایەکی باریك و گرنج گرنجی هەیە بە زەویدا پەخش و بڵاوئەبێتەوە بە هەموویشیان ئەوترێ **(شنگ)** بەڵام بە گەڵا باریکەکانیان ئەوترێ (شنگەمارانە)، وە هەموویان شیریان هەیە و لە هەموویانا دەرمان دروست ئەکرێ، لە بەهارانا خواردنی شنگ دەرمانێکی باشە بۆ پاککردنەوەی گەدە و ڕیخۆڵەکان. شەکری خوێن دائەبەزێنێ، بەخوێوە ئەخورێ:

شنگ و شاشنگ لەگەڵ هاڵەکۆك

خاشخاش و گوڵاڵەسووڕە لەگەڵ شیرینشۆك (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

شنگار: ناوی ناوچەیەکە لە خواروووی کوردستان کە کوردە یەزیدیەکانی لێ دەژین.

شنگین: بریتییە لە دەنگی هێدی و لەسەرەخۆ؛ دەنگی بەرز و بڵند. (هەژار)

شنەبا: شنە، سروە.

شنەشن: هاشەی بای سروە؛ خنەخن؛ دەنگی هەناسەی زۆر: (دروێنە نیە **شنەشن** ئاردبێژانە و گیانکێشان).

شنین: شنیان.

شوارە: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

شۆخە: جوانە، قنجە: (تەماشاکەن ئەو **شۆخە**):

لە سوێی ئەو **شۆخە** ئۆقرەی لێ بڕابوو

لە ژیندا ژان و ئێشی پێ بڕابوو (هێمن)

شۆخی: جوانی و ڕێکوپێکی؛ حەنەك، گاڵتە.

شۆرکێ: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

شۆرناخ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شوکێ: شوێنی کێ؛ ناوی دێیەکە لە ناوچەی بەرزنجە لە خواروویی کوردستان.

شووشکان: ناوی دێیەکە لای شووشان و کەلکان لە بناری چیای کۆسرەت لە خواروویی کوردستان، (شوشکە)شی پێ دەڵێن.

شەبەک: ناوی دێیەکە لای دێی کارێز، عەلی پەش، تەیراوا، تۆبزاوا، منارەپەش و خەزنەتەپە کە هەموویان سەر بە ناوچەی نەینەوان لە خواروویی کوردستان. دانیشتوانی ئەم دێیانە کوردن و لەسەر ئایینی (شەبەکی)ن کە ئاینێکی تری خواروویی کوردستانە و بڕوایان زۆر بە ئیمامی عەلی بەهێزە؛ پەنجەرەی لە تێلی سەر چاك و پیران؛ نهێنی خۆماڵی ناو دەروێشان؛ قەڵادە.

شەتاو: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان؛ ئاوی سارد لە ئەسپ پرژاندن لە گەرمادا؛ بریتییە لە ئاوێکی زۆر کە لە بەفری تواوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، (شاکە) کە شاعیرێکی کۆنی (گۆرانی) کورد بووە، مێژووی لە دایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرە دیار نییە، هەندێك سەرچاوە ئەڵێن: (شاکەرەم) ناسراو بە (شاکە)، لە شاعیران ناودار و (بدیهە) وێژی ناوچەی کەلهوڕی لای ئیلام (مەڵبەندی ئاسمان ئاباد) بووە و لەوێ لەگەڵ (منصورخان) ناوێك لەگەڵ پیاوانی کەلهوڕ هەڵسوکەوت و دۆستی هەبووە و وتووێژ و پرسیار و وەڵامیان بە شیعر کردووە. ئەو مەسەلەیە بووە بە مەتەڵ و قسەی سەرزمانی خەڵك، بە شێوەیەك کە ئەگەر دوو کەس وتووێژیان درێژە بکێشێ پێیان دەڵێن بوون بە (شاکە و مەسوور)، ئەو شاعیرە لە شیعرێدا ئەڵێ:

نە رۆح، نە ڕاحەت، نە دەنگ، نە نەفەس
نە دین نە دنیا، نە دەییار نە کەس

نە کۆ، نە کەمەر، نە **شەتاو** نە شێو
نە تەیر نە ئینسان، نە شەیتان، نە دێو

شەتری: بریتییە لە ڕێزەگوڵینگەی سەر و پۆڕ، گێلگێلە.

شەخەڵە: ناوی کانییەکە (کانی شەخەڵە) لە پشتی کانی سیف لە قەد چیای سوورێن لە خواروی کوردستان.

شەدادان: تەرەیەکی کوردن لە (١٢) تیرەکەی تیرەی (بەرازیە) و هەموو لە تیرەی (بەریزانلی)ن، کە بریتین لەمانە: (کیتکان، شێخان، ئوکیان، **شەدادان**، ملی دینی، مەعافان، زوران، پیچان، قەرەکیچان، دینان و میردیدان) کە لە دەوروپشتی (سروج) دائەنیشن. (بڕوانە مێژووی کورد و کوردستان: مەردۆخ)

شەدەڵان: ناوی دوو دێیە لە خواروی کوردستان.

شەدەڵە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

شەڕگە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ مەیدانی جەنگ.

شەرۆێت: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

شەڤگەش: شەوگەش، ناوی گوڵێکە هەر لە شەودا دەپشکوێ و بەڕۆژ دەپوچێتەوە.

شەقایق: ناوی جۆرە گیایەکە و لە زۆر جێگادا ئەڕوێت، لە جۆگە و باخچە و بەر و دێبەری ماڵانیشا هەیە گوڵی ئەم گیایە نە سوورە و نە زەردە و نە سپیە لە نێوان هەرسێیانا ڕەنگێکی بەخۆیەوە گرتووە. سەرنج بکێشە لە باسی (شیرین و فەرهاد)یشدا باسی لێوە هاتووە بە ناوی (شەقایقبێز)، لە باری دەرمانیشەوە بۆ ئەو کەسانەی ئازاری شەقیقەیان هەیە دەرمانە ئەو ژانەسەرە دوورودرێژە کە تووشی هەندێ کەس ئەبێ لایەکی سەری دێتەژان بەزۆری لە دوای هەتاوکەوتن:

گوڵی **شەقایق** چیلك (تووەسوور)

دەرمانی ژانەسەرن لەگەڵ تووڕ (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

شەکرا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شەکرانێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شەکرۆك: وشکەوەبوویی شیلەیی گیایەکە تامەکەیی شیرینە؛ گیایەکی سەرخڕی دڕکاوییە خڕێك لەبن دڕکەکانیدا هەیە دەیخۆن، کەرتەشی؛ جۆرێکە لە کاڵەگ.

شەکێن: بەنەرمی جوڵانەوە، شتێك بەهۆی هێزی باوە بشەکێتەوە:

قەڵغانی زەردەماین چۆن دێنێ
هەوری لەسەری با دەیی**شەکێنێ**
شەریف مەکوژن لاوی گەرمێنێ
قەڵغانی زەردە ماینی شێیە
دەنگی تەپڵیان دێ لە میرەدێیە

شەریفی مەکوژن دۆستی چاوی ئێیە (لە داستانی شەریف هەمەوەندا)

شەلال: تاقگە، ئاوهەڵدێر، سۆلاڤ: (**شەلالی** گەلی عەلی بەگت دیوە؟)؛ نەرم و ناسك؛ سلار، درێژبوون لەسەر زەوی؛ شڵاڵ، ڕیزەدرومانی دەرەوە.

شەمام: شەمامە، شمام، بریتییە لە گندۆرەیی پڕ بە مشت و ڕێ ڕێ بۆ جوانی و بۆنکردنی هەڵی دەگرن.

شەماموك: شەمام، شمام.

شەماموکە: شەمام، شەمامە، شمام.

شەمامەر: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان لە زۆر لاوك و حەیراناندا ناوی هاتووە.

شەمان: جێگای شەم تێنان، ئەو جێگایەیی مۆمی تیادادەنرێ.

شەمانی: ناوی گوڵێکە بەزۆر ڕەنگ.

شەمدان: ئەو جێگایەیی مۆمی تیادادەنرێ، شەمان.

شەنگ: فیشەکی تفەنگ؛ شرپوشاتاڵی ناوماڵ؛ جوانی و لەباری، شەنگوشۆخی:

سەرپەنجە لە ڕەنگی گوڵ دەڕەنجان ڕەنگ و خەنە چون لەوێ دەگونجان
ڕنگێکی خودا هەڵی بژێرێ گۆڕاندنی کێ هەیە بوێرێ؟
وان و خەنە پاشی ناهومێدی چاریان بە تەنێ لە ماچی پێ دێ
ئەو خشڵی کە بوو لەدوو گوڵی **شنگ** ئیشکەی لە زەوی دەدا بە حەوڕەنگ
(خانی مەزن)

شەنگۆڵ: زۆر لەسەر کەیف و دڵخۆش؛ شەنگڵە.

شەنگەبێری: بێری جوان و لەبەردڵان.

شەنگەدار: داری جوان و لەبار.

شەواو: بریتییە لەو ئاوەی کە شەوان لە زەرعات دەکرێ:

گریانی بەیانانی منە باعیسی خەندەت
پشکووتنی گوڵ مایەیی لێنانی **شەواوە** (ئەدەب)

شەوەر: ناوی گیایەکە خۆمالێکراوە لاسکی کەمێك سپی و گەڵای سەوزە لە بنەماڵەی سێپەڕەیە، بەڵام زیاتر لە زەوی بەرز ئەبێەوە:

(مێژوەرد) و (وێنجە) هاولفی **شەوەر**

کنیوالو قوڕاد هاوڕێی کەوەر (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

شەهن: ناوی جۆرە درەختێکە.

شەهی: خۆشەویستی لە شەڕداکوژراو؛ ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

شیرنال: خێڵێکن لە کورد و لە سەرووی کوردستان دەژین.

شیرولە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی هەڵەبجەی خواروی کوردستان.

شیرێژ: شیراز، سیراج، ژاژی.

شیرینشۆك: ناوی جۆرە گیایەکە بەزۆری لە کوێستانەکانا ئەڕوێ، دوو سێ

گەڵای شینی مەیلە و پانی هەیە (١٠) سانتیم لە زەوی بەرز ئەبێتەوە گوڵێکی سووری زۆر جوان دەرئەکا و لە تەواوی گوڵاڵەسوورەکانی چیاکان جوانترە و بە شەوقترە، گەڵای گوڵەکەی قایم و ئەستوورە بنی ئەم گوڵە واتە سەلکەکەی وەکو سەلکی پیاز (پیواز) وایە بەڵام بچووکترە، زۆر شیرین و بەتامە، منااڵن کە ئەچنە کوێستان بەزۆری بە شوێنیا ئەگەڕێن سەلکەکەی ئەخۆن و گوڵەکەشی بۆ جوانی ئەهێننەوە بۆ ماڵەوە.

شیڤیێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)

شیلەخان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شێن: جوان و نازەنین، نەرمونیان؛ دەتوانن.

شێنا: بەهێز و تاقەت، بەتوانا.

شیناوە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شیناوی: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شینکە: زەویی کڕینی شینکار (زەویی لم و زیخەاڵن)؛ ناوی تیرەیەکە لە کورد لە ناوچەی شاربازێڕ لە خواروویی کوردستان دەژین؛ ناوی جۆرە تفەنگێکە لە دەمەوە دائەگیرێ؛ گیاوگژی تازە سەردەرهێناو لە دەشت و سارا؛ جێ خیز و ڕەمل؛ فەرمان بە گریان بۆ مردوو؛ فەرمان بە سەوزکردنی ڕووەك؛ فەرمان بە کەوەڕەنگ کردن؛ فەرمان بە ڕەنگی شین کردن: (کراسی یاریچییەکان گشت **شینکە**)؛ جۆرە دەردێکە؛ سەوزی، شینایی:

نە **شینکە**ی سەر کونەمێرووە نە چریوەی بن کەویان

لۆزانە تێی گەوزیبێ پیرەحۆشتری ئەمەویان (شێخ محەمەد بالەك)

شینیە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شیواسان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شیوکێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شیوە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شیوەڕەز: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
شیوەشان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
شیوەکەڵ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

• • •



عەمرۆکە: ناوی گیایەکی بەهارییە گەڵای وەک گێلاخە وایە.

عەناب: ناوی چەشنە ڕووەکێکە، گیایشی هەیە و داریشی هەیە دارەکەی بەسوود و نایابە بۆ هەموو جۆرە دەرگا و پەنجەرە و شتی تر، گیای عەناب گیایەکی بۆنخۆش و جوانە وەکوو عەتر وایە ئەکرێتە ناو چایەوە:

لەگەڕ تۆمە چاو **عەنابی**
ڕووزەردی قاپی خودابی
من زووم زانی لۆمن نابی (فۆلکلۆری کوردی ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

• • •



فاتاوە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)
فاویە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
فرەهی: ئاسوودەیی؛ خۆش ڕابووواردن؛ هەرزانی.
فولویا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان. (هەژار)
فەتکان: ناوی هۆزێکی کوردە و لە سەرووی کوردستان دەژین.
فەرین: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

• • •



ڤانا: ئەوانە، ئەیانە.

ڤرگولی: پەنگی خەنەیی.

ڤژاو: بناوانی ئاو بۆ وەرزێران دابەشکردن.

ڤەبڕك: بریتییە لە جۆرێ کولێرەی بە هێلکە و شیر و پۆن.

ڤەرڤە: بەفر، بەرف.

ڤەرێژ: بریتییە لە ناوەڕۆکی کتێب و نووسراو.

ڤەرینە: ڤەرین.

ڤەزکین: ئاو لە زەوی بەنهێم دەرچوون، هەڵقووڵین.

ڤەژەن: پریشکەی ئاگر، بروسکەدان؛ تین، هاڵاوی گەرما.

ڤەژین: زیندووبوونەوە.

ڤەژینك: ژیانەوە؛ هۆی بوژانەوە.

ڤەور: بەفر.

ڤین: عیشق، ئەڤین؛ تاسە.

ڤێنی: ئائەمە.

• • •



قاجر: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قاراوا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قارنجە: قارنج؛ ناوی دێیەکە لە کوردستان.
قازان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قاینجە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قرالی: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قربیجە: ناوی جۆرێك گیایە لە دەشتدا دەڕوێ.
قڕگە: بەرێکی دارمازو؛ ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قڕناقە: ناوی دێیەکی شاخاوی و سەختە لە خواروی کوردستان.
قزلان: ناوی تیرەیەکە لە کوردە یەزیدیەکان.
قزلجە: ناوی دێیەکە لای شاری (مەهاباد) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
قزلەر: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
قزلیار: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

قشلاخ: ناوی دوو دێیە لە خواروویی کوردستان.
قشلان: ناوی دوو دێیە لە خواروویی کوردستان.
قلرخ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قلیجە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قۆپخان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قوپکە: قۆپك، ترۆپکی چیا: (ئەو **قۆپکە** سەنگەرمان بوو)؛ سەری خڕی شتی باریك.
قۆپەن: بریتییە لە پەڵەگیای بڵند لە ناو مێرگ و گیاجاڕدا.
قوتکە: دوندی چیا؛ لووتکەی تەپۆڵکە؛ زۆپی.
قوتۆڵ: ناوی چیایەکە لە کوردستان. (هەژار)
قورچیا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قۆرغان: ناوی ئاوایەکە لە موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
قورف: گوڵبڕێر لە پەڕێز؛ لەرزین، ڕەجفین؛ پاشەڕۆکی مێوە؛ قەف و گوڵی دەغڵ؛ کێشەوەی دراو بۆسەر خۆیان.
قۆرەتو: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قوشلان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قۆشمە: بریتییە لە زارۆی زیرەك و قسەخۆش؛ حەنەکچی.
قولپەژێر: بریتییە لە تۆمی گوڵی هێرۆ.
قۆمژان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
قووخەڵ: ناوی مەلێکە لە لەقلەق دەکات بەڵام بچوکترە، لە دەم ئاوان دەگەڕێ. (هەژار)
قەدەمخێر: بریتییە لە کەسی پێ بەخێر و خۆشی، کەسێ کە هاتنی بە فاڵی چاك دەگرن و خێروخۆشیی لەدوا دێ: (یاخوا بەخێر بێی و هەروا **قەدەمخێر** بی).

قەسلّان: (**قەسلّان** و کەورزەینالی) دوو ناوچەن لە خواروویی کوردستان.
قەلّاتان: قەلّات؛ ناوی دێیەکە لە کوردستان. (هەژار)
قەمتەرێ: ناوی دێیەکە لای شاری (مەهاباد) لە پۆژهەلّاتی کوردستان.
قەویلە: ناوی دێیەکە لە کوردستان.
قەیتول: ناوی دێیەکە لە ناوچەی (زەنگەنە) لە خواروویی کوردستان.
قەیفە: ناوی جۆرە گوڵێکە سوور و قاوەیی تووکنە، (گوڵە **قەیفە**) لە زۆر باخچە و دێبەر و حەوشی ماڵانا هەیە:

(چاومەستە) و (گوڵە **قەیفە**) و (بەپەزا)
مافەقە و (بەلبەلە شوانە) و گەڵا چا (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

• • •



کاخلی: جۆرە گیایەکی خۆمالیکراوە کشتیار (جووتیار)ەکان لە بەر و دێبەرەکانا ئەیڕوێنن باڵای بەرزە و گوڵێکی زەردی جوانی هەیە، گوڵەکەی وشك ئەکەنەوە. بووە بە هاوڕێی ڕەشکە و زیرە و زریشك کە تام و بۆنی نان و کولێرە خۆش ئەکات بە تایبەتی کە ئەیکەن بە ڕووی کولێرەدا ڕەنگی کولێرەکە زەرد ئەکات و تام و بۆنی خۆش ئەکات.

کاران: کار، کۆی کار؛ پاشگرێکە لەدوای کۆڕ دێت:

فاتمێ زاڵێ چەندم گۆ مەچووە داران

فاتیلی فاتمۆکی دەتگەنێ کوڕو**کاران**

فاتمۆکێ بێ بابێ دەپێنن بەندی گواران (فۆلکلۆری کوردی ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

کارچین: ناوی جۆرە هەرمێیەکە کە بەکاڵی لێ ئەکرێتەوە.

کارە: ناوی ڕووبارێکە لای شاری موسڵ و ئەڕژێتە زێی گەورەوە، هەردوو بەشی عەشیرەتی بەروار (بەروار باڵا و بەروار خواروو) لە سەرووی ئەو

ڕووبارەوە ئەژین؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان؛ کار، کۆرپەی ساوای بزن: (چاوێکت لەو **کارە**کۆرپانە بێت)؛ کاڵ، سێوێك یان شتێك کە هێشتا پێنەگەیشتبێ بە تەواوی: (زۆردەلووەکە هێشتا **کارە** و نەگەییووە)؛ ئامازەیە بۆ ئیشێك، کارێك: (**کارە**کەت تەواو کرد؟)؛ کارت، کارتە، خێرۆك؛ کاراك؛ کاربەدەست: (کابرا چ **کارە**یە)؛ کاڵ و کرچ:

بڕێنە بابی سینەمێ دەڕێن سینەم بێ حارە
بڕێنە وەستاکاران بیڕی کێڵی بە خارە

لۆم بڕێنە شاهی ماران نەخوا دووچاوی **کارە** (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

کارێج: ناوی ناوچەیەکە لە کوردستان؛ شەنە، شەن. (هەژار)

کاریلۆف: ناوی دۆڵێکە لە سەرووی کوردستان کە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید شەڕی قورسی لەگەڵ هێزەکانی تورك ڵێ کراوە.

کاشان: بە نیشانەی جێگەپا دۆزینەوە، شوێنگێڕان.

کاناو: چەم یا سەرچاوەئاوێك کانزای ڵێ دەردەخەن.

کانێشکان: ناوی گەڕەکێکی شاری (هەڵەبجە)ی خواروویی کوردستان بوو، لەگەڵ شارەکە بەعەس وێرانی کرد.

کرکال: ناوی دێیەکە سەر بە شێروان مەزن لە ناوچەی بادینانی خواروویی کوردستان.

کنێر: کەنێر، نوێ جۆرێك گیایە؛ جۆرە دارێکی کوێستانییە گەڵای وەك داری کەووت وایە، لە کاتی سووتانا بۆنی خۆشە:

شلێرەوەی شلێرە
بۆن خۆشە وەك **کنێرە**
لە بەگزادەی هەولێرە (سەربەندی گۆرانیەکی کوردیە)

کۆتان: جێ پووش و پاری پاوان؛ زەمینێك سەخت بێ بۆ کێڵان؛

پەچەمەڕ.

کۆچان: خێڵاتی کۆچەران هۆزێکی کوردن لە سەرووی کوردستان دەژین؛ بارکردن لە ئاوایی.

کورتی: بەشێك بوونە لە کورد. (مەردۆخ) دەڵێ: ئەم بەشەی کورد لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ لای زەریای مازەندەران وە ناوچەی ئازەربایجان و هەرێمی ئەسفەهان، هەمەدان، کرماشان و لوڕستان ڕۆیشتوون پێیان وتراوە (کورتی) واتە (کوردی).

کۆزێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان. (هەژار)

کۆزینە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

کۆسال: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

کۆسان: کۆساران؛ زۆزان؛ جێگای زۆر بەفرگر.

کۆڤەند: جۆرێکە لە هەڵپەڕکێی کوردی کە کوڕ و کچ لە دەور یەکدا دەست ئەگرن و هەنگاو هەڵئەنێنەوە و خۆیان ئەخەن بەملا و لادا، زوڕنا و دەهۆڵیشیان بە دەنگی بەرز بۆ ئێ ئەدەن.

کۆلار: ناوی کێوێك بووە لە کێوەکانی: (لیسیر، کین با (کێوی ڕزگاری)، نیکدیم، نیکدی ئیراسیماکی، ئازیروی (ئەزمڕ)، لارلار، سوانی و بنسپی) لە سەردەمی وڵاتی لولوەکان لە سەدەی نۆهەم کە دوایە بوونەتە بەشێك لە دەوڵەتی ماد. (بڕوانە مێژووی کورد و کوردستان- مەردۆخ)

کوڵە: پارچەگۆشتی بێهەستی؛ سەرگۆنا:

وەرە با دەس لە باڵاکەت وەرێنم!

وەرە با **کوڵە**م لە **کوڵە**ی تۆ خشێنم! (هێمن)

کۆڵۆنجە: گۆڵۆنجە، کوڵجە (جۆرێکە لە سوخمەی بەقۆڵ):

کۆڵۆنجە: ڕێ ڕێ، شلوملگیان

دەسماڵخاکانی

کەی من بە تۆم گرت
ڕێگەکەی سەرکانی؟
کۆڵۆنجە ڕێ ڕێ، شلومل گیان
دەسماڵپەشمینە
وەرە ماچت کەم نازەنین
خوێنت شیرینە (فۆلکلۆری کوردی)

کولەخانە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کـولـەک: ناوی دێیـەکـە سـەر بـە شـارۆچکـەی شێـروان مـەزن لـە نـاوچـەی بادینانی خواروویی کوردستان.

کولیایی: تیرەیەکن لە کورد؛ نای مەڵبەندێکە لە کوردستان. (هەژار)

کولێنان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کۆمتان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کوێرەنگ: ناوی شاخێکە لە خواروویی کوردستان.

کەبان: ناوی عەنباراوێکە لە کوردستان ڕووبەرەکەی ٦٧٥،٠ کچگ دەبێت.

کەپکان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کەتو: ناوی شاخێکە لە خواروویی کوردستان.

کەتێ: کوڕکوڕ، قەتێ. (هەژار)

کەجان: وشەی دواندنی کچ بە خۆشەویستی.

کەحاتە: ناوی چۆمێکە لە کوردستان درێژییەکەی ١١٤ کم دەبێت.

کەشکان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کەشینە: جۆرە ماسیەکی خاڵدارە کە لە ئاوی شیریندا دەژی.

کەلار: چەند شیشەتوتنێکی زۆرە کە وەک خەرمان لەسەر یەک دانرابێ؛ ناوی دێیەکە لە ناوچەی کفری لە خواروویی کوردستان.

کەلکان: ناوی دێیەکە لای شووشان و شووشکان لە بناری چیای کۆسرەت

لە خواروویی کوردستان.

کەلکیت: ناوی چەمێکە لە کوردستان درێژییەکەی ٣٧٣ کم دەبێت.

کەلوش: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کەلۆێ: ناوی چۆمێکە لە خواروویی کوردستان.

کەلەک: شتی خڕەوەبووی سەریەک: (سێوەکان لەسەریەک **کەلەک** بوونە)؛ کەرەک، لە داروبار و هەندێك جار حەسیریش دروست دەکرێ بۆ پەڕینەوە لە ڕووبار؛ ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١١٠ مەتر دەبێت.

کەلەکان: ناوی دوو دێیە یەکیان لە بناری چیای (کۆسرەت) و یەکیان لە بناری چیای (ئاسۆس)ەە.

کەلەوێ: ناوی گیایەکی بەهارییە و لە زۆر جێگادا ئەڕوێ بەتایبەت لە ناو زەویوزاری بۆرێن و نزیك جۆگاکان لە سەرەتای بەهارانا ئەڕوێ و لە خاك سەردەردەهێنێ، گەڵایەکی پانی هەیە بە زەویدا پەخش ئەبێتەوە خەڵکی دێهاتەکان لە بەهارانا هەڵی ئەکەنن بە ناسکی سووری ئەکەنەوە و ئەیخۆن مەزەی ترشیشی ئەدەنێ، خواردنێکی خۆشە بۆ ئەوکاتە، بەڵام کە پیربوو ئەبێ بە دڕك:

گەزیزە و گاگرۆ **کەلەوێ** و گۆزروان

نێرگز و وەنەوشە سێسنەی جوان (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

کەما: ناوی گیایەکی بەرزی گەڵادەرزییە، کارگی کەما لە هەموو کارگێك باشترە. ئەم گیایە بەزۆری لە کوێستانەکانا ئەڕوێ بەهێز و بەتامە دەڵێن گیانداری مێیینە بیخوات شیری زۆر ئەبێ، ئاژەڵ قەڵەو ئەکات. ئەم گیایە وەکو دەرمان بەکارهاتووە لە کۆندا، بە سەوزی گەرم دەکرێت و لەسەر برین دائەنرێت زوو ئەیگەیەنێ و چاکی ئەکاتەوە، خارچکی **کەما** لە هەموو خارچکەکان بەتامترە، سروشتی **کەما** لەخۆیا گەرمە:

بۆت باس ئەکەم گژوگیا لە باغ و دەشت و کوێستان
بەرهەم و بوون و بوونەوەری کوردستان
هەندێکی هەر بەروبوومی خۆمانی یە لە باغ و بێستان
هەندێکی هەر بوومی یە لە کەژ و لە کوێستان
واتە (هەڵز) و (**کەما**) و (مەندێ) و (چەقەلۆ)
(لۆگەنە) و (لۆشین) شالۆ و بالۆ (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

کەمازەنگ: ئەم گیایە لە هەموو ڕوویەکەوە لە (کەما) ئەچێ بەڵام ئەم بێهێزترە:

(کەمازەنگ) و (چەکمەڕەش) هاوڕێی (وێلنگە)
(بێڵەهەڕ) و (گندۆڕ) (پونگە) و (خەڕپونگە) (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

کەمبەر: ناوی گوڵێکی دەشتییە؛ پشتێنی زێڕ یاخود زیو؛ ناوقەد؛ تەسك.

کەمبەرە: پشتێنی خشڵ؛ ناوقەد.

کەنجارە: ناوی دوو دێیە لە خواروی کوردستان.

کەندالا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

کەنین: کەندن، خەنین، پێکەنین: (خەڵکەکە زۆر پێ**کەنین**).

کەنێو: ناوی چیایەکە لە کوردستان.

کەوزینال: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

کەوسەر: کانیاوێکە لە بەهەشت:

گەوهەرێ گیان گەوهەرێ　　سینگت حەوزی **کەوسەرێ**
خۆشترە لە ئاوی زەمزم　　حەجاجی دەچنە سەرێ (گۆرانییەکە بە دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەك)

کەوشان: سەیرانێکی بەهارییە و نەریتێکی باو و دێرینەی ناوچەی باڵەکایەتییە (کە لە بەهاراندا گوڵ ئەگەشێتەوە، کوارگ و ڕێواس و کنگر و ....تر پەیدا ئەبێ. گەنجەکان کوڕ و کچی ئاوایی یا لەگەڵ چەند ئاواییەکی

تر بەیانیان کۆئەبنەوە و ئەیکەن بە شایی و پەشبەڵەک، دوای ئەوە بەکۆمەڵ و بەجووت بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا بە دەشت و چیادا بڵاوئەبنەوە، لای عەسر بە چارۆگەی پڕ لە گیا و کوارگ و گوڵی بۆنخۆش و جوانەوە لە چیا دائەبەزن و دیسان کۆئەبنەوە و شاییەکی پەشبەڵەک ئەکەن و بڵاوەی ێ ئەکەن هەرکەس بۆ ماڵی خۆی) بەمەش ئەڵێن **کەوشان**. گۆرانیەکی بەناوبانگی (حەسەن زیرەک) لەسەر **کەوشان** دەڵێ:

کیژان دەچنە میرگوڵان
بەعام دەچنن وەنەوشان
عارەقی سنگ و مەمکی، تەپردەکا پاژنەی **کەوشان**

کەوێ: کەوا، جۆرێك جلی کوردەوارییە ئافرەتان لەسەر کراسەوە لە پشتی دەکەن لای پشتەوە دەگرێتەوە:

ئەو بن **کەوێی** گورباتمان بەحەوت لیرەی کڕایە
ئەگەر یارم ناناسن، سەرچەنەگەی کوترایە (فۆللۆری کوردی ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

؛ ناوی دوو دێیە یەکیان لە خواروی کوردستان و یەکیان لەسەر سنووری خواروو و پۆژهەڵات کە بە (کانی کەوە) یاخود (کانی کەوێ) ناوداراە:

نازیڵ لێرەو لەوێ		باریکەی خاسەکەوێ
هەر ئێستا ماچم دەوێ		نایخەمە نیوەشەوێ

بە شێخەکەی کانی **کەوێ** (گۆرانییەکی کوردییە بە دەنگی هونەرمەند عەلی مەردان)

؛ کەوێك، وەکو کەو، لە شێوەی کەو؛ شتی پەیوەندیدار بە کەو:

لاوژەی لێرە و لەوێ
بالیف کورکی **کەوێ**
لەکێ دەنووی شەوێ

دۆت مام دێتە ئەوێ (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

کەویە: کەوی ڕەنو، کلّێلە، شاپە؛ کون و خانووی نزم و نەوی؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کیچیان: بەشێکن لە تیرەی کورد و لە مەرعەش دانیشتوون.

کیسقە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

کێشتان: چێشتا، چێشتان، ناوەڕاستی بەیانی و نیوەڕۆ.

کینوال: ناوی جۆرە گیایەکە لە بەهاران و لە کوێستانە بەرزەکانا بەزۆری ئەڕوێ زۆرتریش لە جێگای زیخەڵانی و نزیکی بەفرا هەیە، هەروەها لە ناو شاخ و بەردیشا ئەڕوێ، ڕەنگ و قەدوبالّای لە شێوەی کەوەرە و هەموو خاسیەتێکی ئەوی تێدایە.

کێوات: ناوچیا، ناوشاخ، کۆسار، کۆساران.

• • •



گاتوان: ناوی دێیەکە لای پشتئاشانی خواروویی کوردستان.
گارەقا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
گارەیا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
گاڵ: گاڵە، جۆرێك گیای خۆماڵیکراوە وا باوە دەڵێن لە کاتی گرانیدا کە گەنم و جۆ دەست نەکەوتووە، ئەم ڕووەکە سینگ ئەهێنێتە پێشەوە بۆ ڕزگارکردنی ئادەمیزاد لە برسییەتی، گەڵاکانی پانە و سەوزە زیاتر لە مەترونیۆك لە زەوی بەرز ئەبێتەوە دنکەکانی زەرد و وردە بریقەدارن وەکوو باسکرا لە کاتی گرانیا ئەکرێ بە ئارد و کەمێ ئاردی گەنمی تێکەڵ ئەکەن کولێرەیەکی جوانی خۆشخۆراکی لێ دەرئەچێ، ڕەنگی نانەکەی سوور و جوانە و بە ماستاو و ماستەوە بەلەزەتە، یەکێ لەو هۆیانەی کە دەبێتە فریاکەوتنی ئادەمیزاد ئەوەیە لە دوادوای بەهارا دوای لەناوچوونی نەخۆشی و دەرد و بەڵاکانی گەنم و جۆدا ئەم (گاڵ)ە دائەچێنرێ و فریای مرۆڤ ئەکەوێ.

گاڵە: دەنگی پێکەنینی ساوا؛ دەنگی تێکەڵاوی باڵداری دەنگخۆش؛ ئازایەتی لە کاردا: (هەر **گاڵە** دەکا)؛ دەنگی هەور؛ داخستن: (دەرگا **گاڵە** دە)؛ داد و هاوار بە ناڕەحەتی.

گاڵێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گرتك: ناوی دوو دێیە لە خواروی کوردستان یەکیان لە دۆڵی سماقوولێ کە (سماقوولێ گرتك)ی پێ دەڵێن و یەکیان لای دووگۆمان و پیرانەڕەش و مەمکانە لە دۆڵی ئاکۆییان کە عەشیرەتی ئاکۆیی ی لێ دەژین؛ تەپۆڵکە، گدو؛ شوێنی حەیوانەکێوی گر.

گرداوا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گرێژە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان. (هەژار)

گڤاندە: بریتییە لە سەرلێوی کەنداڵ و شاخ؛ کەوشەنی زەمینی کێڵگە.

گلارە: دنکەترێ: (**گلارە**تری وەدەمتا ناچێ)؛ بڕداری لەسەریەك دانراو؛ گلێنە، بیلبیلەی چاو.

گلوەران: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای خۆی کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٥٠ مەتر دەبێت.

گلە جان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ کانی گڵی ئیربار.

گلیار: بریتییە لە شکۆفەی دارهەنار.

گلێنان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گواران: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گوبان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گوپچە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گوزینە: پێی دەچێ لە (گردە گوزینە)وە وەرگیرابێ کە ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان.

گوڤدەرە: ناوچەیەکە لە سەروی کوردستان.

گولازەر: گوڵەزەردە، کە بۆنی گوڵی گوڵاو دەدا.
گولاسۆر: گوڵەباغ، گوڵی گوڵاو.
گۆلباخ: ناوی دوو دێیە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروووی کوردستان (گۆلباخی سەروو و خواروو).
گوڵپەڕ: بە وەختی دروێنەهاتنی دەغڵ دەوترێ.
گوڵجار: بریتییە لەو شوێنەی کە گوڵی زۆری لێ ڕوابێ.
گوڵچیت: ناوی گوڵێکی دەشتەکییە.
گوڵخاس: خاسەگوڵ، گوڵی خاس.
گوڵخانە: جێگای شەتڵەگوڵ.
گوڵدەرە: ناوی دوو دێیە لە خواروووی کوردستان.
گوڵڕوو: خۆشڕوو، ڕووخۆش؛ شیرین.
گوڵزار: گوڵجار، گوڵستان، باغی گوڵ:

حەیفە ئەو دەستە کە **گوڵزاری** دەنەخشاند، بشکێ
حەیفە ئەو دەستە کە دڵداری دەگەوزاند، بشکێ
حەیفە دەستێ کە بە لەرزی و بە تەزیوی دیسان
دوژمنی ملهوڕی زۆرداری دەلەرزاند، بشکێ (هێمن)

گوڵشێنی: ناوی قامێکی کوردییە.
گوڵناز: گوڵی نازناز.
گوڵەخانە: ناوی دێیەکە لای سەید سادق لە خواروووی کوردستان.
گوڵەزەردە: ناوی گوڵێکی زەردە لە جنسی گوڵەباغ هەڵوا و مرەبای لێ دروست دەکەن؛ دڕوەزەردە.
گوڵەنار: ناوی گیایەکی دەشتەکییە گوڵی لە گوڵی سووری هەنار دەکا.
گومرۆ: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.
گومەت: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

گۆمەزەل: ناوی دێیەکە لەگەڵ دێیەکانی یاخیان، خورخورە، هەوارەبەرزە و چنارنی لە بەری (مەرگە) لە خواروی کوردستان.

گۆمەلارە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گوێزیلە: ناوی ئەشکەوتێکە؛ ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گویلیکا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەڕاقی: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەردانە: خشڵی ئەستۆ؛ گەردا.

گەرساڤا: نوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەرگەر: ناوچەیەکە لە سەروی کوردستان؛ ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ بەردەڵان.

گەرمتان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەرمکان: ناوی دێیەکە لای دێی کانی هەنجیر، نیزۆکی، سەرچیا، سەرتەنگ و دولەگۆم کە هەمووبان دەکەونە بناری چیای (ئاسۆس)ەوە لە خواروی کوردستان.

گەرۆتە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەرور: ناوی دێیەکە لە کوردستان (هەژار).

گەروێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەزوەشان: گەزوشان، ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان، لە بەیتی (خانزادو لەشکری)دا هاتووە:

قۆڵێکم هەڵدەدا لەبۆ (قەمچووغە)ی موبارەک قۆڵی دیکەیان لەبۆ شەنەغەو

گەزوەشانە/ قۆڵی دیکەم هەڵدەدا لەبۆ زێی زەهاوی هی دیکەیان لەبۆ سەقزو بانە.

گەزەڵێن: ناوی دێیەکە لە موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گەش: بەشێکن لە ٦ بەشەکەی تیرەی قەرەئالوس کە بریتین لە (کایتون،

نەوتچی، کاکەوەند، چارماوندی، گاسواری و گەش) و لە ناوچەی خانەقین و مەندەلی دانیشتوون؛ شەق و تورت؛ ئاگری بە بڵێسە؛ سکڵی بێ پەشایی؛ ڕووی بێ گنج: (بە ڕووی **گەشە**وە دواندمی)؛ سووری بە ڕەنگی پۆڵو؛ سووری خوێنی.

گەشە: خۆشی و شادی؛ تێراوی و تورتی و شەقی؛ بزە، زەردەخەنە؛ لقی تازەی ڕەز؛ باڵابڵندبوون و بەخۆداهاتن.

گەلابات: ناوی سێ دێیە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان (گەلاباتی سەروو و خواروو و ناوەڕاست).

گەڵاڵ: ناوی چەمێکە کە ناوچەیەکی شاخاوی و سەخت و پڕ لە دار و بارە کەوتۆتە خواروی کوردستان.

گەڵاڵی: ناوی عەشیرەتێکی کوردە. (کوردی) دەڵێ: سەرکەشی عێڵی **گەڵاڵی** شۆخی بابانی عێراق.

گەلنازکێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەڵنێر: گەڵنێری، ناوی دێیەک بووە کەوتۆتە ناوچەی میرزاڕۆستەمی سەر بە شارۆچکەی ڕانیە لە خواروی کوردستان کە ئێستا بووە بەژێر ئاوی گۆڵی دوکانەوە. دانیشتوانەکەی لە بزوتنەوەی هەقە بوونە.

گەڵواز: گڵواز، گۆڕانی تایبەتی بۆ خۆشی؛ چڕۆدەرکردنی دار لە بەهاردا.

گەڵوازە: گۆڕانی چڕۆدەرکردنی دار: (هەوران گازەگازە دەخوێنن **گەڵوازە**)؛ گوێز و هەنجیری بەبەنەوە کراو؛ فڕینی باڵداران بە کۆمەڵ پێکەوە لە ئاسمان؛ ڕستەموروی سوور و شین کە پێکەوە هەڵدەواسرێ.

گەلوس: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەڵوەزە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەلی: نێوان دوو شاخ کە جۆگەئاوی پێدا دەڕوات؛ دێیەکە لە دۆڵی سماقوڵی (سماقوڵی گەلی) لە خواروی کوردستان؛ قوڵایی دەمی شت؛ سەربە

کۆمەڵ؛ گەڵی، بوهل.

گەڵی: دۆڵ، دەرە، شیو، بوهل.

گەلیاوا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەمالان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەمەکا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەورێ: بە ژنی سپی پێست دەگوترێ؛ گەورە، هۆ گەورە.

گەونێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گەوەر: گەوهەر.

گێچینە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

گێزە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارەزوور لە خواروی کوردستان.

گێلاخە: ناوی گیایەکی وردی نەرم و جوانە لە سەرەتای بەهارا لە دەشتەکاندا ئەڕوێ زۆر لە زەوی بەرز نابێتەوە، دوو سێ چڵی نەرم و ناسکە هەڵی ئەکەنن و سووری ئەکەنەوە وەك باقی گژوگیای تر بە ترشی و هێلکەوە خۆراکێکی خۆشە:

گێلاخە و چاوکوتکە و پێ چۆلەکە

سەڵکە و ڕەزڵە و گیا تۆڵەکە (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

گێلدەرە: گێل- دەرە واتە: خانووی دۆڵەکە بە زمانی هەورامی. ناوی دێیەکی نزیکەی ١٥٠ ماڵ بووە کە یەکەمجار مەرکەزی ناحیەی بەرزنجە بووە.

گێلگێلە: بریتییە لەو ڕێزە گوڵینگە تێکخراوەی کە ژنان بۆ سەروشەدە بەکاری دەهێنن لە کوردەواریدا:

ئەرێ دەڵێم لەو بانە خۆم بخەمە خوارێ

خۆم بخەمە باوەش **گێلگێلە** دارێ (فۆلکلۆری کوردی)

• • •



لاتان: لای ئێوە، لەلای ئێوە، کنتان، لەکنتان؛ ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣١٢٠ مەتر دەدات.

لاپاڵ: قەدی شاخ و گرد، قەدپاڵی کێو؛ لاتەنیشت: (بێ لە **لاپاڵەوە** دابنیشە).

لارلار: ناوی کێوێك بووە لە کێوەکانی: لیسیر، کینبا (کێوی پزگاری)، نیکدیم، نیکدیئیرا سیماکی، ئازیروی (ئەزمر)، کولار، سوانی، ینسپی لە سەردەمی وڵاتی (لولو) لە سەدەی نۆهەم کە دوایە ئەم وڵاتە بووەتە بەشێك لە وڵاتی (ماد) بڕوانە (مێژووی کورد و کوردستان)ی (مەردۆخ).

لارەسا: سێبەری نیوەڕۆژە.

لارێ: شۆخێ، جوانێ، لەگەڵ لەنجەولار دێ (لەنجەو**لارێ**):

که دەبینم لەنجەو **لارێ**
هەست ناکەم بە چ ئازارێ (هێمن)

لازیا: تیرەیەکن لە کورد.

لازیان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

لاژە: گۆرانی.

لاسك: لاچك؛ حیلەی لەسەرەخۆی ئەسپ؛ بریتییە لە تەڵی ناسکی پووەك وەکو لاسکی گوڵەگەنم و جۆ و شتی تر:

سەرو قژت .. مەدەرە دەست پارچە پەڕۆیەك .. ژن

سەروقژت .. مەسپێرە بە شوی لەچك و

سەروقژت .. مەخەرە تابووتی چارشێوێکەوە و

سەروقژت .. لە تاریکی هەڵەکێشە .. ژن !

سەرت .. مەشخەڵەو

قژت .. **لاسکی** گوڵەجۆ

سەرت .. هەوری سکپڕی عەقڵ و

ڕێژنەی پرشنگ مەکوژە ژن ! (شێرکۆ بێکەس)

لاسکێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

لالەیی: تیرەیەکن لە کورد و لە (لەیلاخ)ی (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتوونە.

لاولان: ناوی دوو دێیە لە خواروی کوردستان.

لە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

لۆتەر: ناوی دێیەکە لای دێیەکانی (نۆلچە، سۆفیان، هەلۆنە، مەرگە، پاشکیش، مەلاسەفی و بیوەکە کە هەموویان لە بەری (مەرگە)ن لە خواروی کوردستان؛ زیرەك، زرنگ و چالاك.

لوڕ: بەشێکن لە چواربەشی کورد کە زۆر گەورەن و لە دوو بەش پێکهاتوون (فەیلی) و (مامەسەنی)، بە فەیلیەکان ئەڵێن لوڕی بچووك یا (فضولیە) و بە مامەسەنییەکان ئەڵێن لوڕی گەورە، ئەم تیرەی (لوڕ)ە لە (٢٨) تیرە پێك دێن کە بریتین لەمانە: (فەیلی، کوەگلویی، لەك، بەختیاری،

ماهەکی، ئەنبارلوو، بەیات، بیراوەند، مامەسەنی، ساهی، ئارسان، ئارکی، بەهی، دیرکوند، سەگوەنگ، بالاگریوە، عەبدوڵڵاوەند، شیخەوەند، کاکەوەند، کیسەوەند، زاراوەند، بالاوەند، چالیلوەند، باجلوەند، مافی، سەعدوەند، قەرەزنجیر و زەنگەنە).

لۆرە: گۆرانی لەسەرخۆ؛ بریتییە لە دەنگی بلوێر؛ ناوی قامێکی کوردییە؛ گریان بە دەنگی گڕ.

لولو: جۆرێکە لە گوڵ؛ ناوی گەوهەرێکە لەناو سەدەف لە دەریا دەست دەکەوێ، مرواری؛ لۆلکەی جۆلا.

لومانا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

لووشە: ئەم ڕووەکە لە کوێستانەکانا ئەڕوێ، ئەو ساقەی لە زەوی بەرز ئەبێتەوە سوورە، بەڵام گەڵاکانی لە ٣-٤ گەڵا دەرئەکا و سەوزە، تامی تێکەڵە لە تووی کەمێك لە سوێری لە بەهارانا خەڵك ئەیهێنن و ئەیکەنە ناو دۆخەوا (دۆخەوا ئەو چێشتەیە کە لە دۆ و برنج یا لە دۆ و ساوەر یان گەنمە کوتاو بەو لووشەیە تامی خۆش ئەکەن) و زۆرجاریش پێی ئەڵێن (گیا دۆخەوا)، لە زۆر شوێندا ئەکرێ بە یاپراخ مەزەی ترش و شیرینی ئەدرێتێ لە هەرچی یاپراخەکانا بەتامترە و سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە چونکە یارمەتی هەزمکردن ئەدات.

لەبار: ڕێکوپێك، شتێکە کە بۆ کارێك باش بگونجێ (ئەم کارە کارێکی **لەبارە**)؛ کەسی لایەق و بە شایەن، لەبار و ڕێکوپێکی:

تا تاریکان پەیدا دەبێ
چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە
نە دێتەدەر کیژی **لەبار**
نە ڕادەبڕێ لاوی سادە (هێمن)

لەردێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

لەرە: لەرزە؛ لەر، جوڵانی بەوڵاوڵادا:

گۆزەی سووری سەرشانی
یار هاتەوە لە کانی
بە چاوگە دایپۆشی
لەرە لەری مەمکانی... (فۆلکلۆری کوردی)

لەرێ: ناوی چیایەکە لە خواروی کوردستان.

لەنجاوە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

لەوەندە: ناوی گیایەکی زۆر بۆنخۆشە؛ لە ئەم چەندە: (**لەوەندە**م بۆ بکێشە).

لەیلانۆک: ناوی گوڵێکی ڕەنگ پەمەیی تۆخە.

لەیلانی: تیرەیەکن لە کورد لە ناوچەی کەرکوک و خانەقینی خواروی کوردستان ئەژین.

لەیلانێ: لەیلان.

لەیلوپەڕ: لولوپەڕ، ناوی جۆرە گوڵێکە.

لەیلێ: ئەی دۆست، ئەی دڵبەر؛ گراوی مەجنونی بەناوبانگ.

لهێب: ناوی دێیەکە لای شاری کەرکوک لە خواروی کوردستان.

لهێڤی: بەئاوات، بەهیوا، بەئومێد؛ چاوەنۆڕ.

لیتان: ناوی دوڵێکە لای لکان و لۆلان لە خواروی کوردستان.

لیراب: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٦٠ مەتر دەبێت.

لێرەوار: دارستان، لێر، جەنگەڵ:

ئەمن دەچوومە (بەرایی) کۆچ و کۆچباری،
دەچوومە (دەربەندی ڕمکان) سەلامم دەکرد لە

(بەڕووی) لە (مازووی) لە (چیای) لە **لێرەواری**

تەمەنایەکم دەکرد لەبەر شنگ و کەوەت و دار و دیداری

(فۆلکلۆری کوردی)

لێری: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شێروان لە خواروویی کوردستان.

لیزۆکە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

لێشاو: سەیل، شتی بەکۆمەڵ و زۆر: (وەك **لێشاو** هاتن).

لیلان: لێلان؛ دەنگی باکوت، هاشە و هچرەی با بە بەفرەوە؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

لیلە: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣١٥٠ مەتر دەدات.

لیناڤا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

لینسان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

لیوژی: ناوی دێیەکە نزیك دێی (ئیندزی، سڵێ و بۆڵی) کە ناوچەیەکی شاخاوی و سەختیان هەیە و کەوتوونە خواروویی کوردستان.

• • •



ماتابان: مانگی لە ئاسمان دیار.

ماتاوان: ماتابان.

مارت: یەکێکە لە مانگەکانی ساڵ، ئادار، سێهەمین مانگی ساڵی خاچپەرستان، (هەشتی مارت) پۆژی ئافرەتانە:

هەشتی **مارت** .. ژنە ئاوێنە فرۆشێکی دڵدارەو
ڕوناکیی بەسەر وڵاتدا ئەبەخشێتەوە .

هەشتی **مارت** .. کچێکی شەنگەو بەتریفە لەسەر ڕوی ئاو
شیعر ئەنوسێتەوە. (شێرکۆ بێکەس)

مارینە: ناوی شوێنەوارێکی کەونارایە لە سەرووی کوردستان.

مازگێرت: ناوی ناوچەیەکە لە سەرووی کوردستان.

مازەڵە: ناوی دۆڵێکە لای زنجیرەشاخی ژیلوان لە خواروی کوردستان کە (دۆڵ مازەڵە)ی پێ دەڵێن.

مازێ: ناوی چیایەکە لە کوردستان. (هەژار)

مازیێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
ماسو: ناوی دێیەکە لە کوردستان. (هەژار)
ماشگە: ناوی چەند دێیەکە لە کوردستان.
ماقۆر: لە ناوچە شاخاوییەکان بەو ئاوە دەڵێن کە لە چاڵایی سەر بەرددا دەمێنێتەوە، کەو و کیوی لە هاویندا لێی دەخۆنەوە. لە هەندێك شوێنی تری کوردستان (هەرکەو)ی پێ دەڵێن.
مالوان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارەزووری خواروویی کوردستان؛ ناوی ناوچەیەکە.
مالومە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
مالّەنیا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
مامزاوا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
مامیسا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
مانگیلە: مانگ تازە؛ شکڵی مانگ تازە لە ئاڵادا.
ماوانە: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ماونان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
مایلە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
مایندۆڵ: ناوی دێیەکە نزیك دێی (بەردەڕەش، قەویلە و شیرەبەرە) هەموویان سەر بە چەمی (گەڵاڵ)ن و شاخاوی و سەختن.
مایەوا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
متورفە: زۆرجوان، بێهاوتا لە جوانیدا:

وەکو تروسکەی کزی خەیاڵی
شەپۆڵی ونبوون ڕایانی ماڵی
بەڵام **متورفەی** بەژن و باڵاکەت
هەرگیز ون نابێ لە ئاسۆی هەستا

هەمیشە نەخشە شۆخی کەڵەگەت
لەناو جوانترین وشەی هەڵبەستا (لەتیف هەڵەت)

محەکە: ناوی دێیەکە لە خورووی کوردستان.

مرێ: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

مژدینان: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

مژێ: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

مسکێ: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

مشتاخان: مانگی شەشەمی ساڵ، مانگی خەرمانان.

ملیەزە: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

منینێ: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

مۆبرە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی لای چەمی ناڵپارێز لە خواروووی کوردستان.

موتکا: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

موتلجە: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

موتورفە: متورفە.

مۆتە: ناوی شاخێکە لای دەرەشیر و دەرەهەرتەل لە دۆڵی باڵیسانی خواروووی کوردستان؛ جۆرێك خەون بینینە:

دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری **مۆتەی** شەو
داد لە دەس ئەم دڵەی بە خەم!
وای لە دەس ئەم چاوەی بێ خەو! (هێمن)

موورستان: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای ئەلیگودەرز بەرزاییەکەی دەگاتە ٣٠٢٠ مەتر.

مۆرمان: ژیلەمۆ، زیلەمۆ. (هەژار)

موکردان: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

مومان: تیرەیەکن لە (١٤) تیرەکەی تیرەی (توری عابدین).

مەڕاڵ: ئاسك، کەژاڵ، مامز، مامبز، خەزاڵ. (هەژار)

مەران: ناوی دێیەکە لە ناوچەی بادینان لە خواروی کوردستان؛ بنەیاسەمەن، لکی ئەکرێتە دارجگەرە. لە بەیتی (خەجۆ و سیامەند)دا هاتووە کاتێك سیامەند لە سەرەمەرگدا ڕوو لە خەج دەکات و دەڵێ:

((وەی لەمن (خەجێ)، وەی لەمن... تۆخوا (خەجێ)، بەو سەر و ڕووی سوورەوە، بەسەمەکە -هەی ڕۆ- ڕۆ و گریانێ.

میهر و جەمبەری خۆشەویستت لە دڵا تاکو **مەرانی**. ئاوڕێکی بەردامەوە لە هەناوی، نە بە گۆڕەژنی شیبای نیوەشەوێ دەکوژێتەوە، نە بە پریژکاپریژکی دەبارانێ.

بۆچڕووکێکم لە تەنی هەڵدەستی لە گوێێن هەوری ڕەش دەگەڕێتەوە کەلێنی ئاسمانێ)).

مەڕان: ناوی پنچکێکە لە لێرەوار کە گەڵای لە گەڵاتو دەکاو، بەرێکی وردی ڕەش دەگرێ.

مەرداس: تیرەیەکن لە کورد و لە (٣) تیرە پێکهاتوون: (پاڵو، چرموك و ئەگیل).

مەرزینگ: ناوی عەشیرەتێکی کوردە. (هەژار)

مەرە: ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی هەکاری کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣٤٢١ مەتر دەدات.

مەرینا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

مەزرە: مەزرا.

مەزرێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

مەگری: ئەم ووشەیە بە مانای (مەگرین، مەگریە، مەگیرە، مەگیرێ) دێ کە هەموویان واتای (گریان) دەبەخشن، لە هەمان کاتیشدا ناوی تیرەیەکی

کورده له (٥) تیره‌که‌ی (شوکاك) که بریتین له‌مانه: (شکاك، شگفتی، شاولی، بوتان و **مه‌گری**).

مه‌ل: باڵدار، ته‌یر، په‌رنده؛ جانه‌وه‌ری بچکۆله: (**مه‌ل** و موور).

مه‌ڵاتیا: ناوی ناوچه‌یه‌که، ناوی شارێکه له کوردستان بڵندایی‌یه‌که‌ی له‌ڕووی ده‌ریاوه ٩٩٨ مه‌تر ده‌بێت.

مه‌لخته: ناوی دێیه‌که له خواروی کوردستان.

مه‌لکه‌ری: تیره‌یه‌کن له هۆزی سویسنی له کوردستان. (هه‌ژار)

مه‌لکه‌زان: بریتییه له فریشته‌ی سه‌رپه‌رشتی ده‌غڵودان و شینایی و زاوزو:

بیست و چاری ئازارێ　**مه‌لکه‌زان** هاته خارێ

سه‌ری دارێ بنی دارێ　تێره‌خۆرا ماکێ و کارێ (وته‌یه‌کی پێشینه‌یه)

مه‌لۆك: ناوی دێیه‌که له دۆڵی (بالیسان)ی خواروی کوردستان؛ مه‌ڵۆ، مه‌لو.

مه‌له‌ك: ملیاکه‌ت، فریشته:

نۆکه‌ریت ناکه‌م مه‌یژه **مه‌له‌که**

ئه‌بم به به‌رده‌س که‌ریم ئه‌له‌که (قانع)

مه‌لوه‌ك: ناوی چیایه‌که له کوردستان که به‌رزاییه‌که‌ی ٣١٥١ مه‌تر ده‌بێت.

مه‌لیلژه: ناوی دێیه‌که له خواروی کوردستان.

مه‌مانی: ناوی دێیه‌که له خواروی کوردستان.

مه‌مۆلان: ناوی دێیه‌که له ناوچه‌ی شێروان له خواروی کوردستان.

مه‌میاوا: ناوی دێیه‌که له خواروی کوردستان.

مه‌ندم: (مه‌ندمی) تیره‌یه‌کن له کورد و (٥) به‌شن: (محه‌مه‌د مرادی، تاری مرادی، ئاخه‌سووری، عه‌لی مرادی و لوله‌رزی) له شاره‌زوور و زه‌هاو و ناوچه‌ی حسێ ئاوا دانیشتوون.

مه‌ندێ: جۆره گیایه‌که وه‌ك هه‌لز وایه، کوێستانییه و گه‌ڵایه‌کی وردی سه‌وزی هه‌یه لاسکه‌که‌ی سپییه، له خاکی باشا مه‌ترێك به‌رز ئه‌بێته‌وه،

خەڵکی دێهاتەکان لە بەهاراندا بە ناسکی هەڵی دەکەنن، بەکاڵی و بە زەردکراوەیی و بە سوورەوەکراوی ئەیخۆن، بە هەموو جۆرەکانی تامی خۆشە بە تایبەتی لەگەڵ هێلکە سووری ئەکەنەوە، لە زۆر شوێندا زەردی ئەکەن بۆ زستان، لە ناوچەی بادینان و گەورك و گڵۆران و شوکاك لە بەهاران ئەیچنن و تێکەڵ بە پەنیری ئەکەن پێی ئەڵێن (ژاژی) تام و بۆنی پەنیرەکە خۆش ئەکات، کە پیریش بوو ئەیدروون و ئالفێکی باشە بۆ ماڵات تەنیا ئەوە نەبێ بە خواردنی مەندێ گیاندار ڕەوان و شۆڕ دەبێ، پێویستە ئەوەش بزانرێ لە زۆر جێگادا تەنها بە تێکەڵکردنی سرێژ و مەندێ ئەڵێن (ژاژی)، بەڵام سرێژ یان سرێچ یان شیرێژ یان سراج هەموویان بەو دۆیە ئەڵێن کە لە بەهاراندا گەرم دەکرێت سەرتوێژەکەیەتی بە ئاوەکەیشی ئەڵێن سجاو و سرێژەکەش ئەکەن بە کەشك:

هەندێکی هەر بەروبومی خۆمانی یە لە باغ و بێستان
هەندێکی هەر بوومی یە لگ کەژ و لە کوێستان

واتە (هەڵز) و (کەما) و (**مەندێ**) و (چەقەلۆ)

(لۆگەنە) و (لۆشین) شالۆ و بالۆ (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

مەنزەر: دیمەن: (**مەنزەری** ئەو شاخە چەند جوانە).

مەنگەنە: ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی وان کە بەرزایی ی لوتکەکەی نزیکەی ٣٤١٢ مەتر دەبێت.

مەنم: عەشیرەتێکی ئازا و گەورە بوونە لە کوردستان. داستانی (تەکش و عەزیز) کە دوو برا بوونە کوڕی محەمەدی کوڕی میران بوونە، خۆیان **مەنمی** بوونە و لەناو عەشیرەتەکەدا بە میرانی ناوبانگیان سەندووە، ئازایەتی ئەم دوو برایە لە هەموو تۆپی مەنمی و گەلواخی و گەروسدا ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵی (١٣٣٩)ی هیجریدا هەردووکیان لە شەڕی عەجەما کوژراون، گۆڕەکەیان لە (پەنگی بەرخ)ە لە نزیك دیواندەرەی سەقزەوە:

سواره‌ل **مه‌نمی** سه‌ف بوون وه‌جه‌م
سه‌ر عه‌زیز ده‌رکه‌ن له‌ له‌شکر عه‌جه‌م
عه‌زیز وه‌لاکه‌ل، ته‌کش وه‌ هه‌فتیر
ها وه‌خته‌ بیو حه‌سه‌ن خوله‌ شویر
ماینه‌که‌ی ته‌کش له‌ وه‌ستان نایێ
له‌شکه‌ری **مه‌نمی** هیچ دوایی نایێ

مه‌هروڤان: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
مه‌هێدان: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
مهێدی: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
میابان: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
میان: مابه‌ین، به‌ین، نێوان.
میراوا: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
میراولی: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
میراوه‌ر: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
مێرخوزار: چیمه‌ن، مێرگ و گیاجار؛ ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
مێرگۆڵه: مێرگی بچووکی زۆر به‌دیمه‌ن.
مێرگه‌پان: ناوی دۆڵێکه‌ که‌وتۆته‌ نێوان شاخی پیره‌مه‌گروون و شاخی چه‌رمابان له‌ خواروی کوردستان.
مێرگه‌لان: مێرگۆڵه.
مێرگێ: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
میرنکه: ناوی دێیه‌که‌ له‌ سه‌روی کوردستان.
میروکی: ناوی دێیه‌که‌ له‌ خواروی کوردستان.
مێره‌وان: خۆشه‌ویست، له‌به‌ردڵان.
مێریڤان: خۆشه‌ویست؛ دلۆڤان.

میژوەرد: ناوی گیایەکە لە کوێستانەکان و ناو دارستانەکانا ئەڕوێ، چڵێکی باریك و گەڵایەکی وردی سەوزی هەیە، گوڵێکی وەنەوشەیی دەرئەکا و زیاتر لە مەترێ باڵای بەرز ئەبێ، لە زۆر جێگادا لاپاڵ گیر ئەدا کە لە دوورەوە تەماشای ئەکەی ئەڵێی (فەرشی وەنەوشەت بەسەردا داخستووە)، ڕەگ و گوڵەکەی بۆ داو و دەرمان بەکارئەهێنن، بەڵام ڕووەکەکە خۆی خۆراکێکی بەکەڵکە بۆ ماڵات:

لە نێو ئەوانە سەوزەگیای نەرم و شین
خۆڕستی خۆڕواو زۆر جوان و ڕەنگین
(میژوەرد) و (وێنجە) هاولفی شەوەر
کنییوالّ و قوڕادە هاوڕێی کەوەر (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

میشیاو: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

میٚقان: میقان، مێوان، میوان، مەیمان.

میلان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروویی کوردستان؛ بەشێکن لە (۱۲) بەشەکەی تیرەی (دیرسملکی) کە بریتین لەمانە: (شواك، گیوران، ئوجاخی، فەرهاد، کەچەل، بەختیارلی، کرابانلی، میرزانلی، عەباسانلی، بالاشاخی، کوزلیچان و **میلان**)، لە ناوچەی (دیرسم) و (دیاربەکر)، (جەزیرە) و (قەراجەداغ) ئەژین، زۆریان لەسەر ڕەوشتی (علی اللهی)ن و هەندێکیشیان یەزیدین.

میلەکە: ناوی دوو دێیە لە خواروویی کوردستان.

میٚمان: میوان، میٚقان، مەیمان.

میٚولانە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

میٚونێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

میٚوەکە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروویی کوردستان.

• • •

ن

ناتالیا: ناوی کچەکوردێکی لاوی هونەرمەندە.
نادوێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
نادە: بریتییە لە میوەیەک کە زوو پێ بگا؛ کارێک کە ئاسان بێت و بەزوویی پێک بێت.
نارنجەڵە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
ناروجە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
نارەڵی: ناوی دێیەکە لای دێی (چەرەش) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ناریێ: (هەی ناریێ) ناوی قامێکە: کێ گوت: (**ناریێ** کێوەچوو/ هەی **ناریێ** وەی شۆڕێ/ بەتاقی قەسرێدا چوو- فۆلکلۆر).
نازار: خۆشەویست، زۆر خۆشەویست.
نازك: نازیك، ناوی زەریاچەیەکە لە سەرووی کوردستان؛ ناسك، تەنك.
نازڵی: نازدار؛ قامێکە.
نازمیا: ناوی ناوچەیەکە لە سەرووی کوردستان.
نازیك: نازك، ناوی زەریاچەیەکە لە ناوچەی بدلیسی سەرووی کوردستان

بەرزییەکەی لەپووی زەریاوە ١٨١٦ مەتر دەبێت.

ناسرە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناسویر: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناعنە: ناوی گیایەکی گەڵاوردی تام تیژی بۆنخۆشە وشك دەکرێ و لە چێشتی دەکەن بۆ مرۆڤ سوودبەخشە.

ناڤدارا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناڤشکی: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناڤگە: بریتییە لەو جێگایەی کە دوو پووبار پێکەوە دەبەستێتەوە، پەزاو، ڕێژاو.

نالین: نالین:

خویناڤ مە شین وەك پووباری **نالین** گەهشت عەرشێ باری

مافێ مرۆڤ ڕند مێزەکە سەرمەدا هات شەڤا تاری (عیسمەت دلرەش)

نالێن: نالین، نارین.

ناوتاڤ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناوداروّك: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناوزەنگ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

ناهی: ناوی جۆرێك گیایە گوڵی لە ئەستێرە دەکا؛ ئەستێرەگەشەکە.

نایاب: زۆر بەنرخ.

نایژە: ناوی جۆرە بلوێرێکە؛ گەرووەی ئاسیاو.

نزارە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نزارێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نزاڤ: زنە، بریتییە لە جێگای ئاودەلێن و هەمیشە تەڕ.

نزاو: نزاڤ؛ نەدوور؛ میوەی ئاوتێگەڕاو، ئاڵوبۆڵ.

نزدوری: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نسرێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نسێ: سێبەر، نسار.

نشایش: نیشتنەوەی باڵدار؛ بریتییە لە ئارامگرتن و ئۆقرەگرتن؛ هاتنەژێر لەسەرپا.

نما: دیمەن؛ مێژ، نقێژ؛ شاندەر؛ (قیبلەنما)؛ دیاری دا؛ خووسا.

نمە: بارانی لەسەرخۆی وردیلە: (ئەمرۆ **نمە** بارانێك باری).

نـوا: ئەشکەوت، ئەشکەفت، شکەوت، غار؛ ئەنوا، پەناوپەسیو، جێی حەوانەوە، بریتییە لەو شوێنەی کە باران نایگرێتەوە؛ پێشەوە: (ئەڕا **نوا**)؛ هەرجار لە بەفرباریـن: (ئەمشەو **نوایەك** بەفر باریوە).

نـواوە: ناوی دێیەکە لە دۆڵی (باڵیسان) لە خواروویی کوردستان.

نـواوێ: ناوی دێیەکە لە نێوان (میـراوێ) و (مەهـابـاد) لە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نـۆدێ: دێی نوێ، تازەگوند، تازەدێ؛ ناوی دێیەکە ژێگەی (شێخ مارفی نۆدێ)یی زانای بەناوبانگ.

نۆڕەباب: ناوی دێیەکە؛ نازناوی زانای بەناوبانگ (مەلای **نۆڕەباب**)ە.

نۆڕێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نوسرەت: هاریکاری لای خواوە: (خوا **نوسرەتی** داین سەرکەوتین).

نۆکەند: قەنات، بەو کەندە دەستکردە ئەوترێ کە دوو دەریا یا دوو ڕووبار بەیەکتر بگەیەنێت.

نـۆلچە: ناوی دێیەکە لای دێیەکانی: (لۆتەر، بیگمی، شارستێن، دولەبی، سیدەر، سۆفیان، هەلۆنە، مەرگە، پاشکیش، مەلاسەفی و بیوەکە کە هەموویان لە بەری (مەرگە)ن لە خواروویی کوردستان و تا ڕادەیەك شاخاوی و سەختن.

نۆلکێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

نوهال: دۆڵ، شیو، دەرە.

نەخچەوان: ناوی دێیەک بووە لە کوردستان. (حەیران خانم) کە شاعیرێکی کۆنی کورد بووە و، بە (حەیران خانمی دونبلی)ش ناسراوە و کچی (کەریم خانی کوردی دونبلی) بووە خەڵکی ئەم دێیەیە. مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرە کوردە دیار نیە.

نەرتێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

نەرزەنێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

نەرمە: بریتییە لە کێژی شلومل؛ شلکەی گوێ؛ هەوایەکە بە بلوێر؛ نەرم، نەرمک:

ماڵە بابم کەژاڵە هەی **نەرمە نەرمە**

چاوشینە و خوێنی گەرمە هەی **نەرمە نەرمە** (گۆرانییەکی کوردییە)

نەری: تیرەیەکن لە کورد و لە ناوچەی شەمزینان ئەژین.

نەزاکەت: بریتییە لە کەسی لەسەرخۆ و پەسند: (بەڕاستی ئافرەتێکی بەنەزاکەتە، بە **نەزاکەت** وەڵامی دامەوە). (ئەحمەدی خانی) دەڵێ:

خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش

عیشوە و **نەزاکەت**، گریشمەی بێ خەوش

وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ

قرچە و چۆقەی جەرگ، دڵ وە خەمان تەنگ

نەسرەت: هاریکاری لە خواوە.

نەشە: سەرەتای مەستبوون؛ کەیف، شادی:

شنە کەوتبووە شنەشن

ئیتر نەدەهات بسرەوێ!

ئەستێرەی سوهەیلی بەیان

مابووی لە **نەشە** بکەوێ!

چاوی ڕووناك
تارای خەوی کشابووە سەر
چی نەمابوو کە بوەرێ! (سلێمان قاسمیانی، کاکە)

نەفەل: ناوی گوڵێکی بەهارییە لە گیای نەفەل پەیدا دەبێ؛ لەوەڕی تەڕ، سێوەرە.

نەڵۆس: ناوی دێیەکە لای دێی (گورجێ و چەپەراوێ) لای شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نەلیوان: ناوی دێیەکە لای (ئالیاوێ و حەسەن نووران) لە ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نەوتێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

نەورانە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

نەورەس: نەمام، تازەپێگەیشتوو:

لە قوژبنی بێ کەسیم دا...
جگە لە تۆ نیمە هیوا؟
بۆچ جێم دێڵی و پەستم دەکەی
ئەی تازە **نەورەس**
ئەی ساوا. (پەشێو مەریوانی)

نەوژ: داری سنەوبەر. (هەژار)

نەوشە: هۆنە، هەڵبەست، شیعر؛ مەیژە، قسیەنەکە، نەڵێ، نەبێژە. (هەژار)

نەونەمام: بریتییە لە تازەلاوی جوان؛ نۆنەمام، تازەنەورەس:

وەرە ئەی **نەونەمامی** باخی ژینم!
وەرە ئەی شاگوڵی مێرگی ئەوینم! (هێمن)

نەوەر: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ نقێ، نزم.

نەوهاڵ: تازەلاو، نۆجوان؛ نۆنەمام:

شەقە و تەتەی گەرم، چەپڵە و چیڵەی نەرم چریکەی وەنان، تریکەی وەشەرم
سەمای دەسمالان، رەمای **نەوهالان** نەمای مەلالان، نمای وەش حالان
چنەی گەردن کەچ، مەرگ من چێش واچ؟ خاین وەخەفەت، نەزان جگەر باچ
(خانیی مەزن)

نەهال: دۆڵ، دەرە، نوهال. (هەژار)

نەهاوند: ناوی شارێکە لە هەرێمی لوڕستان کە لە کۆندا پایتەختی دەوڵەتی کورد بووە، (فتح الفتوح)ی سوپای ئیسلام لەو شوێنەدا ڕوویداوە. (مەردۆخ)

نەهرین: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان.

نێرس: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

نێروە: ناوی دوو دێیە لە خواروی کوردستان.

نێرەگین: ناوی دێیەکە لە بەستی شەرغەی ناوچەی هەولێر لە خواروی کوردستان (نێڵەگین)یشی پێ دەڵێن.

نیسانۆک: ناوی گوڵێکی سوورە لە مانگی نیساندا دەپشکوێ.

نیسیێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

نیشا: نیشان؛ خاڵی سەرگۆنا؛ ئامانج، نیشانە؛ نیشانەی زاوا بۆ بووک.

نیگڵ: ناوی دێیەکە.

نێلان: ناوی دێیەکی شاخاوییە لە خواروی کوردستان.

نێوژێ: ناوی دێیەکە لای میراوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نێوە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

• • •



واری: جێگا، شوێن: (کوردەواری)؛ پاشگری بەمانا وەکوو لەگوێن، چون: (کابرا بێگانەواری ئەکات)؛ باری: (واران **واری**، وەور **واری**- باران باری، بەفر باری):

ل سەر مەدا باران باری زەر بارانەك ل ڤی **واری**

چ بارانەك ناز بوهاری ل حەلەبچێدا گوڕ گوڕ باری (عیسمەت دلرەش)

ورمزیار: تیرەیەکن لە کورد (مەردۆخ) دەڵێ: ئەمانە تیرەیەکن لە (گەلباخیان) بەڵام خۆیان لەوان بە جیاواز دەزانن ئەم تیرەیە دووبەشن (ورمزیار) و (زیررینە) و شوێنی دانیشتنیان (دیوان دەرە)یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمەی سەرەوە بەپێی نووسینی (مەردۆخ) بوو، بەڵام بەشێکی بچووکی ئەم تیرەیە لە خواروی کوردستانیش هەن لە ناوچەی (کەنیناوە)ی دەشتی هەولێر دەژین. (نووسەر)؛ ناوی دێیەکە لای چۆمی (باراندوز) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ورمێ: ناوی شارێکە لە خواروی کوردستان؛ ناوی زەریاچەیەکە بەرزییەکەی لەڕووی زەریاوە ۱۲۷۵ مەتر دەبێت؛ ودم.

وریاوا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
وریسکە: بروسکە، بریسکە: (هەر **وریسکەی** دێ).
وڕیلّە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی جافەتی لە خواروویی کوردستان.
ولّکە: ناوچە، مەلّبەند: (لە **ولّکەی** عیشق‌دا گەر لافی شاهی لێ بدەی لێت دێت). (بێکەس)
ولیان: ناوی دێیەکە سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ لە خواروویی کوردستان.
ولیاوا: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
ولیری: ناوی تیرەیەکی کوردی زۆر نەبەز بوونە لە کۆندا بەلّام ئێستا شوێنیان ونە.
وەراسن: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
وەردێنە: ناوی جۆرێکە لە گیا و بچووک بالّایە، ٢٠ سانتیم لە زەوی بەرز ئەبێتەوە، گەلّای وردی سەوزی هەیە گوڵی ئەم گیایە بەرێک ئەگرێ لە دەنکی هەرزن وردترە. خاسیەتی ئەم بەرەی لەناو سیرا ئەی سوونەوە تا ماوی ئەو دەنکانە بۆ (چاوێشە) باشە.
وەرەخەل: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
وەشەن: شلّێوە، خۆشە:

هەرساتێ سەدجار وەوتیر وەوتەرکەش
زیندەگی و مەردەن ئامان **وەشەن** وەش (مەولەوی)

وەکازە: ناوی کانییەکە (کانی وەکازە)ی پێ دەلّێن کەوتۆتە کۆتایی چیای قەرەچوغ لە نزیک دێی تەلەرخێمی گەورە لە خواروویی کوردستان.
وەلّاتە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
وەلـزی: ناوی دێیەکە لە ناوچەی بالّەکایەتیی خواروویی کوردستان. **وەندەرێنە:** وەژێنە، ناوی دێیەکە لە ناوچەی بەرزنجەی خواروویی کوردستان، ئەم دێیە لەبەر شاخی کوڕەکاژاو دابووە و زیاتر لە ٦٠

مالّ بووە، ناوچەیەکی شاخاوی و دارستانێکی گەورە بووە کە زیاتر دەوەنی تیا ڕواوە، ئەو کەسەی یەکەمجار خانووی تیا دروست کردووە دەوەنی دەرهێناوە و پاکی کردۆتەوە، هەرکەسێ ویستبێتی جێنشین ببێت پێیان وتووە بڕۆ (دەوەندەرێنە) و خانوو دروست بکە، وەندەرێنە لە دەوەندەرێنەوە هاتووە.

وەنۆڵە: جۆرێکە لە گیا.

وەیگدی: ووشەیەکە بۆ خۆشەویستی و بەزەیی پێهاتنەوە ئەیڵێن:

وەیگدی وەیگدی ئای های گدی خەیدۆکی

شیرینێ شەمامکی لێ من گدی خەیدۆکی (سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە بە دەنگی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساز)

وەینێ: ناوی ژنێکی قارەمانی کوردە کە بەیتی هەیە. (هەژار)

وێڵنگە: ناوی گیایەکی کوێستانییە لە تیرەی (کەما) و (هەڵز) و (ڕێواس) و (کاشمە)دایە، دەرمانی لێ دروست دەکرێ:

(ژاژ) و (مەندێلکە) و (گیاسوێرە)

(گیا گەڕۆڵە) گوڵی (شەوکوێرە)

(کەمازەنگ) و (چەکمەڕەش) هاوڕێی **(وێڵنگە)**

(بێڵەهەڕ) و (گندۆر) (پونگە) و (خەرپونگە) (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

وێڵەدەر: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

وێڵەکە: ناوی دوو دێیەلە خواروی کوردستان.

وێنە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ وەکو، لەچەشن: (بۆ **وێنە** ئەم گوڵەیان جوانە)؛ ئەسک؛ ئەوێ: (میوانەکان وا لە**وێنە**)؛ تریان؛ شکل: (جوانیت **وێنە**ی نییە).

وێوڵ: ناوی دارێکی دارستانە لە دارمازوو دەکا.

• • •



هاجرە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هاربر: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هارسم: بەرسیلە؛ ئاوی بەرسیلە.
هارونە: تیرەیەکن لە چوارده تیرەکەی (تورعابدین)؛ ناوی دێیەکە لای کەنەکەوەی گەورە لە سەرووی کوردستان.
هانە: کانی، سەرچاوە؛ دنە، هان؛ ئەوەتان؛ ئەوەتا؛ هانکە.
هانەژاڵ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هاولە: باش، چاك؛ هێژا، بەنرخ؛ لەجێ، بەجێ.
هاونیاز: هاوڕاز.
هرۆر: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هرەمەیان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروویی کوردستان.
هورمیت: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هۆری: کچی جوان لە بەهەشتا، حۆری.

هۆسا: ئۆسا، وا.

هۆسێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هۆڵە: ناوی دێیەکە لە کوردستان.

هەجان: ناوی هۆزێکی کوردە لە بادینانی خواروویی کوردستان.

هەدا: پێکەوە؛ ئارام، ئۆقرە، خۆگرتن، سەکنین:

وەک شەپۆلی زێی خوڕەم ساتێ **هەدا**دانم نیە
گێژ دەخۆم، پێچی دەدەم، من ڕۆڵەکوردی ئەم سەدەم
ڕێگە سەخت و پڕ لە کەند و لەند و هەڵدێرە و گەوە
هەر دەبێ ببڕووم، دەبێ بکشێم، وچانی لێ نەدەم (هێمن)

هەڕاڵەبوم: ناوی گوڵێکی کوێستانییە ڕەنگی لە ڕەنگی وەنەوشەی کەمڕەنگ ئەکا، باڵاشی بە ئەندازەی نیومەتر زیاتر بەرز ئەبێتەوە.

هەرتەل:: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەردن: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەردونە: ناوی دوو دێیە لە خواروویی کوردستان.

هەرزاڵە: هەرزاڵ، پێرك.

هەرشەم: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەرکەو: لە ناوچە شاخاوییەکان بەو ئاوە دەڵێن کە لە چاڵایی سەر بەرددا دەمێنێتەوە، کەو و کیوی لە هاویندا لێی دەخۆنەوە. لە هەندێك شوێنی تری کوردستان (ماقۆر)ی پێ دەڵێن هەریەکە.

هەرگینە: ناوی دێیەکە لای بایوە و باشماخ لە پۆژهەڵاتی کوردستان.

هەرمان: هەرگیز نەفەوتان؛ کار، شوول، خەبات، فرمان.

هەرمگ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەرمن: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەرمۆڵە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروویی کوردستان.

هەرنێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هەروتە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هەروتیان: ناوی گەڵی و دۆڵێکە لە خواروویی کوردستان کە دێهاتێکی زۆری لێیە.
هەڕێز: ناوی گیایەکی وردی سەوزە لە زەویوزارەکانی دەشت و دەرا لە کۆنەوە هەر هەبووە، لەم دواییەدا خۆماڵی کراوە بۆ ناو حەوش و باخچەکان (چیمەن)، وە گیایەکی زۆر بەهێز و تیژڕەوە ئەگەر بنجێکی لەهەر شوێنێکدا بڕوێ بەزوویی بڵاوئەبێتەوە، چەند جۆرێکی هەیە لە دەرەوەی وڵات بەڵام هەموویان لەیەک بنەماڵەن. لە باری تەندروستیەوە ڕەگەکەی بکوڵێنی و بیکەی بە چایی بۆ نەخۆشی شەکر باشە، هەروەها گەڵاو ڕەگەکەی بە ئاوەکەی سەرت بشۆی چەوری لەسەر لائەبات، کرێش ناهێڵێ، مووی سەر بەهێز ئەکات، هەروەها خواردنی ڕەگی **هەڕێز** واتە ئاوەکەی بە کوڵاوی خوێن پاک ئەکاتەوە، بەردی گورچیلە و میزڵدان لائەبات و پاکی ئەکاتەوە، هەروەها وەکوو دەرمان بۆ زۆر نەخۆشی تریش بەکاری ئەهێنن. غازات و ئاڵۆزاوی گەدە چاک ئەکاتەوە، تۆوەکەی بۆ بەرگری لە ڕشانەوە و ڕەوانی باشە لە سەدا دوو ٢٪ شەکری تیایە، خواردنی چای ڕەگی هەڕێز میز زۆر ئەکات یارمەتی دڵ ئەدات، ئارەقە بە مرۆڤ ئەکات و پێستی نەرم ئەکاتەوە، ڕیشەی هەڕێز بە وشکی و بەتەڕی هەر بەسوودە، ئاوی گوشراوی ڕەگی هەڕێز بەکوڵاوی پێچوو پلوچی ناو سك و ماسیویەکانی گورچیلە و میزڵدان تیمار ئەکات، هەروەها دەرمانە بۆ لەرزوتا و بۆ ئەوانەی تووشی نەخۆشی سیل هاتوون ئەگەر کێشەی ٣ گرام ڕەگی وشکی هەڕێز لەگەڵ ٨ مسقاڵ ڕەگی بەلەك لەگەڵ کەمێ تۆێکڵی لیمۆ لەناو قۆریی پاکا بکوڵێنی بۆ گورچیلە و مایەسیری و غازاتی ناو سك بەسوودە:

هەریز و چیمەن پەیکوڵ و کارووش

بژاری کشتوکاڵ زەخیرەی گاڵووش (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

هەرێنە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروویی کوردستان.

هەزارە: بەردی قیتی لێواری حەوز؛ لێواری تاقەی ناو دیوار؛ بیرەوەری هەزارسااڵەی لەدایکبوون یان مردنی پیاوی گەورە.

هەزبێ: جۆرێکە لە گیا لە کوێستانەکاندا و لە زۆر جێگای تریش ئەڕوێ بە زۆری لە زەوی لێژ و لم نزیکەی نیومەتر لە خاك بەرزئەبێتەوە گەاڵیەکی سەوزی وردی هەیە لەگەاڵ بۆنێکی خۆش، خەاڵکی وشکی ئەکەنەوە و بۆ زستان تێکەاڵ بە زۆر چێشتی شلەی ئەکەن بەتایبەتی نۆکاك و دانوو تام و بۆنێکی زۆر خۆشی ئەبێت، هەموو چێشتێ خۆش ئەکات، خواردنی هەزبێ دەرمانە بۆ نەخۆشی شەکر، چای هەزبێ دەرمانە بۆ ژانەسك، بە پرپۆاڵەوە بۆ هەاڵمەت چاکە.

هەزبیە: هەزبێ، گیای بۆنخۆشی وشکەوەکراو بۆ ناو چێشت.

هەزۆ: ناوی ناوچەیەکە لە سەرووی کوردستان.

هەزۆر: ناوی شار و ناوچەیەکە لای (دیاربەکر)ی سەرووی کوردستان؛ ناوی تاخێکە لای (بتلیس)ی سەرووی کوردستان.

هەزەخ: ناوی دێ و ناوچەیەکە لە کوردستان؛ بەڕێژەو، بەحاسڵ؛ پیرۆز، ممبارەك.

هەسکێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەشارە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

هەشین: هەشی؛ سەوز، کەسك: (گیا **هەشین** بویە).

هەفتسار: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان.

هەڤێدان: ناوی تیرەیەکی کوردە لە هۆزی زرکان لە سەرووی کوردستان دەژین.

هەڤێرکان: هۆزێکی مەزنن لە سەرووی کوردستان و پۆژاوای کوردستان دەژین.

هەڤین: ئەڤین، ئەوین، دڵداری؛ ئامیان.

هەلال: گوڵی سمڵ؛ پیفۆک، کیفۆک.

هەلامە: گیادۆکڵیوێکە لە چێشتی دەکەن، ئەم ڕووەکە لاسکێکی سەوزی هەیە و گەڵای سەوزی هەیە، باڵای بەقەد باڵای مرۆڤ بەرزە پەنگێکی جوان و بۆنێکی خۆشی هەیە، لە گۆرانییەکی کۆنی فۆلکلۆری کوردیدا هاتووە دەڵێ:

ئەرێ هۆ **هەلامە** شیرن **هەلامە**
لە خۆمیان پرسی **هەلامە** کامە
کوڕان و کیژان گرتیانۆ جووتە
بۆ **هەلامە** ئەچوون لە بناوە سووتە

هەلاو: شیرنی، شیرنایی، شیرانی؛ گیایەکە؛ تینی گەرما بە بۆخەوە، هاڵاو؛ هەڵوا؛ دۆشاو.

هەلاوێر: لێک جوداکردنەوە، هاوێر، بە مەڕومااڵت لێک جوداکردنەوە دەوترێ.

هەلاوێژە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەلدەرە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەلزن: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەلوان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی لای چەمی ناڵپارێز لە خواروی کوردستان.

هەلۆنە: ناوی دێیەکە لای دێیەکانی نۆلچکە، سۆفیان، لۆتەر، مەرگە، پاشکیش، مەلاسەفی و بیوەکە کە هەمووییان لە بەری (مەرگە)ن لە خواروی کوردستان.

هەڵوێ: ناوی دێیەکە لە کوردستان. (هەژار)

هەڵەبجە: ناوی شارێکی گەورەیە لە خواروی کوردستان و ناسراوی دونیایە بەعسیەکان بە بۆمبا کیمیابارانیان کرد و نزیکەی (١٠) هەزار کەسیان لێ کوشت و هەزارانیان لێ سوتاند و بریندار کرد. ئەم شارەی کوردانە کارەساتێکی تاکو بڵێی دڵتەزێن و ڕووداوێکی خەمهێنەری مێژووە لە مێژووی ڕۆلە کاریەسات و خوێناوی گەلی کورد. بیستنی تەنانەت وشەی (هەڵەبجە) هەستی هەموو کوردێکی گەورە و بچووک دەبزوێنێ. گەل ساڵانە بە سەدان دروشمی کوردی و نووسین و کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان لە سەرانسەری دونیادا ئەم یادە خوێناوییە دەکەنەوە. دونیا لە ئاست ئەم گوناهە زلە و مێژووییە بێدەنگی هەڵبژارد و تەریک وەستاو گەلی کوردیش وەک هەمیشەیی تەنیابان مایەوە، لێرەدا خامەی ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی کورد گڕی گرت و بەبەردەوامی لە لە تەوژمی بەهێزدایە و ماف و بوون و کەسایەتی کورد لە دییەی پێنووسەکانیانەوە دەبینرێ. لەم ڕووەوە بە پێویستی دەزانم لێرەدا چەند کۆپلەیەک لە شیعری هەندێک لەو هەستیارانەی کە بۆ (هەڵەبجە)یان نووسیوە و لەبەر دەستمدایە و وەبیرم دێ بڵاوبکەمەوە. هەڵبەتە شیعری یەگجار زۆری شاعیری تر هەیە لەسەر هەڵەبجەی خوێناوی:

شانزەی مانگ بوو
ئاخ! شانزەی مانگ!
کە (شارەزوور) قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم
کاتێ... دایمەوە بنووسم!
وەک **هەڵەبجە**
وشک بووبوون پەنجەکانم! (شێرکۆ بێکەس)
لەخوێن گەوزیوەکانی شارەکانی نیشتمان زۆرن

بەڵام شاری **حەڵەبجەی** پێش قەڕەوڵ و دەس بەئاڵایە (حەقیقی)
لە کاتێکدا لە **هەڵەبجە**
پاش بۆمبارانی شیمیایی
دایکێك بە ئاخرین نیگا
پەلەقاژەی کۆرپەی بینی
لەکاخی کۆماری بەغدا
سەددام حوسێن پرسیاری کرد
چەند کورد بەبۆمباران کووژران (قازی ئەحمەد)
لە **هەڵەبجە** هیچ نابیسم
بەو بێ دەنگیە گەڵ سستم (ی. وەرزێر)
لە **هەڵەبجەی** وێرانەدا، لێوی ئاڵن، قژی کاڵن
پێکەنینی دەمی بریندی شەهیدێکی بێ هەواڵن (مەلاعومەری سالحی ساحێب)
کوا شینی، دەوێ خەڵکی **حەڵەبجەی** هەموو کوژران
هەر تۆڵەیە دەرمانی لەنێو داخ و کەسەردا (ح. پەشیدی زەرزا)
ئەرێ هۆ شەهیدانی شاری **هەڵەبجە**
لەچوار قوڕنەی ئەو خاکە دەکرێ لەکوێ تان
بنێژین
هەموو ساڵێ نەورۆز
کە تۆڵەو نەسێنرێ،
بەکام چاو و ڕوو
لەسەر خاکو ئەسرین بڕێژین؟ (ڕێبوار)
هەمووی سووتاو بەهارێکی ڕەشی ما
هەڵەبجە بوو بەشاری هێرۆشیما (شەریف)
هەڵەبجە، تاجی سەروەری

شەهیدانی کوردستان بوو

هەڵەبجە، هەڵگری ئاڵای نەبەزینی

بیست و پێنج ملیۆن ئینسان بوو (جەوهەر کرمانج)

هەڵەبجە... بەرزترین قوللە و

لوتکەی هەڵوێستی مرۆڤ و

سەدەی بیستەمی جیهانە (گۆڤاری نووسەری کوردستان ژمارە ١٥ لاپەڕە ١١٠-١٠٢)

لێم ببوورن

پیرۆوباییتان لێ ناکەم

چوون ناوێرم

بەڵام کارتەپۆستاڵێکی **هەڵەبجە**تان بۆ دەنێرم (ج- مەلەکشاهی)

دژمەنان دلشاد شاربیەن خاپوور

هەلەبجە بێ دیسان بیەن شارەزوور (ڕێژەن کرماشانی)

کۆترە سپیەکەی پیکاسۆ دوێنێ فڕی

لەسەرشارە سووتاوەکەی **هەڵەبجە**دا

پەڕوپۆ و باڵی هەڵوەری (تۆفیق ئیبراهیمی)

هەڵەتان: بە جۆرێک باران دەڵێن لە کوردستان، هەروەها (بارانی ڕووبەر)یشی پێ دەڵێن: چیاکانی کوردستان هۆیەکی زۆر گەورەن بۆ زیادکردنی باران. ئەم چیایانە ڕێگە لە باکان دەگرن و ناچاریان دەکەن بەرز ببنەوە بۆ ئەوەی دڕێژە بە ڕۆیشتنیان بدەن. لە هەمان کاتدا ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرمایان و یەکگرتنی ئەتۆمەکانی هەڵم، کە لە ئەنجامدا بەشێوەی بارانی **هەڵەتان** دێنە خوارێ.

هەڵەدن: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەلەز: هەڵن، گیایەکی گەڵادەرزییە.

هەلیلان: تیرەک بوونە لە کورد.

هەلیلە: بەری دارێکە و بۆ دەرمان بەکاردەهێنرێ.
هەمرۆڵە: ناوی دێیەکە لە لای شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
هەمزیکێ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هەنا: نووری چاو، هێز، نیرو؛ هەتەر، هێزی بینین؛ گەیشتن: (تا دەست **هەنا** ئەکا باڵای بەرزە)؛ سەروەت: (قەت **هەنا** نادەم)؛ هانا، پەناپێبردن؛ فریا: (بە **هەنا**مەوە هات)؛ بەم جۆرە، ئاوەها.
هەناران: دوو دێیە لە خواروویی کوردستان.
هەنجیرە: ناوی دێیەکە لە ناوچەغی جافەتی لای دێیەکانی بنگرد، خۆشاو، بیموشە و بەردەشان لە خواروویی کوردستان.
هەنگەوێ: ناوی دێیەکە لە کوردستان.
هەنگین: بە زاراوەی لای هەولێر واتە ئەوکات: (**هەنگین** وانەبووە ئەوکات وا نەبوو)؛ هەنگوین.
هەوا: قامی گۆرانی: (**هەوا**یەکی خۆشمان بۆ بڵێ)؛ بڵندایی لە زەوین بەرزتر؛ ئیشتیها و تاسە؛ ئاسمان؛ فیز، بادی هەوایی، دەعیە؛ کەم: (**هەوا**یەک لامان دانیشە، **هەوا**یەک گەورەترە)؛ با، بێ:

هەوا بوولێڵە، ئاو لێڵە
گوڵ سیس بووە، گەڵا زەردە
تەنانەت پەنگی گۆڕاوە
ئەم دیوار و دار و بەردە (هێمن)

هەوارە: هاوار، وتەیەکە بۆ پەنابردن بە خەڵک لەکاتی لێقەوماندا؛ هەوایەکە، ناوی قامێکە.
هەواوان: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
هەوجودە: ناوی جۆرە گیایەکە لە کوێستانە هەرە بەرزەکانا لە ناوچەرگەی شاخەکانا لەناو (تاق جاتە بەردا) واتە لە سەختترین جێگادا

ئەڕۆێ، لاسکێکی سپی درێژی هەیە یەک گەڵای سەوز وا بە سەرەکەیەوە لە شێوەی گەڵاتۆڵەکە یان گەڵامێو بە بنج ئەڕۆێ هەموو بنجێکیش ٢٠ دانە و زیاتر ئەبێت تامێکی ترشی هەیە و بە ڤیتامین C لە بارەی تەندروستییەوە باشترین دەرمانە بۆ ژانەسك و لەهەمان کاتا ڕەوانە لەگەڵ هەموو جۆرە خواردنێك ئەگونجێ واتە دەرمانە بۆ ژانەسك و ڕەوانی.

هەوران: هەڤران، سپێندار، ئەسپێندار، جۆرێك داری ڕێك و بەرز و جوانە؛ هەور، عەور، هەڤر، ئاسمانی بەهەور:

بە **هەوران** زستانە بەفران لە کۆڵانە

یاری من زۆر جوانە (گۆرانییەکە بە دەنگی هونەرمەند ناسری ڕەزازی)

هەوری: هەوری دەست پێ شۆرین؛ هەور:

لە ژاری تاڵترە خۆراکی چەوری

کچێك وەك ڕۆژ نەیێتە دەر لە **هەوری** (هێمن)

؛ دونیای بەهەور، نەساو؛ پارچە قوماشێکی تەنکی ڕەش و بان قاوەییە کە ئافرەتان لە ملی دەکەن (هەوری مل):

ئەو دلبەرەی **هەوری** لە کۆڵە

کچێکی ناسك پاك و گچکۆڵە

تازە دارناوە جووتێ مەم کۆڵە (ئەحمەد شوکری)

هەورێن: ناوچەیەکە لای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەوشان: سەردەمی لەدەرەوەنوستن لە مانگی پووشپەڕ و گەلاوێژدا؛ هەوشار. (هەژار)؛ ناوی جۆرە گیایەکە.

هەوشین: ناوی شاخێکە لای کێوی ئارارات لە سەرووی کوردستان؛ جۆرە گیایەکە وەکوو پنگە وایە:

بەو گوارەی بەگوێتەوە

وەختە سوێم بۆت بێتەوە

سینگت بەفری **هەوشینە**

بە شنەی با دەتوێتەوە (گۆرانییەکە بەدەنگی هونەرمەند ناسری پەزازی)

هەوشینان: ناوی کوێستانێکی بەناوبانگە لە کوردستان. (هەژار)

هەولۆ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەونو: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەوەتو: ناوی مەڵبەندێکی کوێستانە لە کوردستان. (هەژار)

هەویا: هومێد، هومێ.

هەوێرکان: ناوی هۆزێکی مەزنی کوردە لە ڕۆژاوا و سەرووی کوردستان لە مەڵبەندی جەزیرە دەژین.

هەوێز: حەوشەمەڕ، پەچەمەڕ، ئەو شوێنەی کە مەڕ بەشەو لێی دەخەوێ، شوێنێکە لە قەراخ ماڵان کە لە بەهارانا شەو ئاژەڵی تیا مۆڵ ئەدرێ: (مەڕمان نەبوو لە پەرێزێ پشکەلان دیوە لە **هەوێزێ**). ((مەسەلێکە)):

قەولی لەگەر یارێم بەست لەناو **هەوێزی** مەڕی

هەندم یارێ خۆم بۆنکرد دوو مووم لە سمێری پەڕی (فۆلکلۆر)

؛ تووکی سەروەریو.

هەیان: ناوی کانیەکە (کانی هەیان) لای شاخی سوورێن.

هەیبە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەیبەت: مەترسی، خۆف؛ شان و شەوکەت: (زۆر بە**هەیبەتە**). (**هەیبەت** سوڵتان) چیایەکە لای شاری کۆیە لە خواروی کوردستان.

هەیقی: مانگی: (سالا **هەیقی** دەڕۆ کێمترن ژ سالێن دی).

هەیقێ: هەیوێ.

هەیوان: (هەیوان و کەڵوور) دوو ناوچەن لە نزیک کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

زنج کوڵی زڵف لوول سەری دا مەبڕ
خستمی وە نەعبێن **هەیوان** و کەڵووڕ (فۆلکلۆر)

هێرتا: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هیسێ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هیلال: مانگیلە، هەیڤ، هێڤک، مانگی یەکشەوە.

هیلاو: ڕەسەن و نەجیمزادە؛ پاکوخاوێن؛ ڕووت و بێ جلک.

هێمی: شێ، نم، تەڕایی زەوین؛ قوماشی زۆر ناسک.

هێمێ: داوێنپاک، هێمۆ.

هێوان: هەیوان.

هێورین: هێوربوونەوە؛ هێدی و هێمنبوونەوە؛ حاوانەوە لەبن باڵی کەسێکا؛ بوێری، ئازایی، نەترسان؛ جێگەدەسکەوتن.

• • •



یادانە: ناوی دێیەکە لای دەرمیانە و ئاروزەرو لە خواروی کوردستان.

یارامە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان؛ یاری ئێمە، خۆشەویستی ئێمە: (ئەڤ **یارامەیە**).

یاران: دڵبەران؛ هۆگر، ئەوەی خوو بە دۆستایەتیەوە دەگرێ؛ هەڤاڵان، دۆست و برادەران:

یادی **یاران** و وڵاتم پڕڕ و شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو
خەم پەوێنێك لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی، نەبەم ساقی! ئەدی!؟ (هێمن)

یاساك: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

یشتە: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

یومری: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی نزیکەی ۳۱۵۰ مەتر دەبێت.

• • •


KURDISTAN

ئا

ئابرا	ئاغەلان	ئاوباز	ئەرجەک
ئاتاج	ئاڤێژ	ئاوک	ئەردەوان
ئاخدار	ئاڤدەل	ئاولْ	ئەرڤاز
ئاداد	ئاڤدین	ئاوەر	ئەگید
ئاردن	ئاڤار	ئاوەلْ	ئەگیل
ئارکاس	ئاڤوبان	ئاوێر	ئەلوش
ئارکی	ئاڤید	ئاهیرین	ئەمیر
ئاریتما	ئاکان	ئاهێنگەر	ئەمین
ئازگار	ئاگرین	ئوسۆ	ئەندۆ
ئاژدا	ئالایش	ئەدا	ئەندێش
ئاژداد	ئاماسوند	ئەرباب	ئیخلاس
ئاشق	ئامانج	ئەربیلان	
ئاشقان	ئامیخا		
ئاشێر	ئاوانی		

ب

بابۆ	باوڕ	بلیکار	بەنەباوێ
بابیلان	باوە	بۆتیمار	بەهاروەند
باجەڵان	باوەرێز	بۆرەکە	بەهەشتی
باربو	باوەکڕ	بۆزان	بەیاخ
بارگەوان	باوەنور	بۆڵی	بەیداخ
باکی	باهۆ	بەردار	بێتوش
بالانبۆ	باهێر	بەردەبار	بێدەر
بالاوەند	بچکۆل	بەردەبەل	بیراوەند
بالۆڵ	بگار	بەرهەف	بیرەوەر
باله	بلورفان	بەلیش	بێشکی
باوا	بلەنگاز	بەندەوار	بێشەنگ

پ

پاوە	پەلزێرین	پەیک	پێشکۆ
پەروەر	پەندێر	پیرە	

پەژیو	پەهلەوان	پێشڕۆ	

ت

تاری	تووران	تەسیار	تیرداد
تۆژەر	تەرخان	تەشق	تیشک
تۆمار	تەرهان	تەنگور	

ج

جافەران	جفتیار	جەنگۆ	

چ

چاریارو	چۆلو	چەوار	
چنگیان	چۆمی	چیاڕەش	

ح

حەتۆ	حەمک	حیفۆ	

خ

خاکشیر	خوادا	خواکەرەم	خەسرەو
خالّدار	خواداد	خوداد	

د

داوده	دومان	دەلۆ	دارۆخان
درەبی	دۆیسە	دەماوەند	داشی
دلڤال	دوین	دیرکوند	دالان
دلڤەکەر	دەخو	دیسم	دالّان
دلگوشاد	دەردین	دیملّی	دالاهۆ
دلگەرم	دەرکەوت	دینەوەر	دالوەند
دلۆیی	دەرهەرد	دینەوەری	دامیار
دلّەشێر	دەلان		دانان
دۆدکان	دەلاوان		دانێر

ڕ

ڕۆژکی	ڕەجەب	ڕەواز	ڕاسنی
ڕووبار	ڕەجەن	ڕەها	ڕاوگان
ڕووکان	ڕەشوەند	ڕیشوان	ڕاهی
ڕۆیسی	ڕەفیق		ڕوزیەکی

ز

زاراوەند	زوران	زولاڵ	زەنور
زاوا	زورکان	زەراب	زیدان
زاهیر	زۆز	زەردە	
زریاب	زوکری	زەرزا	

ژ

ژار			

س

ساتون	سلۆم	سەرکێو	سەگوەن
سادۆ	سوارە	سەرگەڵو	سەهەن
سافی	سورداش	سەرنج	سەهەند
ساکور	سۆرکا	سەرۆک	سەیدک
سالداڕون	سورکێو	سەرەنگ	سەیدە
ساهی	سورەوەند	سەرهۆز	سەیقور
سایەبان	سۆفیان	سەرهەنگ	سیدان

سپیار	سولّتان	سەریاس	سیدەر
سپێیین	سەدا	سەفەر	سیڤان
سگور	سەردۆش	سەفی	سێلّاو
سلدوز	سەرشێو	سەکران	سیمەوەند
سلۆڤان	سەرکان	سەگوان	

ش

شاخێ	شەبەک	شەنەدێر	شیشار
شاروش	شەحە	شەوکێڵ	شینە
شاکە	شەروان	شەهلەوەند	شێنێ
شانەدەر	شەفیق	شێرزاد	
شوانە	شەڵمان	شێروەند	
شوهان	شەنکەر	شێرە	

ع

عرفۆ	عەگید	عەینە	
عەبدی	عەلوش		

غ

غەریق	غەمگین		

ف

فانی	فەراشین	فەلەک	فێرمەند
فروهەر	فەرد	فەنەر	

ق

قاتیر	قەرەسۆ	قەیتوول	قەیتەران
قادڤین	قەمەر	قەیتوولی	قەیوان

ک

کائو	کالۆ	کۆکز	کەلیخان
کاردۆک	کلاس	کۆیکان	کەندالْ
کاسۆ	کۆدۆ	کەژۆ	کەیوانلو
کاکەوەند	کورکور	کەلوان	کیکان
کاکەمەم	کۆسالان	کەلەپور	

گ

گاباری	گودروون	گەردە	گەنجاڵی
گادیر	گودی	گەڕنوس	گەور
گاران	گورد	گەرۆ	گەوران
گارزان	گۆزەڵ	گەرین	گەورۆ
گارۆ	گۆفان	گەشتیار	گەولا
گاروله	گوڵاوی	گەفری	گیدۆ
گدیانۆ	گوماد	گەڵواخی	گیفاله
گردەبا	گۆمان	گەلوان	گیلان
گلاڵ	گۆیا	گەڵەندو	گیوران
گمۆ	گۆیان	گەلیار	

ل

لادیف	لاوژە	لۆلۆ	لەوەند
لازۆ	لاوک	لەزگین	لیزەفان
لالش	لاونا	لەزیز	لیفۆ

لاوران	لاوەک	لەفەند	
لاوژا	لاوی	لەند	
لاوژۆک	لۆتەر	لەوەن	

م

مامشە	موراد	مەسوور	مەنداو
مامۆ	مۆرتک	مەلۆ	مەندە
مامە	مۆردین	مەمدوا	مەندیکان
مامەجان	مۆریاس	مەمۆ	مەولان
مامەدخان	موسەک	مەموند	میراوێ
مامەدی	مەحاک	مەمەدۆف	میرخان
مامەران	مەردۆخ	مەمێ	میرکان
مامەشە	مەردیس	مەمێند	میرکۆ
مدارا	مەزند	مەنتک	میرکوڕ
مرادسۆ	مەژیر	مەند	میرکە
مزە	مەستوور	مەنداف	میرە

مشوور	مەسۆ	مەندان	میرەدێ

ن

نادۆ	ناوێر	نەور	نیاز
نازمیا	ناوڕوان	نەورۆل	نێچیرفان
نافدار	نایری	نەوزاد	نێری
نالێن	نەسرەوت	نەوسود	نیزۆکی
نامدار	نەمروود	نەوەز	نیشانی
نامی	نەمەل	نەهری	نیهال
ناوچیا	نەوا	نەیفان	

و

وازۆڵ	وەسان	وەڵاتۆ	وەندە
وان	وەفا	وەند	ویسی

?

هارام	هاوران	هەدار	هەفار
هازار	هورمز	هەراویل	هەفدەنگ
هازبەنی	هوشیان	هەرتوش	هەکاری

هامی	هۆگان	هەردن	هەڵاکۆک
هاوتا	هومایون	هەریاس	هەور
هاوخوێن	هۆمل	هەژیر	هەوور
هاوڕا	هومێ	هەسکیف	هەیدەران
هاوڕاز	هونەر	هەسنا	هێزان
			هیوا

یا

یاس	یالین	یەسپیریز	یەویەک
یاسکە	یەزدان	یەغناغ	



ئابرا: بە برای گەورە ئەڵێن. (هەژار)

ئاتاج: هەژار و نەدار، چاو لە کۆمەک، موحتاج.

ئاخدار: خەمبار، خەفەتبار.

ئاداد: سەرۆک هوزێکی کورد بووە لە کۆندا.

ئاردن: ئانین، هاوردن، هێنان.

ئارکاس: ناوی دێیەکە لە سەرووی کوردستان.

ئارکی: تیرەیەکن لە (٢٨) تیرەکەی تیرەی لوڕ.

ئاریتما: ناوی پاشایەک بووە لە سەردەمی (ماد)ەکان دا.

ئازگار: تەواو، بێ پسانەوە.

ئاژدا: ئاژداد، باپیران، ئەجداد.

ئاژداد: ئاژدا.

ئاشق: عاشق، دڵدار، ئەویندار، بەندەوار.

ئاشقان: ئاشەوان، ئاسیاوان.

ئاشێر: کەسێک کە باراش ئەبا بۆ ئاش.
ئاغەلان: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ئاڤدەل: ئاودەل.
ئاڤدین: تۆڵەکردنەوە، لەهەقهاتن.
ئاڤێژ: هاوێژ، فڕێدەر.
ئاقار: شوێن و جێگە؛ دەوروبەر؛ مەڵبەند و ناوچە: (ماڵان لەو **ئاقارە** بوو!).
ئاقوبان: ناوی دوو دێیە (ئاقوبانی سەروو و ئاقوبانی خواروو) لە ناوچەی خۆشناوەتیی خواروی کوردستان.
ئاقید: دۆشاوی خەست.
ئاکان: ناوی دێیەکە لە سەروی کوردستان.
ئاگرین: ئاگری داغ، ناوی چیای (ئارارات)ەە؛ ئاگر، ئاگری، وەکو گڕی ئاگر:

هونەرمەندێ کە هەستی **ئاگرین** بوو
دەروونی پڕ لە ناسۆر و برین بوو (هێمن)

ئالایش: شەونشینی بەکۆمەڵ بۆ ڕابواردن، کۆڕبەستنی شەوانەی دۆستانە.
ئاماسوند: لقێکن لە دوانزە لقەکەی تیرەی (سنجاوی) کە بریتین لەمانە: چالاوی، گوازی، بەرازی، سیمەوەند، سورەوەند، تیکەوەند، تفنگچی، حەقنەزەرخانی، ئاماسوند، دارخور، بیوەحشتیان و دالیان.
ئامانج: مەبەستێک بۆ داهاتوو (هەدەف) چاوەڕوانکردنی شتێک لە ژیاندا: (**ئامانجی** کورد ئازادی و سەربەستییە).
ئامیخا: سەرکردەیەکی کورد بووە لە کۆندا کە لەشکری ئاشووریەکان بە سەرکردایەتی (ناسرپال)ی چەندین جار شکاندووە تا بەناچاری ئاشتییان لەگەڵ کردووە.
ئاوانی: ئاوایی، دێ.
ئاوباز: مەلەوان، کەسێک کارامە بێت لە مەلەکردن دا.

ئاوك: ناوی دێیەکە لە سەرووی کوردستان.

ئاولّ: دۆڵی بچکۆلە.

ئاوەر: باوەڕ، یەقین. (فرهنگ نامهای کوردی- محمد سعید مجیدی)

ئاوەلّ: هاودەم.

ئاوێر: ئاودێر، ئەو کەسەی ئاو دەدێرێ.

ئاهیرین: ئاگرین، ئاورین، گەرم وەکوو ئاگر، لە شێوەی ئاگر.

نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە

دڵەی **ئاهیرین** دا وەنەفتەوە (مەولەوی)

ئاهێنگەر: ئاسنگەر، هۆستای هەسنان، وەستاخاڵە:

نە **ئاهێنگەرێ** نە **ئاهێنگەرێ**

ئارو ڕاگەم کەفت نە **ئاهینگەرێ** (مەولەوی)

ئوسۆ: کورتکراوەی ناوی (یوسف)ە.

ئەدا: ڕەوشت، ئاکار: (فلانەکەس پیاوێکی بە **ئەدایە**):

دڵێکی غەمزەدەم بوو مەحرەمی ڕاز

ئەویشت لێم بە سەد شێوەو **ئەدا** سەند (ئەدەب)

ئەرباب: ڕووخۆش و سەودا خۆش و دڵاوا: (کوڕێکی زۆر **ئەربابە**)؛ خاوەن:

لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید

مطافی کەعبە بۆ **ئەربابی** حاجەت گردی سەیوان بو (شێخ ڕەزا)

ئەربیلان: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەرجەك: ناوی زەریاچەیەکە لە سەرووی کوردستان.

ئەردەوان: ناوی هونەرمەندێکی هاوچەرخە.

ئەرڤاز: هەوراز، سەربەرەوژوور، هەڵ، عەڤراز.

ئەگید: ئازا، جوامێر، مێرخاس، دلاوەر.

ئەگیل: ناوی قەڵایەکی قایمە لە باکووری شاری دیاربەکری سەرووی

کوردستان.

ئەلوش: ناوی دێیەکە لە مەڵبەندی بادینانی خواروی کوردستان.

ئەمیر: فەرمانڕەوا، مەزنی خەڵک.

ئەمین: دەستپاک، جێی متمانە؛ ڕاستگۆ؛ ئێمەین.

ئەندۆ: کوڵ، خەم، کەسەر، پەژارە، خەفەت:

ئەوەند زاری کەرد نە **ئەندۆی** دەرون

خوروش کەرد نەسەنگ قولەی بێستون (خانا)

ئەندێش: بیرکردنەوە؛ ترس و خۆف.

ئیخلاس: دڵپاکی، یەمەگ: (پیرۆت بە **ئیخلاس** کاردەکا، بۆ گەورەی خۆی بە **ئیخلاسە**).

• • •



بابۆ: وشەی ڕێزلێنان و بانگکردنی باب؛ هەستی تۆڵە؛ ناوی یەک لە سەرکردەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بووە.

بابیلان: وشەیەکی خۆشەویستییە بۆ دواندنی لەخۆ بچووکتر.

باجەلان: ناوی عەشیرەتێکە لە کوردستان.

باربو: بریتییە لە یارمەتیدانی هەژار و پەککەوتە بە پارە و مالّ لەلایەن هاوسا و هاومالانەوە.

بارگەوان: لقێکن لە تیرەی (میللی) کە ٤٤ تیرەیە و لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمانجق لە سەرووی کوردستان دەژین.

باکی: نازناوی شاعیری کۆنی کورد (مەلا مەحمود) بووە، لە دەوروبەری سەقزی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نێوان سالانی ١٨٣٥ - ١٨٩٩ دا ژیاوە.

بالانبۆ: ناوی شاخێکە لە خواروی کوردستان.

بالاوەند: تیرەیەکن سەر بە تیرەی (لوڕ) کە (٢٨) تیرەن.

بالوڵ: ناوی پیاوێکی ناودار؛ بریتییە لە زانا.

بالە: سوکەڵەی براله، خروکه.

باوا: باپیر، کالك، (باوا گەورە)، بابی باب و بابی دایك؛ باب؛ ناوی دێیەکە لە ناوچەی داودەی خواروویی کوردستان.

باوڕ: باوەڕ، بڕوا، ئاقیده.

باوە: ناوی گوندێکە سەر بە مێرگەسۆر لە خواروویی کوردستان؛ باو، عادەت: (لە کوردەواریدا وا **باوە** ڕێز لە میوان بگیرێ)؛ باوك، باوکە، بابە؛ شێوەیەکی بانگکردنە:

وەرە با بەس بکەم ئەو **باوە باوە!**

وەرە با بۆن بکەم ئەو بسکە خاوە! (هێمن)

باوەڕێز: (کارێز و **باوەڕێز**) دوو سەیرانگا بوونە لە دەوروبەری شاری (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

کێ بەزم شادی نە (کارێز)ش بۆ؟

کێ هەوای گوڵگەشت (**باوەڕێز**)ش بۆ؟ (مەستووڕەی کوردستانی)

باوەکڕ: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروویی کوردستان.

باوەنور: ناوی دێیەکە لای دێی ژاڵەناو، گڵاڵکەوە و ئاوبار لە خواروویی کوردستان.

باهۆ : شانوپیل:

ئەلا ئەی نازەنین ئاهو بە **باهۆ**

دڵی سەیادی خۆت هێنایە لەرزە (نالی)

باهێر: سەرگەردان، سەرلێشێواو؛ زەویی نەکێڵدراو.

بچکۆل: بچکۆك، بچووك، بچکۆله.

بگار: بوار، دەراوی پەڕینەوە لە ئاو؛ ڕێباز.

بلورڤان: شمشاڵبێژ، بلوللێدەر.

بلەنگاز : بەلەنگاز، بریتییە لە کەسی هەژار و لانەواز، بێچارە و نەدار.

بلیکار: تیرەیەکن لە کورد و لە سەرووی جۆلەمێرگ دەژین.
بۆتیمار: شاهۆ، بالدارێکی مل و قاچ درێژە هەر لەدەم ئاوان دەبێ، شاوەشینکە.
بۆرەکە: ناوی باپیرەگەورەی تیرەی (بۆرەکەیی) بووە کە لە خواروو و رۆژهەلاتی کوردستان دەژین.
بۆزان: ناوی یەک لە سەرکردەکانی پاپەڕینی شۆڕشی سالی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران بووە.
بۆلی: ناوی دێیەکە نزیک دێی لیوژی، سڵێ و ئیندزی لە خواروی کوردستان کە زۆر شاخاوی و سەختن.
بەردار: هەڵگر و بەسەبر :(چۆن خوا **بەردارە!**)؛ بەری دار، داری خاوەن بەر، بەردان.
بەردەبار: پیاوی زانا و بەتەگبیر. (هەژار)
بەردەبەل: ناوی یەکێکە لە ئاواییەکانی بناری سوورێن.
بەرهەڤ: بەرهەم، بەروبووم.
بەلیش: ناوی یەک لە چیاکانی کوردستانە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٧٥٠ مەتر دەبێ.
بەندەوار: ئەوێندار، بریتییە لە کەسی ئاشق.
بەنەباوێ: ناوی شاخێکە لە ناوچەی خۆشناوەتیی خواروی کوردستان.
بەهاروەند: تیرەیەکن لە کورد، بەپێی نووسینی (مەردۆخ): (١٠٠٠) ماڵن لە (کەیالان) لە سەرووی دێزەفوولّ دائەنیشن سەر بە تیرەی (دیرکون)ن. هەڵبەتە ئێستا زۆر زیاترن.
بەهەشتی: دیندار و پیاوی خوا.
بەیاخ: ئاڵا، عالا، بەیداخ.
بەیداخ: بەیاخ، ئاڵا، عالا:

لاوژەی شەروار شیین داخ
قەد هەرمەکێشە ئاخ
لەدووت دەبمە **بەیداخ** (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)
؛ ناوی جۆرە گوڵێکە (گوڵە **بەیداخ**):
جەعفەری و، سەمەن، پەیحان و **بەیداخ**
نەرۆیان جە خاک چەنی ئاخ و داخ (مەستوورەی کوردستانی)

بێتوش: ناوی دێیەکە لەسەر سنووری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەری (ماوەت)ەوە.

بێدەر: بێ پەنا و بێکەس: (بێکەس و **بێدەر** خۆم)؛ نەبوونی جێگای حەوانەوە: (**بێدەر**ەتانم)؛ خزمان.

بیراوەند: تیرەیەکن لە ٢٨ تیرەکەی تیرەی (لوڕ).

بیرەوەر: خاوەن بیر و بەزەین، بیرا.(هەژار)؛ یاداشتی ڕابووردوو: (دەمێکە خولیای ئەوەم **بیرەوەر**ییەکانم بنووسمەوە).

بێشکی: ناوی دێیەکە لەسەر سنووری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بێشەنگ: شۆڕەبی، شەنگەبی.

• • •



پاوە: ناوی شارێکە لە کوردستان؛ پاوان. (هەژار)

پەروەر: ڕێزلێنەر، ڕێزبۆبردن بۆ کەسێك یاخود هەر هەر شتێکی تر: (نیشتمان**پەروەر**ان جێگای هومێدی گەلن)؛ هۆزێکن لە سەرووی کوردستان دەژین، هونەرمەند (شوان پەروەر) لەو هۆنزەیە.

پەژێو: پەڕێشانحاڵ، پەشێو.

پەلزێرین: لەقەبی سەرکردەی کورد (ئەمیرخان)ە کە بە (ئەمیرخانی پەلزێرین) ناوی دەرکردووە، گەورەترین ئیپۆسی کوردی بەتایبەتی ئەوەی کەرەسەی مێژوویین و فۆلکلۆری تەواو دەربارەی مابێت ئەوە بەیتی (خانی دەست زێرین)ە، کە لەناو خەڵکدا بە (دمدم)یش و، بە بەیتی (قەڵای دمدم)یش ناوبانگی هەیە. ئەم داستانە خەباتی سالانی ١٦٠٨ - ١٦١٠ی کوردان دەگێڕێتەوە بە سەرکردایەتیی ئەمیرخانی یەکدەست، ڕووبەڕووی شاعەباسی یەکەم. ئۆسکارمان لە ساڵی ١٩٠٦دا تێکستێکی کرمانجیی خواروو (سۆرانی)ی ئەم داستانەی چاپ کردووە، هەروەها (ژابا) و (پریم)و

(سۆتسین)یش بەشێوەی کرمانجی ژوورو چاپییان کردووە، وە دوکتۆر ئۆردیخانی جاسمی جەلیل ئەم تێکستانەی لەگەڵ چەند دەسنوسێکی تردا پێکەوە چاپکردووەو کردوویە بە ڕووسی. هەروەک نۆتی مۆسیقای ئاوازی بەیتەکەی دمدم لەلایەن جەمیلەی جاسمی جەلیلەوە نوسراوەتەوە. دوکتۆر ئۆردیخان کە بە ڕووسی لەم داستانەی کۆڵیوەتەوە دەڵێ:

(داستانی قارەمانێتیی کوردی -خانی پەلزێرین- کە بەرهەمی فراوانترین کۆمەڵانی خەڵکە، بە پەیکەری خەباتی مەردانەی کوردان ئەژمێررێ بەرامبەر بە کۆیلەیێتیی شاکانی ئێران). دوکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێ:

بێگومان، بەیتی قەڵای دمدم گەلێك وێنەی ڕاستەقینەی خەباتی گەل و گەلێك وێنەی قارەمانی ڕاستەقینەی تیایە و لەناو دێرپەدێڕی داستانەکەدا دەنگی گەل ڕووبەڕووی دوژمنانی، بەزمان ئەم یا ئەو قارەمانەوە هاوار دەکات.

دوا وەڵامی (ئەمیرخانی پەلزێرین) کە سەرکردەی کوردان بووە، هاواری مەردانەیەتی بەرامبەر بە شاعەباس:

خەلقی مە نایێ ڕایێ
هێڤیا (*) دژمنە لە مەیدانێ
مینا (**) شێرا ئەو شەڕدکە
هەرتم، (***) دژمنا لەتدکە
مە نە خۆفێ ئەسکەرێ تە
مە نە خۆفێ خانێ تەورێزێ
کەڵ ڕاناکا ژ هەمبێزێ
مە نەترس خانێ چین مەچینێ
قڕ ناکە خەلقێ مە

مە نە خۆفێ خانێ تەیموورێ یا
بەلا ناکا خەلقێ مە لە چیا
تاجێ تە قبوولّ ناکەم
کوردستانێ بێ ناف ناکەم

پەندێر: ئامۆژگاریکەر، وەعزادەر.

پەهلەوان: ئەو کەسەیە کە لەسەر پەت پالّەوانبازی دەکات.

خەبائیس تەبعە ژ ئەهل سەگ سروشتە
یەقین ئەو کەر ژ جانان لەو دەکەت بێز
(مەلا) جانی تە چاوان **پەهلەوان** کر
ل تای خەمریان زولفا دل ئاوێز (مەلای جەزیری)

پەیك: قاسید، نامەبەر:

قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
وەی **پەیکی** شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور (نالی)
جانم فیدای سەرەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
وەی **پەیکی** موستەعیددی هەموو ڕاهی پڕ خەتەر (سالم)

پیرە: یەکێکن لە ٣ تیرەکەی تیرەی (شیلانە) لە خواروی کوردستان کە بریتین لەمانە: پیرە، شوانە و ڕەجەب، لە دێیەکانی بیموشە و هەلۆنە دانیشتوونە و هەندێکیشیان دوای ژێرئاوکەوتنی دێهاتەکانیان چوونەتە چوارقورنە، ژاراوە، ڕانیە و ئاسکی کەلەك؛ پیر، بە کەسی بەسالاچوو دەوترێ.

پێشڕۆ: سەرجەلە، سەرگەلە.

پێشکۆ: لوتکە، کەپك..

• • •



تاری: ناوی لاوێکی مۆسیقاژەنی کورد و خەڵکی ئەسفەهان بووە؛ تاربوو، تارا، لەماڵ دەرکەوت بێ گەڕانەوە: (کەروێشکەکە **تاری** نەهاتەوە)؛ ڕەشی، تاریکی: (سەرمەدا هات شەڤا **تاری**)؛ تار، ناوی ئامرازێکی مۆسیقایە:

هونەرمەندێ کە هەر نەغمێکی **تاری**

گڕ و ئاورینگ و پشکۆی لێ دەباری (هێمن)

تۆژەر: تۆژەرەوە، کۆڵەرەوە، بریتییە لەو کەسەی کە بە بنج و بناوانی باسێ یا کارێکا دەڕوات.

تۆمار: تۆمارکردن، نووسین لە دەفتەر.

تووران: ناوی دێیەکە لە ناوچەی گەرمیان نزیک (کەلار) لە خواروویی کوردستان:

ئەو ڕێگاو بانە　　بۆ **تووران** ئەچێ

بۆلای مامێ باوکی　　سۆیبەگیان ئەچێ (فۆلکلۆر)

تەرخان: تەرخانی هۆزێکن لە تیرەی جاف لە کوردستان؛ کەسێک ئازاد بێ

لە باج و بەهرەی ئاغا.

تەرهان: تیرەیەک بوونە لە کورد (مەردۆخ) دەڵێ: بەشێک بوونە لە ٥ بەشەکەی تیرەی (لەک) کە ئەمانەن: (لالەیی، سلسلە، تەرهان، دالوەند و دافان) ئەمانە زۆرترینیان شیعەن لە خانەقین و خورەم ئاباد و ئەلەشتر و لورستان دانیشتوون هەندێکیان لە کلیایی و هەمەدان و ئەسفەهان و دەوروپشتی سنە دائەنیشن، بەشێکیان لە سەلماس و ئازەربایجان دانیشتوون.

تەسیار: بریتییە لە ئێشکگری کاروان.

تەشق: بڵندایی هەوا: (کۆترەکەم گەیشتە **تەشقی** ئاسمان)؛ توندوتیژی هەوا: (سەرما **تەشقی** نەما، لە **تەشقی** گەرمایە چووم).

تەنگور: ڕووبارێکە لە دامێنی چیای شاهۆدا سەرچاوە دەگرێ، پاشان تێکەڵ بە ئاوی سیروان دەبێت.

تیرداد: ناوی پاشایەکی کورد بووە لە کۆندا (یەک لە سەرکردەکانی ماد) بەپێی نووسینی (مەردۆخ) لە (مێژووی کورد و کوردستان)دا (تیرداد) لە دەوروبەری ساڵی (٣٣٨)م فەرمانڕەوای ئەرمەنستان بووە، لە ڕووی هەندێ شتەوە ئایینی حەزرەتی (عیسا)ی پەسەند کردووە.

تیشک: تیسک؛ بریقەدانەوە؛ تیرێژ، تیرۆژ، ڕووناکیی خۆر:

لە گۆڕستانی ئەم مەنفایەدا
تەنیا وێنەی تۆم لە **تیشک** چنیوە..
بە گەرووی نوقمی سەراب و خۆڵم
گۆرانی عومرم بۆ تۆ چڕیوە (ڕەفیق سابیر)

• • •



جافەران: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.
جفتیار: زەویکێڵ، جووتیار.
جەنگۆ: کورتکراوەی ناوی (جەنگی)یە.

• • •



چاریارو: ناوی کێوێکە لە لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

چنگیان: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

چۆلو: ناوی (ئیسماعیل بەگی چۆلو) بووە کە سەرداری کوردە یەزیدیەکان بووە.

چۆمی: چۆم، چەم، ڕووخانە.

چەوار: ناوی ناوچەیەکە لە پارێزگای ئیلام، بەپێی هەندێک سەرچاوە شاعیری کۆنی کورد (شاکە) زۆرتر لە دووسەدە لەمەوبەر (١١٧٠ - ١١٠٥) لە دێی (بەوڵی)ی سەر بەو ناوچەیە لەدایك بووە.

چیارەش: لقێکن لە تیرەی (میللی) کە ٤٤ تیرەیە و لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمانجق لە سەرووی کوردستان دەژین.

• • •



حەتۆ: ناوی یەک لە سەرکردەکانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بووە لە ساڵی ١٩٢٥ و سەرۆکی خێڵی جبران بووە کە پشتیوانی تەواویان لە ڕاپەڕینەکە کردووە.

حەمك: ناوی دێیەکە لە ناوچەی داودە لە خواروی کوردستان. سەرنج: نەیارانی کورد ناوی ئەم شارەیان گۆڕیوە بە (المالکیە). (گەشتێک بۆ ئەکادیمیای سەربازی م. قوڕمقاز- مهاباد کوردی)

حیفۆ: برای تاژدین و چەکۆ و (کاکەمەم)ی خۆشەویستی (زین) بووە، کە کوڕی (ئەسکەندەر)ی سەرکردەی بەتوانای میری بۆتان بوونە لە سەرووی کوردستان. مامۆستا علاءالدین سجادی دەڵێ: لە سەدەی حەڤدەهەمی پاش میلاددا ئەحمەدی خانی لە مزگەوتەکانی وڵاتی بایەزیددا دەرسی ئەخوێند، هەموو جارێ ئەیبیست کە ڕیش سپیەکان لە پێشینەکانی خۆیانیان ئەگێڕایەوە کە لەم وڵاتی (بۆتان)ە (ئەمیرزەینەدین) ناوێکی کورد بەسەر ئەو وڵاتانەدا فەرمانڕەوا بووە. دوو گوڵی لە باخچەدا بووە، یەکێ (ستی)،

یەکێ (زین). سەران و کەلانتەرانی زۆریشی لەژێر دەستا بووە، یەکێ لەو سەردارانە (ئەسکەندەر) ناو بووە کە کەسی بەکەس نەزانیووە تەنیا میرزەینەدین نەبێ، سێ کوڕی هەبووە: تاژدین، چەکۆ، حیفۆ. ئەمانە پاڵەوانی زەمان و شێری مەیدان بوون. تاژدین برایەکی بووە (مەم)ی ناوبووە و میرزازادە بووە، هەرچەندە برای دایك و باوکی نەبووە و، بەناو بێگانە بووە، بەڵام گەڵێ دۆستی بووە، ئەم دوو جوانە دوو نەمامی بیشەڵانی میرزەینەدین بوون وەکوو چۆن (ستی) و (زین) دوو دلارامی لالەزاری جەمال بوون.

• • •

خ

خاکشیر: ناوی جۆرێکە لە گیا کە لە زۆر جێگادا بۆخۆی ئەڕوێ، لاسکی باریك و درێژە، مەیلە و سپی و گوڵی وردە لە دواییدا گوڵەکە ئەبێ بە تۆوێك وەکوو تۆوی (خەردەل) یا وەکوو (هەرزن)، پاشان وەکوو دەرمان بەکاری ئەهێنن:

(خەرتەل) و (مام ڕێواس) و (گوڵی **خاکشیر**)

دەرمانی چاوە لە بۆ جوان و پیر (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

خاڵدار: ناوی دێیەکە لە کوردستان؛ بریتییە لەو پەڵەیەی کە بە پێستەوەیە.

خوادا: بریتییە لە بەشێ کە خودا داویە و بەخشیویە.

خوداداد: خواپێدان؛ وشەی گلەیی و شیکایەت: (**خوداداد** لە دەستی چەرخی زەمانە).

خواکەرەم: بەخشینی خودا.

خوداد: ناوی دێیەکە لە نێوان ناحیەی بێتواتە و ڕانیە لە خواروی کوردستان.

خەسرەو: خوسرەو، پادشا؛ ناوی هاوسەری شاعیر (مەستووری کوردستانی) بووە کە ناوی (خەسرەوخان بووە) و بە (ناکام) بەناوبانگ بووە و لە بنەماڵەی ئەردەلان بووە، ئەم پیاوە لە لاوچاکی و نەبەزی و بەخشندەیی و جوامێری و پیاوەتی و دەسەڵات و ڕامیاریدا هیچی کەم نەبووە. ئەڵێن ئەوین و خۆشەویستی ئەو دوو هۆنەرە واتە: (خەسرەوخان و مەستووری) سەبارەت بە یەکتر گەیشتووەتە ڕادەیێك کە نازانرێ بەکامیان بوترێ دڵبەر و بەکامیان بوترێ دڵبراو، بەڵکو هەریەکەیان لەچاوی ویستنی یەکترەوە، هەم دڵبەرن و هەم دڵبراو هەروەك لەم پارچەهەڵبەستەی (مەستووری)دا کە پاش مردنی هاوسەرەکەی وتویەتی دەردەکەوێ:

مەستووری، کۆربای خەیاڵت خامەن
خەسرەوت دەستاخ وە بەندو دامەن
وە دڵەی پڕ سۆز ئەشك ئەفشانی کەر*
زاری پەی تەزویر دنیای فانی کەر

*ئەشك ئەفشانی کەر: فرمێسك داوەڕێنە.

• • •



داروخان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شلێر لە خواروی کوردستان.

داشی: تیرەیەکن لە (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ عوسمان جق دەژین.

دالان: ناوی کانییەکە (کانی دالان) لای شاخی سوورێن.

دالّان: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای لوردیکان کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣٤٩٢ مەتر دەدات.

دالّاهۆ: ناوی کێوێکە کەوتۆتە دێستانی پشت تەنگ لە قەزای قەسری شیرین لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەسری شیرینەوە ٣٣ کیلۆمەتر دوورە، بەرزاییەکەی لە دەوروبەری ١٨١٠ مەتر دایە سەرچاوەی چەمی پۆل زەهاب دەکەوێتە ئەم چیایەوە، ئەم چیایە لە لای باکووری ڕۆژئاواوە بە کوەندزەردە ١٣٥٠ مەتر و لە لای باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە بە کوەگولبان ٢٠١٠ مەتر دەگاتەوە؛ دالّۆ، داوەڵ، دالّهۆ.

دالوەند: تیرەیەک بوونە لە کورد (مەردۆخ) دەڵێ: بەشێک بوونە لە ٥ بەشەکەی تیرەی (لەک) کە ئەمانەن: (لالەیی، سلسلە، تەرهان، دالوەند و

دافان) ئەمانە زۆرترینیان شیعەن لە خانەقین و خورەم ئاباد و ئەلەشتر و لورستان دانیشتوون هەندێکیان لە کلیایی و هەمەدان و ئەسفەهان و دەوروپشتی سنە دائەنیشن، بەشێکیان لە سەلماس و ئازەربایجان دانیشتوون.

دامیار: پاوکەر، نێچیرڤان.

دانان: تیرەیەکن لە (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ عوسمان جق دەژین.

دانێر: حاکم، ئەو کەسەی حوکم دەکا.

داودە: نازناوی شاعیرێکی کۆنی کوردە (مەحمود کوڕی ئەحمەد) کە لە ڕەچەڵەکدا زەنگەنەیە، مێژووی لەدایکبوونی نازانرێ بەڵام لە ساڵی ١٨٧٥ دا دونیای جێهێشتووە (مەحاک)یشی پی دەڵێن؛ نازناوی هونەرمەند (فایەق)ە کە خەڵکی خواروویی کوردستانە.

درەبی: ناوی شاخێکە لە کوردستان.

دڵقال: دڵاوا.

دڵقەکەر: دڵگوشا، بریتییە لەو شتەی کە دڵ خۆشدەکا.

دڵگوشاد: ئەو جێگایەی کە دڵ تیایا بکرێتەوە.

دڵگەرم: سەرگەرمی و دڵگەرمی لە کارکردنا.

دلۆیی: تیرەیەکی کوردن لە لیوای کەرکوک و خانەقین و کفری دائەنیشن. (مەردۆخ)

دڵەشێر: جۆرێک گیایە کە لە کەژ و کێوەکانا لە نزیک کێڵگەکانا ئەڕوێ، دوو گەڵای سەوزی پانی هەیە نزیکەی ٢٠ سانتیم لە زەوی بەرز ئەبێتەوە لە میانەی ئەو دوو گەڵایەدا دوو دەنک تۆو دروست ئەکا و ئەنووسێن بەیەکەوە لە چەشنی دڵ بۆیە پێی ئەڵێن (دڵەشێر).

دۆدکان: ناوی هۆزێکی کورده. (هەژار)

دومان: تومان، مژ، تەم: (سەری چیا ب**دومانە** بابێ من) سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.

دۆیسە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی (کەلاتەرزان) (نێوان سنە و مەریوان) لە پۆژهەلاتی کوردستان.

دوین: ناوی قەلایەکە سەر بە ناوچەی ئەریڤان، باب و باپیری سەلاحەددینی مەزن کە لە هۆزی پەوەندی بووە لە سەدەی دەهەمدا لە دەوروپشتی ئەم قەلایە باروبارگەی خۆیانیان خستووە.

دەخو: ناوی پادشایەکی کورد بووە لە کۆن دا.

دەردین: نازناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە؛ هەرچەندە مێژووی لەدایکبوون و کۆچکردنی نازانرێ، بەڵام بەپێی ئەوەی شیعریان لەگەڵ شاعیر (مەحزونی)دا گۆڕیوەتەوە دەکرێ بوترێ ئەم شاعیرە واتە دەردین هاوچەرخی بێسارانی بووە (سەدەی حەڤدە یا هەژدەهەم)، ئەمەش دەقێکە لە شیعرەکەیان:

دەردین دەپرسێ:

ئەرێ مەحزونی ! هام ستارەی قەیس، وێڵ مەحزونی !

پەی دەردەداران تۆ ڕانموونی ماچان تۆ نۆشان جام مەجنوونی ...

مەحزونی لە وەڵام دا:

دەردین ! دڵ ، بەکام مەر ئەو ساوینی دڵەی وێت بەکام

دەرکەوت: دەرکەت، دەرکەفت، دەرکەڤت، پەیدابوو: (چ وەخت بوو خولە لە مانۆ **دەرکەوت**؟).

دەرهەرد: ناوی دێیەکە لە ناوچەی (کەلا تەرزان)ی شاری سنە لە پۆژهەلاتی کوردستان.

دەلان: ناوی دێیەکە لای سەرکەپکان و چۆلیاوا لە ناوچەی ئاکۆییانی خواروویی کوردستان.

دەلاوان: ناوی دێیەکە؛ ناوی کوێستانێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دەلۆ: دەلۆیی، تیرەیەکن لە کوردستان (کۆچەری)ن.

دەماوەند: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان؛ بەرزترین کێوی ئێرانە لە ناوچەی تاران:

بە جورعە و مورعە کار پێك نایە ساقی پڕکە مینایە

بەقەد کێوی **دەماوەند** و سەهەندم خەم لە دڵ دایە (حەقیقی)

دیرکوند: تیرەیەکن لە کورد دووبەشن (بەهاروەند و قەلابوەند) لە سەرووی دیزەفول و کەیالان ئەژین و سەر بە تیرەی لوڕن کە ٢٨ تیرەیە.

دیسم: ناوی کوڕی (ئیبراهیم شادلو) سەرکردەیەکی کورد بووە لە کۆن دا.

دیملێ: شێوەیەکە لە زمانی کوردی (زازایی).

دینەوەر: دیناوەر؛ ناوی مەڵبەندێکە لە کوردستان.

دینەوەری: ناوی زانایەکی بەناوباگی کوردە. (هەژار)

• • •

ر



راسنی: تیرەیەکن لە کورد (مەردۆخ) دەڵێ: (٣٠٠٠) ماڵن لە کۆندا لە (عەقەر) دانیشتوون سەرۆکەکەیان ناوی (علاءالدین)ی گورگ بووە.

ڕاوگان: ناوی دێیەکە لە ناوچەی پێنجوێن لە خواروووی کوردستان.

ڕاهی: ڕەها، ڕزگار.

ڕوزیەکی: تیرەیەکن لە کورد (کۆچەری)ن.

ڕۆژکی: هۆزێکی کوردن.

ڕووبار: جۆیبار، ئاوێکی زۆر هەمیشە لە ڕۆیشتندا بێت.

ڕووکان: ڕووشان، داڕووشان.

ڕۆیسی: ناوی هۆزێکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕەجەب: یا ئالی (ئالی کوڕی ڕەجەب بووە) تیرەیەکن لە ٣ تیرەکەی تیرەی (شیلانە) کە (شوانە، پیرە و ڕەجەب)ن لە ئاوایی بەردەشان و هەندێکیشیان دوای ژێرئاوکەوتنی دێهاتەکانیان لە بازیان دادەنیشن لە خواروووی کوردستان.

ڕەجەن: ڕووت و ڕەجاڵ.

ڕەشوەند: تیرەیەکن لە کورد لە دەوروپشتی قەزوین دەژین نزیکەی (٥٠٠) ماڵ دەبن. (مەردۆخ)

ڕەفیق: هەواڵ، دۆست، برادەر، ئاواڵ، ئاوڕێ، هاوڕێ.

ڕەواز: ڕێباز، بریتییە لەو شوێنەی کە زۆر ڕێگای هاتوچۆی خەڵکە؛ بریتییە لە ڕێزە بەردی سەر ملەی کێو.

ڕەها: ڕاهی، ڕزگار:

کوردینە وەرن شەربەتی ڕێکی بە دەماکەن
ئەم مولکە لە دەست عالەمی بێگانە **ڕەها**کەن
یەکدی مەکوژن ڕوویی سەنایبع لە هەواکەن

بەم ئاوری ناکەیە سووتاوە دڵی من (مەلا خدری دەشتی-ئەم شاعیرە ناوی خدر کوڕی ئەحمەد کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی مەلا ئەحمەدە و لە هۆزی نانەکەلیانە. لە ساڵی ١٩٠٩ لە بناری چیای قەرەچوغ لە ئاوایی (مەلەکاغا)ی دەشتی هەولێر لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٧ لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا دونیای جێهێشتووە).

ڕیشوان: تیرەیەکی بچوکی کوردن (کۆچەری) لە ناوچەی (ئەرزرووم)ی سەرووی کوردستان دەژین.

• • •

ز

زاراوەند: تیرەیەکن لە تیرەی (لور) کە پێکهاتوون لە (٢٨) تیرە.

زاهیر: بەرچاو، دیار، ئاشکرا: (**زاهیر**ەن کرەکە وا دەبینێ).

زریاب: ناوی مۆسیقاژەنێکی بەناوبانگی کورد و خەڵکی مووسڵ بووە (٧٨٩- ٩٥٧)، ژیانی هونەریی لە بەغدا دەستی پێکردووە و زۆر بە چالاکی و هوشیارانە لە دیوەخانی (عەبدولڕەحمان)دا لە (کوردۆ) تەواوی کردووە، پەیمانگایەکی مۆسیقای تیادا دامەزراندووە، ئەو ئاوازە ڕۆژهەڵاتییەی کە خراوەتەوە پەیمانگاکەوە سروشتێکی ڕەسەنی هەبووە و لە ئەندەلوسەوە وەرگیراوە و هەتا ئەمڕۆش قەرەجەکان هەر ماویانە و کاری پێ دەکەن، هەر (زریاب)یش بووە کە وەتەری پێنجەمی عودی دۆزیوەتەوە. (تۆمابوا لە کتێبی ژیانی کوردەواری دا).

زوران: تیرەیەکی کوردن لە (١٢) تیرەکەی (بەرازیە) و هەموو لە تیرەی (بەرازیل)ن کە بریتین لەمانە: (کیتکان، شێخان، ئوکیان، شەدادان، ملی دینی،

مەعافان، **زوران**، پیچان، قەرەکیچان، دینان و میردیدان) کە لە دەوروپشتی (سروج) دائەنیشن. (بروانە مێژووی کورد و کوردستان- مەردۆخ).

زورکان: ناوی دێیەکە لای دووگۆمان و گرتك و دۆڵی شەهیدان لە ئاکۆییانی خواروویی کوردستان.

زۆز: چیای هەوارگە؛ ناوی گیایەکە لە ئاودا ئەڕوێ.

زوکری: ناوی هۆزێکی کوردە و لە وڵاتی ئەرمەنستان ئەژین.

زوڵاڵ: شتی بێ گرێ و قۆررت: دەنگی (زوڵاڵ)ە یا ئاوەکە (زوڵاڵ)ە واتە: ڕوون و بێ خەوشە:

خۆشەویستەکەم
لە پەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێلەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانی یە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی **زوڵاڵی** خیزە وردەکانی
کانی یە. (سواڕەی ئیلخانی زادە)

زەراب: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٦٢٥ مەتر دەبێت.

زەردە: ڕەنگی زەرد، زەردبوون:

دە مەگری دایە دایکی نیشتمانم
مەڵێ بۆ **زەردە** ڕەنگی ڕۆڵەکانم (شەریف)

؛ تیشکی خۆر لەکاتی ئەنگوتن و ئاوابووندا (**زەردە**کەوتووە یا **زەردە** ماوە) (زەردە پەڕ)، کاتی ئاوابوونی خۆر کە زەردە بەسەر کەلەوە بێ؛ (**زەردە**چۆ- **زەردە**چەوە)؛ جۆرە ماسیەکە وەك (قاشنە) بەڵام پوڵەکەکانی ڕەق و زل نیە، وە لە خواردنا فرێ نادرێ؛ بزە، (**زەردە**خەنە، **زەردە**کەنی- پێکەنینی بێدەنگ)؛ ناوی جۆرە تریێیەکە «**زەردە**تری»؛ (**زەردە**لوو- هەڵوژەزەردە)؛

حەلوای شەکر؛ ناوی دێیەکە لە کوردستان.

زەرزا: هۆزێکن لە کورد و لە ناوچەی (شنۆ)ی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەژین و بەشێکیشیان لە سەرووی کوردستان ئەژین.

زەنور: ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە. مێژووی لەدایکبوون و دونیاجێهێشتنی ئەم شاعیرە دیار نییە.

زیدان: لقێکن لە (٧) تیرەکەی (مودەکی).

• • •



ساتون: ناوی پادشایەکی کورد بووە لە سەردەمی کۆندا و لە تیرەی (لولو) بووە کە بەشێك بوونە لە تیرەکانی کوردی ئارارات (۳۷) سەدە پێش لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا کە لە نێوانی کرماشان و بەغدادا دەسەلاتدار بوونە، لەو سەردەمەدا لەگەڵ (نارامسین) کوڕی (سارگون)ی شای ئاکادیەکانا شەڕی زۆریان بووە، بەپێی لێکۆڵینەوەی دوکتۆر (سپایزاەر) گوایە هەندێ کۆمەڵی (لولو) لە دەوڵەتی ئاسووریەکانیشدا فەرمانڕەوا بوونە. بەپێی هەندێك ئاسەواری مێژوویی کە لە (زەهاو) دۆزراوەتەوە هەرێمی هالوان (حلوان) کە ئێستا پێی ئەڵێن (زەهاو) بەدەستی کۆمەڵی کوردی لولوەوە بووە، هەر شوێنەواری مێژوویی دەری دەخا کە لە چاخی فەرمانڕەوایی (ئاسوورناسرپال)دا وڵاتی لولو زۆر ئاوەدان و گەورە بووە وە خەڵکەکەی لە شارستانیەتی و پیشەسازیدا زۆر پێشکەوتوو بوونە تەنانەت ئاسووریەکان لەم ڕووەوە زۆر کەڵکیان لێ وەرگرتوون. هەر دوکتۆری ناوبراو دەڵێ: کۆمەڵی لولو باپیرەگەورەی تیرەی لوڕەکانن، وە ئێستا

پاشماوەی لولو لە ژەنگار و ناوچەکانی وڵاتی عێراقدا هەرماوە وە لە ڕەوشت و قسەکردندا جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ تیرەی لوڕەکاندا نییە، پایتەختی وڵاتی لولو لە سەدەی نۆهەمی قەمەریدا شاری (زیمری) بووە کە دوایە بوونەتە بەشێك لە دەوڵەتی (ماد).

سادۆ: کورتکراوەی ناوی (سادق)ە.

سافی: ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە (کاك مستەفای ئیران) کە لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦ - ١٩٤١)دا ژیاوە.

ساکور: تیرەیەکی کۆچەریی کوردن.

سالّداڕون: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای شەهری کورد کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٦٢١ مەتر دەبێت.

ساهی: تیرەیەکن لە ٢٨ تیرەکەی تیرەی (لوڕ).

سایەبان: بریتییە لە پیاوی مەرد و خاوەن چاکە؛ هەرچی سای هەیە، سایەدار، بەسێبەر.

سپیار: ناوی دێیەکە لە ناوچەی شارباژێڕی خواروویی کوردستان.

سپێیین: ناوی چیایەکە لە خواروویی کوردستان.

سگور: تیرەیەکن لە کورد لە ناوچەی شاری (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بڵاون.

سلدوز: تیرەیەکن لە کورد. (مەردۆخ) دەڵێ: ٢٠٠٠ ماڵن لە ناوچەی ئازەربایجان و زازا و مامەش و موکری دانیشتوون. تیرەیەکی زۆر ئازان.

سلۆڤان: ناوی هۆزێکی کوردە.

سلۆم: ناوی هۆزێکی کوردە. (هەژار)

سوارە: سوار، کەسێك کە بە سواری بڕوا، دەستەی سواران چیرۆکی (دوانزە **سوارەی** مەریوان) کە (پیرەمێرد) نووسیویە چیرۆکێکی بەرز و بەنرخە:

سواره لە پێش قۆشەنێ
خار و مامی دەگەنێ
یەک و کێژی دەدەنێ (فۆلکلۆری کوردی ناوچەی دزەییاتیی هەولێر)

سورداش: ناوی کێوێکە لە خواروویی کوردستان؛ هەروەها شارۆچکەیەکە لە خواروویی کوردستان (هەژار).

سۆرکا: ناوی هۆزێکی کوردە و لە ڕۆژاوای کوردستان دەژین.

سورکێو: ناوی شاخێکە لە سرۆچك لە خواروویی کوردستان.

سورەوەند: لقێکی کوردن سەر بە تیرەی (سنجاوی) کە دوانزە لقە.

سۆفیان: ناوی دێیەکانی لۆتەر، بیگمی، شارستێن، دولەبی، سیدەر، سۆفیان، هەلۆنە، مەرگە، پاشکیش، مەلاسەفی و بیوەکە کە هەموویان لە بەری (مەرگە)ن لە خواروویی کوردستان کە تاپادەیەک شاخاوی و سەختن.

سولّتان: ناوی کێوێکە لە نێوان مەهاباد و بۆکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و چاکێکی لەسەرە. بەرزاییەکەی خۆی لە ٣٢١٨ مەتر دەدات؛ چیایەک بە ناوی (هەیبەت سولّتان) لە ناوچەی کۆیە لە خواروویی کوردستان هەیە.

سەدا: دەنگ، ئاواز: (**سەدایەکی خۆشی هەیە**).

سەردۆش: ناوی دێیەکە لای دۆلّەبی و مرانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

سەرشێو: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان نزیک دێی پازان و ئەشکەنە زۆر شاخاوی و سەختە.

سەرکان: ناوی هۆزێکی کوردە کە زۆر تیرەی لێ جیابۆتەوە. (هەژار)؛ ناوی دێیەکە لە بەری شاربازێڕ لە خواروویی کوردستان.

سەرکێو: سەرشاخ، سەرچیا؛ شوێنی هەرەبەرزایی.

سەرگەلّو: ناوی دێیەکە لای بەرگەلّو سەر بە ناحیەی سورداش و قەزای دوکان لە خواروویی کوردستان کە شاخاوی و سەختە.

سەرنج: تێڕوانین، وردەوەبوون، بە زیتی ڕوانینی شتێك.

سەرۆك: سەردار، سەرگەورە؛ سەراك، کولّکەی شانەکراو؛ دۆکی ڕۆنی داغکراو؛ شتێ کە مەلەوان لەسەر سەری دادەنێ بۆ پەڕاندنەوە.

سەرەنگ: ناوی دێیەکە لە ناوچەکانی سەرسنووری خواروو و ڕۆژهەلاتی کوردستان.

سەرهۆز: سەرۆك عەشیرەت.

سەرهەنگ: پلەیەکە لە سەربازی؛ شاهەنگ، داکی مێشەنگوینان.

سەریاس: ناوی دێیەکە لە بەری بەگزادەی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

سەفەر: ڕۆیشتنێکی وەختی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بەهۆی سەرلێدان:

وەکی چووی لۆ **سەفەرێ** چەند لەدوو تو گریابووم
شایەدانم لێ بگرە لەکن کێ ڕاوەستابووم
هەنجەتانم لێ مەگرە ئی تۆمە لۆکەس نابم (فۆلکلۆر)

؛ هێنانی شت؛ ناوی یەك لە کوڕەکانی میر (خواداده شەل)ی عەشیرەتی (هەمەوەند) بووە کە لە دەوروبەری ساڵانی ۱۷۰۰ی میلادی بووە. (علاءالدین سجادی)

سەفی: ناوی دێیەکە کە (مەلاسەفی)ی پێ دەڵێن لای دێیەکانی لۆتەر، بیگمی، شارستێن، دولەبی، سیدەر، سۆفیان، هەلۆنە، مەرگە، پاشکیش و بیوەکە کە هەموویان لە بەری (مەرگە)ن لە خواروی کوردستان و تا ڕادەیەك شاخاوی و سەختن.

سەکران: ناوی ناوچەیەکە لە کوردستان؛ ناوی کێوێکە لە کوردستان. (هەژار)

سەگوان: نیشانەئەنگێو، بریتییە لە تیرهاوێژی زانا و زەبردەست.

سەگوەن: ناوی هۆزێکی کوردە. (هەژار)

سەهەن: سێبەری خەستی دار؛ سەحەنی نانخواردن.

سەهەند: سەهەن، سەهەنگ، سای خەستی دار، سێبەری چڕ: (سێبەر و **سەهەند**)؛ بریتییە لە زۆر سارد و سەرما؛ ناوی زۆزانێکە؛ هاوینە هەواری مەڕدار لە ئێران؛ ناوی کێوێکی بەرزە:

بە جورعە و مورعە کار پێك نایە ساقی پڕکە مینایە
بەقەد کێوی دەماوەند و **سەهەندم** خەم لە دڵ دایە
بەهارە و لێی تەوللایە گەشەی باغ و نەشەی بولبول
بەهارە و کەس لەگوێی نایە نەوا و نااڵەی دەف و نایە (حەقیقی)

سەیدك: ناوی گیایەکە بەرێکی وەك نۆك دەگرێ و بە شینی دەخورێ. (هەژار)

سەیدە: پاو؛ ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان؛ کاکە، کاکۆ، بەڕێز.

سەیقور: ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە لە سەردەمی (تەیمور قولی) و (دەرویش نەورۆز) کە هەرسێکیان لە ئایینی حەقە بوونە مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دواییان نازانرێ. (ڤ، مینورسکی)ی پۆژهەڵاتناس بە شاعیری (گۆران)ی داناوە و لە کوردی جیاکردۆتەوە، بەڵام وەك دیارە کورد و گۆران لای گەلی کورد هەریەکن.

سیدان: تیرەیەکن لە (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ عوسمان جق دەژین.

سیدەر: ناوی دێیەکی جوانە لە تەنیشت دێهاتەکانی دوڵەبی، بیگمی، شارستین، بیوەکە، سۆفیان و نۆلچکە کە هەموویان دەکەونە بەری (مەرگە)ی خواروی کوردستان.

سیڤان: سیوان، ڕاوکەر، ڕاوچی؛ چەتر، سەیوان.

سێڵاو: لافاو، لەهی، لی، ئاوی زۆر بە تەوژم کە پاش باران دێت:

دەسا خۆت بە دامێنی زریانەوە هەڵواسە
بە **سێڵاوی** ئەم شەوەدا گوزەر کەو،
لە مقەڵی چاوەکانتەوە
بە هەردوو دەست، پۆڵووی ڕق هەڵڕێژە (کەمال میراودەلی)

سیمەوەند: لقێکن لە دوانزە لقەکەی تیرەی (سنجاوی) کە بریتین لەمانە: چالاوی، گوازی، بەرازی، سیمەوەند، سورەوەند، تیکەوەند، تفنگچی، حەقنەزەرخانی، ئاماسوند، دارخور، بیوەحشتیان و دالیان.

• • •

ش

شاخی: ناوی ئاواییەکە لە سەرووی کوردستان کە لە پێشوودا جێگای میرنشین بووە.

شاروش: شاروشی، تیرەیەکن لە تیرەی ناوەشتی داوێنی چیای (قەندیل)دا و لە هەشت دێدا دەژین.

شاکە: باڵەفڕەی جوچکەی تازە فێرەفڕین؛ ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە، مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرە کوردە دیار نییە. هەندێك سەرچاوە دەڵێن: شاکەرەم ناسراو بە شاکە، لە شاعیران ناودار و (بدیهە) وێژی ناوچەی کەلهوڕی لای ئیلام (مەڵبەندی ئاسمان ئاباد) بووە و لەوێ لەگەڵ (منصور خان) ناوێك لە گەورە پیاوانی کەلهوڕ هەڵسوکەوت و دۆستایەتی هەبووە و وتووێژو پرسیار و وەڵامیان بە شیعر کردووە. ئەو مەسەلەیە بووەتە مەتەڵ و قسەی سەرزمانی خەڵك، بەشێوەیەك کە ئەگەر دووکەس وتووێژیان درێژە بکێشێ پێیان دەڵێن بوون بە شاکە و مەسوور، ئەمەش نموونەیەکی شیعرەکانیانە:

مەسوور: شوکرانەم وەتۆ کەس سرِ نەزانا!
شاکە: سفید بەرگ نەرووی سەرزەمین شانا!
مەسوور: شوکرانەم وتۆ بینایی بان سەر!
شاکە: زەردە گوڵاڵان ئاو گردیە وەر
مامۆستا علاءالدین سجادی بە (شاکە گەڵاڵی) لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا ناوی بردووە.
شانەدەر: ناوی گوندێکە لای شارۆچکەی مێرگەسۆر لە خواروو کوردستان؛ یەکێکە لە ئەشکەوتە گەورەکانی کوردستان لای زنجیرەچیای برادۆست لە ناوچەی خەلیفانی خواروو کوردستان کە ئاسەواری کۆنی لێ بینراوەتەوە، یەکەمین پەیکەری ئێسکی ئادەمیزادی چەرخی بەردین لە خواروو کوردستاندا تیایدا دۆزراوەتەوە، لە ناو ئەشکەوتەکە ئاوێکی سازگار و فێنک و خۆشی لێیە کە دڵۆپ دڵۆپ دەکەوێتە خوارەوە.
شوانە: ناوی تیرەیەکە لە ٣ تیرەکەی تیرەی (شیلانە) کە (پیرە، پەجەب و شوانە)ن لە خواروو کوردستان و ئەو دێهاتانەی لێی دەژین بریتین لە: بنگرد، سۆفیان و سەرچیا و هەندێکیشیان دوای ژێرئاوکەوتنی دێهاتەکانیان لە سولتانەدی و ژاراوە دەژین؛ ناوی دێیەکە.
شوهان: لقی تیرەیەکن سەر بە تیرەی (لوڕ).
شەبەک: تیرەیەکن لە کورد، لە دەوروپشتی شاری مووسڵ لە خواروو کوردستان دەژین زاراوە و ئایینی تایبەتی خۆیان هەیە.
شەحە: سووکەڵەناوی (شامحەمەد)ە.
شەروان: ناوی دێیەکە بە ناوی (شێخ شەروان) لە بن زۆرگەزراوی ناوچەی هەولێر لە خواروو کوردستان.
شەفیق: ناوی شیعریی شاعیری کۆنی کورد (مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا کەریمی بێستانە) بووە، مامۆستا علاءالدین سجادی دەڵێ: لە ساڵی ١٨٧١

هاتۆتە دونیاوە و لە ساڵی ١٩٢٨ کۆچی دوایی کردووە.

شەڵان: ناوی گەڕەکێکە لە شاری (سنە) لە خواروویی کوردستان.

شەنکەر: بریتییە لەو کەسەی بە شەن شت بەبادەکا، ئەمە لە دێهاتەکاندا دەبێت (شەنەبەبا)ی پێ دەڵێن و بە کەسەکەش دەڵێن (شەنکەر). (مەولەوی) دەڵێ:

خەرمانی خەمان هاوەدەم باوە
شەنکەر یەکێکە دووشەن وەلاوە

شەنەدێر: بریتییە لەو کەسەی بەشەن خەرمان هەڵداوێ.

شەوکێڵ: بریتییە لە کەسێك کە بەشەو زەوی بکێڵێ؛ شوکراو بەشەو.

شەهلەوەند: سوارچاك؛ لاوی شۆخوشەنگ.

شێرزاد: زادەی شێر، بەچکەشێر.

شێروەند: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

شێرە: (**شێرە**) و (ماڵە گەورە) دوو هەوارگەی هاوینەهەوارین دەکەونە ناوچەی شلێر لە پێنجوێن (قانع)ی شاعیر دەڵێ:

ئافەرم بۆ تۆ وەتەن ، وا خاك و خۆڵت گەوهەرە
غەیرە مەحسووڕە تەماعت ، زۆرو بێ حەدو حیساب
من لە دنیادا هەوارم (ماڵە گەورەو) (**شێرە**) بێ
پۆژی مەحشەر چاترم بۆ دەفتەرو نامەو کیتاب

شیشار: ناوی شاخێکە کە دەڕوانێ بەسەر دۆڵی باڵیسان لە خواروویی کوردستان.

شینە: بریتییە لە لکەداری بڵند و لە گەشە.

شێنی: ئارام؛ ئاسوودەیی؛ گوڵکردوو، پشکوتوو؛ کۆبوونەوەی حەشامات.

• • •



عرفۆ: ناوی یەك لە پیاوێکی ئازای میری بۆتان بووە:
کوا (قەرە تاژدین)، (چەکۆ) و (عرفۆ) لە کوێن؟!
بێنە هانام وەك پلینگی چەنگ بە خوێن (هێمن)

عەبدی: ناوی شاعیرێکی کۆنی کوردبووە، مێژووی لەدایکبوون و کۆچکردنی دیار نییە. مینۆرسکی بە (عەبد) ناوی دەبات و، مامۆستا علاءالدین سجادی و بۆرەکەیی بە (عەبدی کەلاتەرزان) ناوی دەبەن. ئەمەش نموونەیەکە لە شیعری ئەو شاعیرە:

خوداوەند تۆنی .... نازدار تۆنی

عەگید: ئەگید، جوانمێر، ناودار، پاڵەوان، بەکەسێك ئەوترێ کە ئازایەتی و بەجەرگی و ناوداری بنوێنێ لە شەڕ دا:

لەگەڕ چەند برادەران لێی دەکەم ڕاوەکارێ
قەفڕ سمێرم لەڕووان دا شابکم ڕادەمارێ
بەژنت ڕمبی ڕمبازان **عەگیدان** هەڕ شەقاندی

هەر کیژ لە ماڕەبابان کوڕان لۆخۆ عاملاندی (فۆلکلۆری ناوچەی دزەییاتیی هەولێرە)

عەلوش: ناوی تیرەیەکە (مەردۆخ) دەڵێ: ٢٠٠ مااڵ دەبن لە ڕۆژهەاڵتی (حران) دادەنیش و بەعەرەبی قسە دەکەن.

عەینە: سووکەاڵوی (عەینەدین)ە.

• • •



غەریق: ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە، مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرە دیارنییە.

غەمگین: غەمبار، خەمبار، (کەسێك باری دەرونیی لەبار نەبێت).

• • •



فانی: نازناوی شاعیرێکی کورده که ناوی (مامه‌ند) بووه. (هه‌ژار)؛ له ڕێی له‌به‌ین چووندا: (دنیای فانی).

فروهه‌ر: ناوی (حوسێنی فروهه‌ر) بووه که دامه‌زرێنه‌ری (کۆمه‌ڵه‌ی ڕزگاریخوازی کوردستان) و (کۆمه‌ڵه‌ی ژ. ك) و سه‌رۆکی کۆمه‌ڵه و سه‌رهه‌نگی کۆماری کوردستان بووه.

فه‌راشین: بای فێنکی هاوینان؛ ناوی زۆزانێکی به‌ناوبانگه. (هه‌ژار)

فه‌رد: دێڕێکی شێعر، مالك؛ تاقانه، بێوێنه.

فه‌له‌ك: گه‌ردوون، ئاسمان؛ زه‌مانه؛ ئامرازی به‌حه‌واکه‌وتن، له‌دوای چه‌رخ دێت: (چه‌رخوفه‌له‌کی) پیرێژن؛ ڕه‌قبوونی ئه‌ندام.

فه‌نه‌ر: چرای ده‌ستی، له‌نته‌ری؛ کانزای باریه:

هه‌ر قه‌ڵاته‌کی ده‌چی‌یێ ئه‌تۆی له‌بنی
هه‌ر حاکمێکی زه‌رنده‌یه ئه‌تۆی له کنی
شا له‌سه‌ر ته‌ختی ئه‌ولایه له‌به‌ر سامی تۆ ناسه‌کنی

سوار ئەمن ئەوی ڕۆژێم پێ جوان بووی
دەستت دەدا شیرێکی **فەنەر** (لە داستانی سوارۆدا)
فێرمەند: سەید، فێرکار، مامۆستا.

• • •



قاتیر: ناوی چیایەکە لە کوردستان کە بەرزاییەکەی خۆی لە ٣١٢٩ مەتر دەدات.

قادڤین: ئازا لە شەڕ، بەدەستوبرد.

قەرەسۆ: فورات سۆ، ناوی ڕووبارێکە لە ئەرزرووملەوە هەڵدەقوڵێت، یەکێکە لەو ڕووبارانەی کە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئاوی فوراتی لێ هەڵدەقوڵێ دەکەوێتە سەرووی کوردستانەوە، هەندێك لقی لێ دەبێتەوە وەکو: چەمی باشی و ئاوی ئۆمەرتەپە. سەرچاوەکانی ڕووباری ئاراس دەکەونە نێوان ئەم ڕووبارە و ڕووباری (مرادسۆ)وە لەسەر زنجیرە چیاکانی چیای (بنگۆل). درێژییەکەی ١٤٨ کیلۆمەتر دەبێت.

قەمەر: ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە (قەمەر عەلی)، مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرە دیارنییە؛ مرۆڤی گەنم ڕەنگ، ئەسمەر؛ کوێتی داوێن تاریك، ئەسپی سووری ئامالّ ڕەش؛ دێیەکە لە خواروی کوردستان.

قەیتوول: ناوی چیایەکە لە کوردستان. (هەژار)

قەیتوولی: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

قەیتەران: ناوی پاڵەوانێکی چیرۆکە: (قارەمان و **قەیتەران**)؛ ناوی گیایەکی لاسك ڕەشە.

قەیوان: ناوی شاخێکی سەختە لە خواروویی کوردستان؛ ناوی دوو دێیە.

• • •



کائو: لقێکن لە تیرەی (میللی) کە (٤٤) تیرەیە و لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمان جق لە سەرووی کوردستان ئەژین.

کاردۆک: ناوێکی کۆنی کوردە.

کاسۆ: تیرەیەک بوونە لە کورد لە ناوچەی کرماشان، (ئەکادیەکان) پێیان وتوون (کاشۆ). ئەم کۆمەڵەکوردە بە کوردی ڕۆژهەڵست ناونراون بە پێی هەندێك سەرچاوە (ئەسکەندەر)ی گەورە شەڕی لەگەڵ ئەم کۆمەڵە کردووە. سەرداری ڕۆمی (ئەنتی فونوس) بە سوپاکەیەوە بە ناو ئەم کۆمەڵەدا ڕابوواردووە، ئەم کۆمەڵە لە دواییدا زۆر بەهێز بوونە و وردەوردە ڕۆژهەڵاتی بابلستانیان لە ڕۆخی دەجلە داگیرکردووە و زۆرجار پەلاماری شاری بابلیان داوە و وێران و تاڵانیان کردووە؛ ژار و فەقیت؛ قاشۆ، داری سەرخواری گۆبازی.

کاکەوەند: تیرەیەکن لە ناوچەی خانەقین و مەندەلی دانیشتوون.

کالۆ: ناوی شۆڕەسوار و پاڵەوانێکی مەیدانی بووە لە شەڕەشیر و ڕمبازێدا کە بە پیریش هەر خاوەنی ئەو چوستی و ئازایەتییەی بووە و لە سەرووی

کوردستان ژیاوە؛ بە پیاوی پیر دەڵێن.

کامەم: ناوی دێیەکە لە موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کلاس: ناوی ڕووبارێکە لە کوردستان. (ڕووباری **کلاس** و چۆمان) چیاکانی زاگرۆسی باکوور لە چیاکانی باشووری کوردستان جیادەکەنەوە.

کۆدۆ: ناوی چیایەکە لە کوردستان.

کورکور: ناوی دێیەکە؛ ناوی هەورازێکە لە خواروی کوردستان؛ قەتێ.

کۆسالان: ناوی چیایەکە لای هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کۆکز: ناوی دێیەکە لە ناوچەی زەنگەنە لە خواروی کوردستان.

کۆیکان: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کەژۆ: سپیپێست؛ بزنەمەڕەزەی زەرد. (هەژار)

کەلوان: ناوی دێیەکە لای بێرشکە و شاتوان لە ناوچەی سەید سادق لە خواروی کوردستان.

کەلەپور: کەلچەر، کەلەپوری ناومان؛ شاباشی زەماوەند. (هەژار)؛ شتی بەجێماوی مێژوو.

کەلیخان: ناوی کەلێکی بەرزە لە نێوان سەقز و بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرزایی لوتکەی (۲۲۵۵) مەتر ئەبێت.

کەندان: گێژاو؛ تەپۆڵکە؛ بریتییە لە دادڕاوی زەوی لە ئاو یان لە ڕووخان:

موبارەک بۆ تۆ و ئەوکورسی، ڕووتیش گوێ بدێرە عەبدالان
ڕووتیش گوێ بدێرە وێ بەیتێ، دووج هەش مەشعەلا
دەسوتێن مەجلیسی مەی تێ، وەکو پووش لە (**کەندان**)ان

(عەلی عاشقی خۆشەویستی خانزادی سۆران)

کەیوانلو: تیرەیەکن لە تیرەکانی موهاجرینی خوراسان.

کیکان: ناوی تیرەیەکە لە کورد.

• • •



گاباری: ناوی عەشیرەتێکە لە کورد.

گادیر: دووپڕگەیەکە لە ناو زەریاچەی (وان)دا.

گاران: ناوی چەمێك بووە، چیایەکە لە مەریوانی پۆژهەڵاتی کوردستان:

نە شوفیری **گاران**یت و
نە فیتەری ژێر پیکابە شکاوەکەی «عەلی عەجەم»
بۆچی نابێ شەو تا بەیان
هەوری خەوێك لە پێدەشتی چاوەکانتا
بارانێکی نەورۆزانەت بۆ ابکات. (بژار)

گارزان: ناوی چۆمێکە لە لای چیای مەڵاتیە لە کوردستان درێژییەکەی ١٢٢ کیلۆمەتر دەبێت.

گارۆ: بریتییە لە هێللانەی مەل لە کونی دار دا، گارگارۆ.

گاروله: بەشێکن لە چواربەشەکەی تیرەی (کۆچەری) کە بریتین لەمانە: (ئینولەر، بارلولەر، ساروڵەر و گارونە) و لە ناوچەی (سیواس) دانیشتوون،

بەشێکیانیش لە (ئەرزەنجان).

گدیانۆ: گەلۆ، خەڵکینە؛ هۆی خۆشەویستی دوور، لە سەربەندی لاوکاندا دەیڵێن.

گردەبا: باهۆز.

گلاڵ: ناوی دێیەکە لە نزیکی (ماوەت) لە خواروی کوردستان.

گمۆ: ناوی چیایەکی بەرزە کەوتۆتە خواروی کوردستانەوە.

گودرووڕ: پارچەیەکی قوماشە. (هەژار)

گودی: گوتی، جودی، تیرەیەک بوونە لە کورد لای پیزەکێوی زاگرۆس و ڕووباری دەجلەوە هاتوون، مەردۆخ دەڵێ: بەم بەشەیان بۆیە گووتووە تیرەی (گودی) کە بە مانا لە کێوی (جودی)یە ئاراراتەوە هاتوون، هەروەها دەڵێ: (نارام سین) کوڕی (سارگون -یەکەم شای ئەکاد-) بە دەستی تیرەی گوتی بەمانا (کوردەکانی ئاراراتی) لەناو چووە، وە نەتەوەی گوتی هاتۆتە سەرکار وە نزیکەی دوو سەدە فەرمانڕەواییان لەسەر سۆمەری و ئاکادی کردووە. بە بڕوای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەم تیرەیە لە بنەڕەگەزی کوردایەتیدا زۆر کۆن و لەپێشن.

لە کێوەکانی زاگرۆس و ناوچەی کەرکوکی ئێستا خاوەن دەسەڵات بوونە و لە مێژووی (سۆمەری و ئەکادیەکانا) بە بنەچەیەکی بەرز باسیان کراوە. لەو دوو پارچە (لەوحە)یەدا کە لە دەوری (توکولیتی اینورتا) شای ئاسوور نووسراوە و ئێستا دۆزراوەتەوە ناوی تیرەی (گوتی) تیا نووسراوە وە لە لایەکی تریشەوە ناوی (کورتی) هاتووە لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەم دوو وشەیە هەردووکیان بۆ یەک کۆمەڵ بەکارهێنراون. ڕۆژهەڵاتناسی ناودار (درئاوەر) لەم ڕووەوە بیری خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: (کوتی. کورتی، گودی، کاردو، کاردۆخی، کاردۆشی، کاردا، کارداک، کارداویە، کارتاویە، کورتوی، کوردوانی، کوردی) هەریەکن هەرچەند بە قسە لەگەڵ یەکتردا

جیاوازن بەڵام لە ڕاستیدا هەموو هەریەکن.

گورد: چاپک و بەکار، پاڵەوان؛ بریتییە لەو دارەی کە دەخرێتە ناو ڕایەڵی تەون؛ دەرفەت، کیس: (**گوردی** خۆی ڵێ گرت)؛ تاقەت، قەوەت: (**گوردی** گرتەوە)؛ چابک و بەکار؛ پاڵەوان.

گۆزەڵ: جوان. (هەژار)

گۆڤان: بریتییە لە گۆڕەپانی بازی کردن؛ شایەت، گۆڤا. (هەژار)

گوڵاوی: بریتییە لە جۆرێك هەرمێ.

گوماد: قارەمانێك بووە لە خانەدانەکانی ماد.

گۆمان: کۆی گۆم؛ شوێنایی قوواڵ لە ڕووبار دا؛ ناوی چەند ئاوایيەکە.

گۆیا: ناوی هۆزێکی کوردە لە نزیك چیای (جوودی) لە سەرووی کوردستان کە لە (قورئان)دا باسی هاتووە. (هەژار)

گۆیان: هۆزێکی کوردن؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

گەردە: کورتەباڵای قەڵەو؛ ڕیزەگوڵینگەی ڕەشی ئاوریشمی کە لە سەریانی دەپێچن؛ گەردن؛ خاکەڕەژی.

گەرنوس: گەرناس، ئازا و بوێر لە شەڕ.

گەرۆ: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

گەرین: بڵندترین لوتکەچیای زنجیرەی (زاگرۆس)ە کە بڵندیەکەی ٣٦٤٥ مەتر دەبێ یەکێ لە چیاکانی پارێزگای لوڕستانە کە سەرچاوەی ڕووباری کەمان دەکەوێتە ئەو چیایەوە.

گەشتیار: سەیرانکەر، سەیاح، گەریدەی شاران، دنیاگەڕ.

گەڤری: بستو، زینو، ملەی چیا.

گەڵواخی: ناوی ناوچە و عەشیرەتێکە لە کوردستان.

گەلوان: ناوی دێیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گەڵەندو: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای خۆی کە بەرزاییەکەی نزیکەی

٣٢٣٠ مەتر دەبێت.

گەلیار: ناوی عەشیرەتێکی گەورەیە لە کوردستان.

گەنجاڵی: گەنج، لاو، تازەهەڵچوو.

گەور: ڕەنگی کەوە؛ سپی ئاماڵ زەرد؛ ئەسمەر، گەنم ڕەنگ؛ ئاورپەرست؛ زل، مەزن؛ زەردی خورمایی؛ ناوی هۆزێکی کوردە.

گەوران: ناوی دەشتێکە لای شاری (دیاربەکر) لە سەرووی کوردستان، نەوتی هەیە؛ ناوی هۆزێکی کوردە. مامۆستا عەلی سەیدۆ لەو هۆزەیە؛ ناوی گوندێکە لە خواروووی کوردستان؛ مەزن، کۆی گەورە.

گەورۆ: بریتییە لە پیاوی سپی پێست؛ گەورە، مەزن.

گەولا: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

گیدۆ: باهۆز، گێجەڵووکە.

گیڤالە: تیپی سواران، دەستەسوار؛ دەستەیەک مرۆڤ.

گیلان: گیل، تیرەیەکی زۆرکۆنی کوردەوارین بەپێی هەندێك سەرچاوە لە نەتەوەی کوردەکانی (ماد) واتە لە ڕۆژهەڵاتی (مادا) کوڕی یافس کوڕی نوح لەبەرئەمە تیرەی گیل لە کوردی بەشی ڕۆژهەڵاتن یۆنانیەکان پێیان وتوون (کاردۆشی).

گیوران: تیرەیەکن لە (سیورك) لە ناوچەی (دەرسیم) لە سەرووی کوردستان.

• • •

ل

لادیڤ: دەشتەکی، لادێیی، بەرانبەری شارستانی.
لازۆ: ئەی جوان، ئەی گەنج، ئەی جاحێڵ.
لالش: ناوی دێیەکە لای شاری مووسڵ و دانیشتوانەکەی لەسەر ئاینی یەزیدین، لەو شوێنە (شێخ عەدی)ی تیا نێژراوە، ئەم پیاوە لەو پیاوانەیە کە پاکی ئاینی یەزیدییەکانی پاراستووە، کتێبی (جیلوە) ئەم داناوە.
لاوران: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
لاوژا: براگەورە، کاکی گەورە.
لاوژۆك: تازەجوان، بریتییە لە لاوی تازەپێگەیشتوو.
لاوژە: گۆرانی، ستران، قام؛ لەبەرئەوە، بۆ ئەمە.
لاوك: بەستەپێداگووتن، حەیران، گۆرانی درێژ و قەدیمی (لاوك و حەیران).
لاونا: دڵداریدان، لاونادان.
لاوەك: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.
لاوی: جوانچاکی؛ گەنجی، جاحێڵی.

لۆتەر: زرنگ و چالاك، زیرەك؛ ناوی دێیەكە لە خواروی كوردستان.

لۆلۆ: سەرەتای لاوكە واتە: ئەی لاو، ئەی جوان؛ چین لەسەر چین، توێ لەسەر توێ؛ ناوی گیایەكی بۆنخۆشە، هەڵاڵە؛ بۆبۆ.

لەزگین: بریتییە لە مرۆڤی ڕووخۆش؛ چالاك و بەكار.

لەزیز: عەزیز، خۆشەویست؛ زرینگ، زیرەك؛ بەتام و دڵپەسند.

لەقەند: لەوەند، خۆرتی شۆخ و جوان، لاوی جوانچاك و بڵندباڵا.

لەند: ناوی كوێستانێكی بەناوبانگە؛ بڵند؛ بەرزایی زەوی كە دەوری ئاو گرتوویە تی.

لەوەن: بریتییە لە قامیشی باریك.

لەوەند: لەقەند، شۆخوشەنگ؛ ستارەلەوەند، ناوی چیایەكە (ستارە**لەوەند**)ی پێ دەڵێن لە ناوچەی قەزای ورمێ بەرزاییەكەی دەگاتە ٣٠٠٥ مەتر.

لیزەڤان: بەكەسێك دەوترێ كە باش لە هەڵپەڕین بزانێ؛ لە یاریكردندا زەبر بەدەست.

لیفۆ: ناوی دێیەكە لە خواروی كوردستان.

• • •



مامشە: ناوی دێیەکە لە ناوچەی داودە لە خواروویی کوردستان.

مامۆ: ئاپۆ، ئاپ.

مامە: مام، برای باوک؛ وشەی دواندنی ئاپ؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان؛ ماوم، نەچووم: (من نەچووم لێرە **مامە**)؛ تێماوم، سەرسوڕماوم، سەرگەردانم:

ئەز **مامەد** حیکمەتا خودێ دا
کورمانج ددەولەتا دنێ دا (خانی)

مامەجان: تیرەیەکن لە (٥) تیرەکەی (سورەمیری) و لە دەوروبەری (خانەقین)ی خواروویی کوردستان ئەژین.

مامەدخان: ناوی هۆزێکی گەورەی کوردە لە ئاگری داغ لە سەرووی کوردستان. (هەژار)

مامەدی: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی شکاک.

مامەران: ناوی چەم و ئاوێکە لە ناوچەی گەرمیان لە خواروویی کوردستان

کە ئەڕێتە پووباری (سیروان)ەوە:

ئای لە هاژەهاژ　　ئاوی **مامەران**

وای لە گفتوگۆی　　کافەی کاسەران (فۆلکلۆر)

مامەشە: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

مدارا: ئارامی، سەبر و حەوسەڵە: (ئەمسااڵیش **مدارا** بکە وەک کردووتە)؛ دڵڕاگرتنی ئاواڵ: (تۆزێ **مدارای** بکە).

مرادسۆ: ناوی پووبارێکە لە نزیکی چیای (ئارارات)ەوە لە دۆڵی ئەلاشکەرتدا دەست پێ دەکات. (**مرادسۆ**) یەکێکە لەو پووبارانەی کە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی (فورات)ی ڵێ هەڵئەقوواڵێ لە سەرووی کوردستانەوە، سەرچاوەکانی پووباری (ئاراس) دەکەونە نێوان ئەم پووبارە و پووباری (قەرەسۆ)وە لەسەر زنجیرە چیاکانی چیای (بنگۆڵ). نووسەری پووسی (مینۆرسکی) لە کتێبی کورددا ئەنووسێ: (کەناری چەپی پۆژاوای پووباری فورات و هەموو ناوچەکانی کەناری پۆژهەڵاتی پووباری مرادسۆ تا ڕادەیەک لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ئەمارەتە کوردییەکاندا بووە، ئەو ئەمارەتانەی کە ئەیانوت ئێمە لە ڕەگەزی ئەو هۆزانەین کە لە دوای بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لەم ناوچەیە دانیشتوون، ئەمارەتی بەتلیس گەورەترین ئەمارەتیان بووە و ئەمیرەکەیان نووسەری (شەرەفنامە) بووە کە بە درێژی باسی شارستانیەت و دەسکەوتی ئەمارەتەکەی لە مزگەوت و بازاڕ و زانستی،.... تیا نووسراوە.

مزە: کرێ؛ مزئاش:

بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاق دینگزە

غەیری هیجران و ئەسەف چیدی بەمن نادا **مزە** (کوردی)

مشوور: بڕیتییە لە سەلیقەی کارپێکهێنان، تەگبیرووڕا، خەم لێخواردن: (**مشووری** ئەم کارە زوو بخۆ):

دڵ بوو بە خوێن (شەماڵ) وەرە تۆ بۆم بخۆ **مشوور**
توخوا لە باتی من بگەڕە دەشتی شارەزوور (مەولانا خالید)

موراد: مراد؛ ناوی چۆمێکە لە کوردستان درێژییەکەی ٧٢٢ کم دەبێت.

مۆرتک: دەوەنێکی بۆنخۆشە؛ پیاوئاقڵی ئاوایی. (هەژار)

مۆردین: ناوی دێیەکە لای چنارە و گردەناوێ لە ناوچەی سەید سادق لە خواروویی کوردستان.

مۆریاس: (مۆری یاسە) ناوی دێیەکە لە ناوچەی بەرزنجەی خواروویی کوردستان، بە پێی هەندێك سەرچاوە ناوی ئەم دێیە لە (مۆری یاسین)ەوە هاتووە هەروەك بە یاسین ئەڵێن یاسە، یاسین ناوێك هەبووە کە بۆ یەکەمین جار بناغەی ئەم دێیەی داناوە لە پاشان تەنها بە مۆری یاسین ڕێگە بە خەڵکی تر دراوە خانووی تێدا دروست بکا.

موسەك: ناوی دوو دێیە لە خواروویی کوردستان یەکیان لە شارەزوور و یەکیان لە ناوچەی خۆشناوەتی؛ ناوی جۆرە گیایەکە:

تیتریك و دەرمانە سپی کاردوو گەزنە
(سملّ) و (گەرچەك) و هەڵاڵە پیرێژنە
(بەلەك) و (**موسەك**) و (پاتۆنیا)
(جەژنۆکە) و (نانەکەوە) و (ڕەشەگیا) (میرزا صدیق احمد چنگیانی)

مەحاك: ناوی شاعیرێکی کۆنی کوردە (مەحمود کوڕی ئەحمەد) کە لە ڕەچەڵەکدا زەنگەنەیە، بە (داودە)ش بەناوبانگە. مێژووی لە دایکبوونی ئەم شاعیرە کوردە دیار نییە، بەڵام لە ساڵی (١٨٧٥)دا کۆچی دوایی کردووە.

مەردۆخ: سەرناوی بەرەیەکە لە کوردستان کە زۆر زانایان لێ هەڵکەوتووە، زانای ناسراو و هونەرمەندی بە توانا (شێخ محەمەدی مەردۆخ) کە نووسەری کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)ە لەو بەرەیەیە؛ نەخۆشی لە مردن.

مەردیس: لقێکن لە تیرەی (میللی) کە (٤٤) تیرەیە و لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمان جق لە سەرووی کوردستان ئەژین.

مەزند: مازن، مەزن؛ سەرۆک.

مەژیر: کۆچەر، ڕەوەن.

مەستوور: مەست؛ مەحجووب، بەشەرم و حەیا.

مەسۆ: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

مەسوور: ناوی شاعیرێکی کۆنی کورد بووە، کە لە گەورە پیاوانی کەلهوڕ بووە و دۆستایەتی لەگەڵ (شاکەرەم) ناسراو بە (شاکە) لە شاعیران ناودار و (بدیهە) وێژی ناوچەی کەلهوڕی لای (ئیلام) مەڵبەندی ئاسمان ئاباد هەبووە و وتووێژ و پرسیار و وەڵامیان بە شیعر کردووە. ئەو مەسەلەیە بووەتە مەتەڵ و قسەی سەر زمانی خەڵک بە شێوەیەک کە ئەگەر دوو کەس وتووێژیان درێژە بکێشێ پێیان ئەڵێن بوون بە (شاکە و مەسوور)، ئەمەش نموونەیەک لە شیعرەکانیانە:

مەسوور: شوکرانەم وەتۆ کەس سڕ نەزانا!

شاکە: سفید بەرگ نەرووی سەرزەمین شانا!

مەسوور: شوکرانەم وەتۆ بینایی بان سەر!

شاکە: زەردە گوڵاڵان ئاو گردیە وەر

مەلۆ: مەلو؛ پڕی باوەشێک لە دەغڵی دوراو.

مەمدوا: لقێکن لە دوو لقەکەی عەشیرەتی (شکاک) کە بریتین لە: (عەبدواکان و مەمدواکان). (عەبدواکان) لە دەوروبەری چەهریق لە ڕۆژاوا، کۆتایی سەرووی زەلیای ورمێ ئەژین (سمکۆی شکاک) لەو عەشیرەتەیە. (مەمدواکان) ئەکەونە لای خواروو و سەر بە یەک لە مامەکانی (سمکۆ) بوونە، (عەمەرخان)ەیەکیان تێدابووە کە نموونەی (سمکۆ) بووە لە کێشی هێزدا.

مەمۆ: مەمکی پچووک. (هەژار)

مەموند: ناوی هۆزێکی کورده له سەرووی کوردستان.

مەمەدۆڤ: ئەم ناوه له ناو کوردەکانی له ئەرمەنستان دەژین زۆره.

مەمێ: مەمك؛ ناوه بۆ (مەم) که له خۆشەویستی (زین)ەوه:

کەوتمه نێو چاڵی دیلی وەك (**مەمێ**)

(یایەزین) لەکوێیە هاواری کەمێ! (هێمن)

مەمێند: ناوی دێیەکە له کوردستان.

مەنتك: ناوی هۆزێکی کورده له خواروی کوردستان.

مەند: بریتییە لەکەسی سەنگین و پشولەسەرخۆ؛ خاوەن؛ ئاوی ڕاوەستاوی بێ بزوتن؛ مەندۆك، مەندێ، گیایەکە؛ لەشی مرۆڤ.

مەنداڤ: مەنداو، ئاوی ڕاوەستاو.

مەندان: تیرەیەکن له (٤٤) تیرەکەی تیرەی (میللی) له ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمان جق ئەژین.

مەنداو: مەنداڤ، ئاوی ڕاوەستاو.

مەندە: باقی ماو: (پەس**مەندە**م ئەوەندەیە).

مەندیکان: تیرەیەکن له (٨) تیرەکەی (سنجار) کە هەموویان لەسەر ئایینی یەزیدین.

مەولان: مەولانە، ناوی دێیەکە لای قەرەنگوێ و دۆڵەبی لە خواروی کوردستان.

میراوێ: ناوی دێیەکە لای دێی نوواوێ لە نزیکی شاری (مەهاباد) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

میرخان: میر، خانەمیر، ماڵەمیر.

میرکان: تیرەیەکن له (٨) تیرەکەی (سنجار) کە هەموویان لەسەر ئایینی یەزیدین.

میرکۆ: میر، میرە، میرەکە.

میرکور: بلیمەت، هەڵبژاردە؛ شازادە.

میرکە: میر، جێی میر؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

میرە: کوێخا، قوێخا؛ شوو، مێرد؛ نازناوی پیاوماقوولّی کاکەیی؛ جێ ژوان؛ بەگ، ئاغا؛ ئازوخەی دەوڵەتی.

میرەدێ: بریتییە لە دێیەک کە میری لێ بژی؛ دێی قەوغا؛ ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان:

قەڵغانی زەردەماین چۆن دێنێ
هەوری لەسەری با دەی شەکێنێ
شەریف مەکوژن لاوی گەرمێنێ
قەڵغانی زەردە ماینی شێیە
دەنگی تەپڵیان دێ لە **میرەدێ**یە
شەریفی مەکوژن دۆستی چاوی لێیە (لە داستانی شەریف هەمەوەند دا)

• • •

ن

نادۆ: سووکەڵە ناوی (نادر)ە.

نازمیا: بە ناوچەیەک دەڵێن لە سەرووی کوردستان.

ناڤدار: ناودار، کەسی مەنشوور، بەدەنگ و ناو.

نالّین: نالّاندن، نالّەکردن:

ئیرادەم ئێنەن وی کەلّپۆسەوە

شەو **نالّین** وەشەن وەلای دۆسەوە (مەولانا شێخ عەبدولڕەحمان- خالیص)

نامدار: ناودار؛ بەدەنگ و ناو؛ ناوی شیعری‌ی شاعیرێکی کوردی فەیلی بووە کە بە (مەلا نامدار) ناویان بردووە.

نامی: مەنشوور، بەدەنگ و ناو؛ نازناوی شاعیرێکی کوردە؛ چۆڵەچرا.

ناوچیا: ناوی ناوچەیەکە لە کوردستان؛ بریتییە لە ناوچەیێ کە لەمابەینی کێواندا بێ: (**ناوچیا**کان تاشەبەردی گەورەی لێیە).

ناوێر: بەناوبانگ؛ ناونراو.

ناوڕوان: نێوان دوو ڕووبار؛ ناوی چەند ئاواییەکە.

نایری: تیرەیەک بوونە لە کورد لەکۆندا لە تیرەکانی: (لولو، گوتی (جودی)، کاسی، سوبارو، هوری، ماد و کارۆخ).

نەسرەوت: نەسرەو، بزۆز، بێئارام، ڕانەوەستان تا بەدیهێنانی ئامانجێک: (**نەسرەوتن** تا سەرکەوتن دروشممانە).

نەمرووت: ناوی چیایەکە لە سەرووی کوردستان؛ ناوی شارێکی کەونارا بووە لە خواروووی کوردستان ئاسەواری ماوە لەبەر دەستی عارەبان؛ قەڵایەک بووە لە کوردستان؛ ناوی زەریاچەیەکە لە ناوچەی بدلیسی سەرووی کوردستان بەرزییەکەی لەڕووی زەریاوە ٢٢٤٧ مەتر دەبێت.

نەمەل: ناوی دێیەکە لە خواروووی کوردستان.

نەوا: ئاواز، دەنگ و ئاوازە؛ نەک، مەبادا، نەبادا؛ ئەنوا، پەناگا؛ نە بەم جۆرە: (**نەوا** ئەستوور **نەوا** باریک)؛ هێز و تابشت؛ هەوای گۆرانی؛ نوێ، تازە؛ ژن و کیژی جلك ساز و تەیار، کەشخە؛ کچی تازە پێگەیشتوو.

نەور: بریتییە لە دەشتاییەک کە هەرچواردەوری چیا بێ.

نەورۆل: ناوی هۆزێکە لە تیرەی (جاف) پێیان دەڵێن (نەورۆڵی).

نەوزاد: نەوزا، تازەزاو؛ نەوەی تازە.

نەوسود: ناوی شارێکە لە کوردستان. (هەژار)

نەوەز: نەبەز، ئازا و سوارچاکێ کە بە هیچ دوژمنێ دانابەزێ.

نەهری: ناوی ناوچەیەکە لە سەرووی کوردستان کە مشایخی گەورەیان لێ هەڵکەوتووە. سەرکردەی کورد (شێخ عوبێدوڵڵای نەهری) کە خاوەنی بوزتنەوەیەکی کورد بوو (١٨٨٠-١٨٨١) خەڵکی ئەو ناوچەیەیە. ئەو سەرکردە لێهاتووەی کە ڕووس و ئینگلیزەکان بە زۆرە ملێیی قایلیان کرد بە ناوی دیالۆگ بڕواتە ئەستەمبوولّ بۆ وتووێژ لەگەڵ تورکان و هەر بە گەیشتنی خستیانە زیندانەوە.

نەیڤان: بلوێرژەن، نەیژەن، نەیچی.

نیاز: تەما، نیەت، مانا، مەبەست: (**نیاز**م وایە سەفەرێك بكەم)؛ ئاوات، ئارەزوو؛ نەزر، نزر، نەدر: (**نیاز**م لەخۆم گرتووە)؛ خەیاڵ لە كردنی كارێك: (**نیاز**م وایە خانوو دروست بكەم).

نێچیرڤان: نێچیرەوان، نەچیرڤان، ڕاوكەر.

نێری: نەهری، ناوی مەڵبەندێكە لە سەرووی كوردستان؛ بریتییە لە قووڵتر و بەتەوژمتر شوێنی لە ڕووبار؛ حەیوانەكێوی شاخداری نێر؛ بزنی نێری خۆماڵی؛ نێرتك.

نیزۆكی: ناوی دێیەكە نزیك بە دێیەكانی: ویسی، بیانە، دولەگوم، بیترخی، سەرتەنگ، بیخری، خانەڵی و كانی هەنجیر كە كەوتوونەتە بناری چیای (ئاسۆس)ەوە لە خواروی كوردستان.

نیشانی: نازناوی شاعیری بەناوبانگی كورد (مەلای جەزیری)یە؛ چلۆنایەتی شت: (الە مێژە **نیشانی** كردووە).

نیهال: لكی دار، لكی درەخت.

• • •



وازۆڵ: ناوی ئاواییەکە لای عازەبان، گوڵان و قاینجەی سنووری دەربەندیخان لە خواروویی کوردستان.

وان: ناوی شارێکە لە کوردستان. بڵندایی ئەم شارە لەڕووی دەریاوە ١٧٢٥ مەتر دەبێ؛ پسپۆڕ: (ڕازە**وانی** چاکە)؛ کارکەر لە شوێنێ: (دەشتە**وان**)؛ پاشگری ئاگاداری: (گا**وان**، کارە**وان**، باخە**وان**)؛ ئەمان، ئەوان:

کە سۆزی عیشقی **وان** هەردەم پتر بوو
هەموو تاوێکی عومرێکی خدر بوو (هێمن)

؛ بەوجۆرەن، ئاوەهان؛ ناوی زەریاچەیەکە بەرزاییەکەی لەڕووی زەریاوە ١٦٤٦ مەتر دەبێت.

وەسان: ئاوها؛ ماندووبوون، لەکارکەوتن؛ ناوی دێیەکە لە ناوچەی خۆشناوەتی لە خواروویی کوردستان کە بە (شێخ وەسان) ناوداراە:

سەر و قژت بدەرە دەست ئەو باهۆزەی
لە دیرۆکی دەربەندەکەی کوردایەتی مامەڕیشە و (حەمك)ەوە

هەڵیانکرد و بە گەرمیاندا سوڕانەوە
تێکەڵ بە بۆی سمڵی ژنە گەرمیانی و
سۆزی دایکی (حەمەڕەش) بوون... ژن!
تێکەڵ بە هۆرەی دۆڵی جافەتی و
مانگەشەوی (**وەسانان**) بوون.. ژن! (شێرکۆ بێکەس)

وەفا: ئەمەگ، بەینەت.

وەڵاتۆ: وەڵاتە؛ (هەی **وەڵاتۆ وەڵاتۆ** بمرم بۆ تە **وەڵاتۆ**) سەربەندی گۆرانییەکی کوردییە.

وەند: لاوچاک، پیاوچاک: (لە**وەند**)؛ ئەندازە لە شتێ: (ئەوەندەم بوو لە**وەند**یشیان کردم)؛ ئێش، ئازار، دەرد؛ بەند: (بازی**وەند**، کەمە**روەند**)؛ جێگە، وەن: (ئەل**وەند**)؛ لەمەڕ، وتەی پاڵدان: (کاکە**وەند**، سەک**وەند**)؛ خڕبوونەوە، گردەوەبوون، کۆوەبوون: (زەما**وەند**، گۆ**وەند**)؛ پارچە لە گۆرانی؛ ئاوبەند، لەمپەر، سەد، بەند؛ جمگە، جەمسەر، بەندی ئێسقان؛ ئازا، نەترس، بوێر.

وەندە: هەرەوەز؛ خاوەن: (جووت**وەندە**)؛ ئاگادار، وان: (خە**روەندە**)؛ جمگە، ئێسک: (سێ**وەندە**ی پشتم).

ویسی: ناوی دێیەکە نزیکی دێی: (بیانە، دولەگوم، سەرتەنگ، بیخری و بیترخی) کە هەمووبیان کەوتوونەتە بناری چیای (ئاسۆس)ەوە لە خواروی کوردستان.

• • •



هارام: هێدی، هێمن، ئارام، لەسەرخۆ.

هازار: ناوی زەریاچەیەکە لە کوردستان بەرزاییەکەی لەڕووی زەریاوە ١٢٤٨ مەتر دەبێت.

هازبەنی: ناوی تیرەیەکی کوردە لە ناوچەی ئازەربایجان ئەژین.

هامی: ناوی چیایەکە لە ناوچەی قەزای گەچساران کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٧٢ مەتر دەبێت.

هاوتا: هەوتا، هامتا، لنگە، هاوتەک، هەمپا.

هاوخوێن: هەمانخوێن، لە خوێنی یەکتر:

عەشقی تۆ ئەی دایکی خۆم و **هاوخوێنم**
هەر لە پشتی باوکا چووە هەوێنم،
ئەشچێتە خوێنی کوڕ و کوڕەزا
تا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا (گۆران)

هاورا: هاوبیر؛ ڕەفیق، لە بۆچوونداوەکویەک.

هاوڕاز: دۆستی زۆر نزیك.

هاوران: ناوی دەشتێکی پان و بەرینە لە نێوان دەجلە و فورات.

هورمز: خودای چاکە و ڕۆشنایی؛ ئەستێرەی موشتەری، کەرپار.

هوشیان: لقێکن لە تیرەی (میللی) کە (٤٤) تیرەیە و لە ناوچەی دیرسم و قەرجەداغ و عوسمانجق لە سەرووی کوردستان ئەژین.

هۆگان: بریتییە لەو پارچە زەوییەی کە جووتیار بەهێڵ دیاریی دەکا بۆ کێڵان.

همایون: موبارەك؛ ناوی قامێکی کۆنە.

هۆمل: ناوی زنجیرەیەك چیایە لەگەڵ (زەردکە) و (بولفەت) لە خواروی کوردستان.

همێ: هیوا، ئومێد.

هونەر: بەهرە و بەرهەمی هونەرمەند:

ئەگەر جێژنە و ئەگەر کۆڕی **هونەر** بۆ؟

وەها خەمبارە سۆزی سازەکەی تۆ؟ (شەریف)

هەدار: زرینگ، وشیار: (کووچکێ مە زەهف **هەدارە**)؛ هەدا، ئۆقرە؛ بەخت؛ کەسێ بە پارە کۆمەك بە خەڵك دەکا؛ دارایی.

هەراویل: (یایغیت) ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی هەکاری کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٤٨٦ مەتر دەبێت.

هەرتوش: هەرتوشی، تیرەیەکن لە کورد و لە سەرووی کوردستان ئەژین.

هەردن: ناوی دێیەکە لە خواروی کوردستان.

هەریاس: ناوی دوو دێیە لە خواروی کوردستان.

هەژیر: هژیر، هەنجیر، میوەیەکە چەند جۆری هەیە وەکوو، (درهی، هەرکەڤانی، هێکناتی، رژیك، شنگالی، تەفارە و زەرك): (نانکێ **هەژیرا**-نانەهەنجیر).

هەسکیف: ناوی قەڵایەکی کۆنە کە پادشایانی ئەییوبی دروستیان کردووە لە شاری (ماردین) لە دەم چەمی دەجلە لە سەرووی کوردستان ئێستاش هەر ماوە.

هەسنا: ناوی هۆزێکی کوردە لە ناوچەی جەزیرە و بۆتان لە سەرووی کوردستان ئەژین.

هەڤار: هاوار؛ هەوار، زۆزان، هاوینەهەوار.

هەڤدەنگ: خەمڕەوێن، هاودەنگی، هەودەنگ؛ لە بیر و باوەڕدا وەکویەک؛ چەند واتایەکی لێك جیا لەیەك وشەدا.

هەکاری: ناوی مەڵبەندێکی بەرفراوانە لە سەرووی کوردستان کە زۆر پیاوی گەورەی لێ هەڵکەوتووە وەکوو (عیسا هەکاری) کە زانایەکی بەناوبانگ و هەمەکارەی (سوڵتان سەلاحەدین) بووە، یان (شەرەفەدین هەکاری) و زۆری تریش..

هەڵاکۆك: هەڵەکۆك. ناوی گیایەکی بەهارییە لە هەموو جێگایەکدا شیاوی ڕواندنە بە تایبەتی لە کوێستانەکان لە سەرەتای بەهارا ئەڕوێ پرژەکەی وەکو شەنگ ئەخورێ بنکەکەی هەڵئەکەنن توێکڵێکی ڕەشی پێوەیە کە پاکی ئەکەن ناوەکەی لە شیر سپی تر و تامێکی خۆش و شیرینی هەیە بۆ ئەندامی مرۆڤ سوودی زۆرە، لە سەرەتای بەهارا پێ ئەگات لە ژێر بەفریشەوە ئەژێتەوە. چیرۆك و بەسەرهاتی (بەفر و **هەڵەکۆك**) بەناوبانگە.

هەور: مێرگۆڵەی بچووك لە نواڵی چیادا؛ عەور، مژی زۆر بەرزەوەبوو کە بارانی لێ ئەڕژێتە خوار، لە کوردستاندا لە مانگی دێسەمبەر، ژەنیوەری، فێبرووەری و مارسدا پەیدا ئەبێت، ئەمەش بە دەوری خۆی لە ژمارەی کاتژمێرەکانی گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ سەر ڕووی زەوی کەم ئەکاتەوە، ئەم دیاردەیە کار لەسەر بارستایی باران و پلەی گەرما و هەروەها ماوەی ڕووناکی ڕۆژ ئەکات؛ شتێکی زۆر نەرمی کونکونە بۆ دەست و چاو شوشتن

که به‌که‌فی سابوونه‌وه به‌کارده‌هێنرێ؛ گۆمی قوولّ.

هه‌وور: تری، هه‌نگور.

هه‌یده‌ران: ناوی هۆزێکی گه‌وره‌ی کورده له نێوان وان و سقه‌ره‌ك و ده‌رسیم ده‌ژین.

هێزان: هێز، زۆر به‌هێز، به‌تاقه‌ت، به‌قه‌وه‌ت: (زل**هێزان** خۆویستن).

هیوا: هومێد، ئاره‌زوو.

• • •



یاس: تاتەبەرد، بەردی پان و لووس؛ دارگوڵێکی بنچکە، گوڵێکی سپی بچکۆلەی بە هێشو دەگرێ و بۆنی زۆرخۆشە؛ ترس، مەترسی؛ (ئەم ناوە بۆ کچان و کوڕانیش ئەبێ): سم سمی کەرێ چنگ چنگی **یاسێ**/ من لەم مەسەلە سەرم ئەتاسێ ((مەسەل)).

یاسکە: نازناوی شاعیرێکی کۆنی کوردە (یوسف یاسکە) کە شاعیری خان ئەحمەدخانی ئەردەلان بووە، لە ساڵی (١٥٩٢) هاتۆتە دونیاوە و لە (١٦٣٦) لە شاری مووسڵ کۆچی دوایی کردووە.

یالین: (قەڵامەریك) ناوی چیایەکە لە ناوچەی ئوستانی هەکاری کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣١٦٨ مەتر دەبێت.**یەزدان:** خودا، ئێزد، خودێ، هۆمان، خوا، خودانی عالەمێ، باخوێ؛ بینایی چاوان؛ ناوی سەرکردەی کورد (یەزدان شێرۆ) بووە. لە ساڵانی ١٨٥٣-١٨٥٥ وڵاتەکانی ئینگلیز و فەڕەنسا و ڕووسیا بە سێ قۆڵی و بە جیاجیا فشاریان خستە سەر بزوتنەوەچەکداریەکەی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی (یەزدان شیرو) و لەبارچووواندنی

دەوڵەتی کوردی پاشان هەر لەژێر فشاری واندا بەتایبەتی ڕووسیا (یەزدان شێرو) چوو بۆ ئەستەمبوولّ و یەکسەر خستیانە زیندانەوە تا مردن.

یەسپیریز: ناوی چیایەکە لە ناوچەی هەکاری لە سەرووی کوردستان کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٣٦٦٨ مەتر دەبێت.

یەغناغ: بریتی بووە لە ئاهەنگێکی شەوانە کە بۆ کێژ و لاوان سازدراوە و خانوویەکی گەورەیان بۆ ڕازاندۆتەوە بە چراخان، گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن ئامادە ئەبن و ئەیکەن بە شایی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی تا بەیانی.

یەویەک: ناوی دێیەکە لە خواروویی کوردستان.

• • •

کۆتایی

• خوێنەری هێژا.. ئەو ناوانەی لەمەوبەر و لەم پەڕتووکەدا خوێندتەوە تام و بۆ و مۆرکی هەموو ناوچەکانی نیشتمانەکەمانیان لێ دێ. بۆنی گوڵەکانی کوردستان و نەسیمی فێنکی شاخەکان و خورپەی ئاوی زەریاچەکانیان لێ دێ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەمەوێ بڵێم لەوانەیە لەهەندێك شوێن و هەندێك پیتدا ناوەکان زیاتر بن یاخود ڕوونکردنەوەیان بە پێی زاراوەی ئەو ناوچەیە زیاتر بێ ئەمەش لەبەر زیاتر زانیاریزانینی منە، یاخود ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێوەرگرتوون بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەکان.

• لێرەدا دەمەوێ بڵێم سەرەڕای زۆرهەوڵدان بۆ بنبڕکردنی هەڵە لەبەشی یەکەمی فەرهەنگەکەدا، هەر لەهەڵە بەدوور نەبوو. بۆیە لەم بەشەدا لەگەڵ داوای لێبووردن بۆ جێخۆگرتنی ئەو هەڵانە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەم کە بەشی یەکەمی فەرهەنگەکە تووشی هاتووە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بەشی یەکەمیان لەلایە. هاتنەپێشەوەی ئەو جۆرە هەڵانەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆی تەکنیکی و کارنەکردنی بەرنامەکوردییەکە بەشێوەیەکی جێگیر:

لاپەڕە	هەڵە	ڕاستییەکەی
----	----	---------
٢٣٥	شیعری: یادی یاران و...	شیعری شاعیر (هێمن)ە
٢٦٥	سروودی: (ئەی ڕەقیب)	شیعری شاعیر (دڵدار)ە
٢٦٦	شیعری: ٢٧ ساڵە من...	شیعری شاعیر (بێکەس)ە
٢١٠	ئاراس	ئاران، ناوی ڕووبارێکە

ئەم کتێبە بەم ئەدرێسەی خوارەوە بەدەست دەکەوێ:

Sirwan Karvani
Ladugatan 17
702 26 Örebro - Sweden
Tel. 019 - 330706

بۆ دانانی بەشی دووەمی ئەم پەرتوکە کەڵك لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە

١- زمان و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی).

٢- خوێندنەوەی بەسوود (بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی).

٣- کورد: نووسینی ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسکی. د. مارف خەزنەدار کردوویە بە عەرەبی. حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویە بە کوردی.

٤- جنبش‌های کرد از دیرباز تا کنون: م- کاردوخ.

٥- کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی (گۆرانی) گردەکۆیی: شێخ عبدالمؤمنی مەردۆخی. ساغ کردنەوە و سەرەتا نووسینی: ئەنوەری سوڵتانی.

٦- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی (لێکۆڵینەوە): عیززەدین مستەفا پەسوڵ.

٧- گوڵەکانی دۆزەخ: محەمەد حەمە باقی.

٨- ڕاپەڕینی کوردان ساڵی ١٩٢٥ وەرگێڕ: جەلال دەباغ.

٩- بزەی خوێن: هێرش.

١٠- منالی ناو خوێن و ئاو: سلیمان قاسمیانی- کاکە.

١١- ژیانی کوردەواری: نووسینی تۆمابوا. ئاواز زەنگەنە لە فەرەنسیەوە کردوویە بە عەرەبی. حەمەسەعید حەمەکەریم لە عەرەبیەوە کردوویە بە کوردی.

١٢- گژوگیا و ئاژەڵ دانان و نووسینی: میرزا صدیق احمد چنگیانی.

١٣- گۆڤاری ژمارە ٣١- ٣٢ی هەڵەبجە.

١٤- مێژووی کورد و کوردستان: مەردۆخ.

١٥- داب و نەریتی کوردەکان: نووسینی مەلا مەحمودی بایەزیدی. وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە بۆ کوردی: د. شوکریە ڕەسوڵ.

١٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان: نووسینی حامید گەوهەری.

١٧- پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن: نەوشیروان مستەفا ئەمین.

١٨- خولانەوە لە ناو بازنەدا: نەوشیروان مستەفا ئەمین.

١٩- پشتئاشان: قادر ڕەشید.

٢٠- جوگرافیای کوردستان: عەبدوڵا غەفور.

٢١- گۆڤاری کەلەپووری کورد ژمارە (١) نیسانی ١٩٩٢ لە سلێمانی دەردەچێت.

٢٢- بیرەوەرییەکانم: ئەحمەد بانیخێلانی.

٢٣- زەماوەندی فۆلکلۆری کوردستان: ج. کوردۆ.

٢٤- لە بیرەوەرییەکانم: بەرگی ٦، ٧، ٨ کەریمی حیسامی.

٢٥- ئاهەنگی هەرمانی دڵ: عەلی نانەوازادە.

٢٦- ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک: محەمەد حاجی مەحمود.

٢٧- ئاماری کوردستان: عەبدوڵڵا غەفور.

٢٨- نالەی جودایی: هێمن.

٢٩- شیوەنی ئینسانی (بۆ شەهیدانی هەڵەبجە). کۆکردنەوەی: تەنیا.

٣٠- هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کوردی- فارسی): هەژار.

٣١- گۆڤاری کاروان ژمارە ٧٦ حوزەیرانی ١٩٨٩.

Sirwan Karvani

KURDISH NAME DICTIONARY

(second edition)

ISBN 91-971618-2-9
Sweden: 2000

١٨- خولانەوە لە ناو بازنەدا: نەوشیروان مستەفا ئەمین.

١٩- پشتئاشان: قادر ڕەشید.

٢٠- جوگرافیای کوردستان: عەبدوڵا غەفور.

٢١- گۆڤاری کەلەپووری کورد ژمارە (١) نیسانی ١٩٩٢ لە سلێمانی دەردەچێت.

٢٢- بیرەوەرییەکانم: ئەحمەد بانیخێڵانی.

٢٣- زەماوەندی فۆلکلۆری کوردستان: ج. کوردۆ.

٢٤- لە بیرەوەرییەکانم: بەرگی ٦، ٧، ٨ کەریمی حیسامی.

٢٥- ئاهەنگی هەرمانی دڵ: عەلی نانەوازادە.

٢٦- ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک: محەمەد حاجی مەحمود.

٢٧- ئاماری کوردستان: عەبدوڵڵا غەفور.

٢٨- نالەی جودایی: هێمن.

٢٩- شیوەنی ئینسانی (بۆ شەهیدانی هەڵەبجە). کۆکردنەوەی: تەنیا.

٣٠- هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کوردی- فارسی): هەژار.

٣١- گۆڤاری کاروان ژمارە ٧٦ حوزەیرانی ١٩٨٩.

Sirwan Karvani

KURDISH NAME DICTIONARY

(second edition)

ISBN 91-971618-2-9
Sweden: 2000



KURDISH NAME DICTIONARY

(second edition)

Sirwan Karvani

Sweden: 2000
ISBN 91-971618-2-9